# ساڵێک لەگەڵ کیژۆڵەکەم

:

■ ساڵێك لەگەڵ كیژۆڵەكەم

نووسینی: دانا ڕەئووف

بابەت: یاداشتنامە

دیزاینی ناوەوە: ڕێبوار سەدرەدین

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارە (١١٠٦)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

ISBN 978-91-639-3117-8

دانا ڕەئووف

# ساڵێك لەگەڵ كیژۆڵەكەم

## یاداشتنامە

سلێمانی ٢٠١٨

تۆ نازانیت هەوا چییە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەناسە دەدەیت. تۆ نازانیت نووستن چییە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەنوویت. تۆ نازانیت شەو چییە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەشەو ڕادەکشێیت. تۆ نازانیت دڵ چییە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە سنگتدا بە بەردەوامی لێ دەدات، ڕۆژ و شەو، ڕۆژ و شەو، ڕۆژ و شەو.

**کارل ئۆڤە کناوسگۆرد**

پیرەژنێک دێتە لای دەرگاکەوە، دالیا خێرا سەری بۆ بەرز دەکاتەوە، ژنەکەیش بە گۆچانەکەی دەستی ئاماژەیەکی بۆ دەکات؛ دالیا دەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات. من نازانم دالیا مەبەستی چییە؟ بەڵام پیرەژنەکە خێرا زمانی جەستە و ئاماژەکانی دالیا دەخوێنێتەوە، سەیرێکی من دەکات و بە زمانی دالیا دەڵێت:

"نەخێر، من نامەوێت لێرە دابنیشم."

کە ئەم داپیرەیە دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، لەوانەیە بە مێردەکەی بڵێت: (چ منداڵێکی رۆحسووکم دی، بیرتە ئێمە یەکەم منداڵمان بوو! ئەو ڕۆژانەت لە یادە!).

**لە یاداشتەکانەوە**

# سەرەتایەک

لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٠٨ دا، دوای شەش ساڵ پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ «لیسا»ی هاوڕێمدا، کچێکی قژڕەشی چاوشین، هاتە ژیانمانەوە. لەدایکبوونی ئەو کۆرپەیە هەموو ڕەوشی ژیانمانی لە بنەڕەتەوە گۆڕی، لە پڕ خۆمانمان لە بارودۆخێکی جودای ژیانی ڕۆژانەماندا بینییەوە. بۆ یەکەم جار هەستم بە لێپرسراوی بەرامبەر بە ژیانی کەسێکی تر کرد، کەسێک بەبێ یارمەتی من، بەبێ پەروەردەکردن و بەدەنگەوەهاتنی من و دایکی، هەرگیز ناتوانێت بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات.

کە مرۆڤ منداڵی دەبێت و ناچار دەبێت ئەو منداڵە ساوایە پەروەردە بکات، گەشتێکی جیاواز و گەورە لە ژیانیدا دەست پێ دەکات؛ دەبێتە مامۆستای ئەو منداڵە و هەر لە دەستپێکی ژیانەوە فێری هەموو شتێکی دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو منداڵەیش لە زۆر ڕووەوە دەبێتەوە بە مامۆستای ئێمە و زۆر شتمان فێر دەکات. هەر لەم گەشتەدا و لەگەڵ ئەو منداڵە ساوایەدا، ئەو گەشتەی خۆیشمان بەرەو دونیای گەورەکان، بۆ گەورەبوون و بۆ هەموو شتەکانی تر بیر دەکەوێتەوە: دڵخۆشبوون بە شتە بچووکەکان، حەزکردن بە فێربوون وخۆدانەدەستدونیایەکی نادیار. هەر لەم دەروازەیەوە منداڵ پەروەردەکردن، هەر وەک ئەوە وایە،

که تۆ سەرلەنوێ شانسێکی ترت بۆ ژیان پێ بدرێتەوە؛ گەمەکردن، چاوشارکێ، میاو میاو و چوونە دەرەوە و ڕێکردن لەگەڵ هەنگاوە بچووکەکانی منداڵێکدا، گەڕانەوەی خۆمانە بۆ دونیای منداڵی و سەرلەنوێ منداڵبوونەوە. منداڵ ئێمە ناچار دەکات، کە لە ئێستادا، لەم چرکەساتەدا بژین، هەر لەم چرکەساتەیشدا ڕاوەستین، وچانێک بدەین و بە چاوێکی ترەوە سەیری خۆمان و دەوروبەرەکەمان بکەین.

کچەکەمان ناونا (دالیا): ناوێکی کوردی، لە هەمان کاتدا سویدی و ئینگلیزی و ئاسان بۆ سەر زمان و تێگەیشتن.

من و لیسا هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین، کە هەریەکەمان ساڵێک لە ژیانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی دالیا، تا تەمەنی دەگاتە دوو ساڵی، تەرخان بکات، ئینجا بچێتە باخچەی ساوایان. ئێمە هەردووکمان لەو بڕوایە دابووین، کە دالیا، ئەو منداڵە ساوایەی هێشتا ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و قسە بکات، نەک هەر بەشێکی گرینگە لە پێوەندییەکانمان، بەڵکوو بۆتە خودی پێوەندییەکەمان. بوون بە (فەرزەندە)یش شووناسی ژیانمان دەگۆڕێت و دەبێت کار بۆ ئەو شووناسە نوێیەی ژیانمان بکەین.

کە دالیا یەک ساڵی تەمەنی بەسەرچوو، لیسا گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی و ژیانی ڕۆژانەی ڕەوتی جارانی لەخۆ گرتەوە، لە بری ئەو، من وازم لە کارەکەم هێنا، ماڵئاوایم لە هاوڕێ و هاوکارەکانم لە شانۆی (گەل) کرد و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە تا بەدیار ڕۆژەکانی دالیاوە، سەیری هەنگاوەکانی، دارەدارەکەی، نانخواردن، گروگاڵەکەی... بکەم. هەر لەسەرەتایشەوە بڕیارمدا ڕۆژانە یاداشتەکانی ژیانم، ئەم ژیانە تازەیە لەگەڵ دالیا تۆمار بکەم، بەو هیوایەی بتوانم

لە نزیکەوە دالیا بناسم، هەروەها شتێکی تر لە ژیانی خۆم لە دالیاوە فێر ببم. من لەو بڕوایەدام، کە هەست و سۆزی منداڵێک، بوونی منداڵێک بە شێوەیەکی تر ڕووبەرووی ژیانمان دەکاتەوە، ئێمە دەتوانین یان دەکرێت، دایک و باوکی ناوەوەی خۆمان، هاوکات سەرلەنوێ منداڵیی ناوەوەی خۆمان بدۆزینەوە؛ منداڵ ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد، کە چ شتێک لە ژیاندا گرینگە. مامەڵەکردن و بەخێوکردنی منداڵێکی ساوا سەردەمی منداڵیی خۆمانمان لا زیندوو دەکاتەوە و دەگەڕێینەوە بۆ سەر هەمان پێوەندی، هەمان ڕەوشی ژیان، بێگومان لە ڕۆڵێکی تر و نوێ و جیاوازدا. منداڵ و گەورە پێکەوە، لە نزیک یەکترەوە، بە تەنیشت یەکترەوە گەورە دەبن. من لە ماوەی ئەو ساڵەدا بە شێوەیەکی تر چوومە تەمەنەوە، بە شێوەیەکی تر گەورە بووم، بە شێوەیەکی تر لەخۆم گەیشتم و سەرلەنوێ لە منداڵیی خۆمدا ژیامەوە.

کە، لەگەڵ دالیا دەبووم، بەبێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم، ئەو شتانەی دەیانڵێم، تەنها بە منداڵی گوتومن. کە بەدیار دالیاوە دەبووم، هەستم دەکرد لە هەمان بارودۆخی منداڵیی خۆمدا دەژێمەوە، بێگومان ئێستا رۆڵێکی ترم هەیە: باوکم.

ئەم یاداشتانە بەشێکن لەو گەشتە، ئەم نووسینە بەشێکە لە من لە دەرەوەی شانۆوە، لە دەرەوەی خەون و هیوا هونەرییەکانمەوە، تەنانەت لە دەرەوەی کەسایەتیشمەوە، بەڵام بە هەموو شێوەیەک نووسینێکە لە ناوەوەی خۆمدا، لە هەستێکی قووڵی ئاگاییمەوە، کە بە هەموو شێوەیەک بۆتە بەشێکی گرینگی ژیانم لەناو شانۆ و نووسین و خەون و هیواکانمەوە.

**دانا ڕەئووف**

**٢٠١٣/١/١٥**

٨/١٧
ستۆکهۆڵم

کۆتایی هاوین

تازە لە خەو هەستاوین، بەڵام هێشتا خەو بە تەواوی منی بەرنەداوە، هەست بە ماندوویێتی دەکەم، تیشکی ڕۆژەکە هاتۆتە ژوورەوە و چەندان وێنە و فیگوری لەسەر دیوارە سپییەکانی ژوورەکەمان دروست کردووە. لە پەنجەرە گەورەکانی بەرامبەرمەوە دەڕوانمە دەرەوە، چەند منداڵێکی بچووک لەگەڵ دایک و باوکەکانییان، لە پارکەکەی بەرامبەرماندا گەمە دەکەن، هەموو شتێک ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە.

ئەوەی لەم چرکەساتەدا ئاسایی نییە، منم! تەمەنم چلوپێنجی تێپەڕاندووە، بە تەنها لە ژوورێکی گەورەدا دێم و دەچم و لە پەنجەرە گەورەکانەوە لە ئاسمان دەڕوانم. منداڵێکی بچووکم لەگەڵدایە، دارە دارەی بۆ دەکەم، گۆرانی بۆ دەڵێم و بەم بەیانییە جەستە ماندووەکەمی لە بیربردوومەتەوە؛ کچێکی بچووک، تەمەنی تەنهاساڵێک و چەند هەفتەیەکە. من باوکی ئەوم. ئەم باوکایەتییە چەندە دڵخۆشی کردووم، هێندەیش شپرزە.

دالیا دەگرمە باوەشم، لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستم و ئەویش لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسۆیەکی دوور دەکات

و به هێمنی پەنجەکانی دەستی دەجووڵێنێتەوە. تەماشایەکی سیمای دەکەم، نازانم بیر لە چی دەکاتەوە و چی لە ئاسماندا دەبینێت، کە من نایبینم؟

ئەمە یەکەم ڕۆژمە لەگەڵ دالیا، بە تەنها لە ماڵەوەین. هەتا ساڵێک لە دەرەوەی هەموو پێوەندییەکانەوە، لە دەرەوەی هەموو کارێکی شانۆییەوە، بە تەنها لەگەڵ بوونەوەرێکی بچووکی یەکساڵیدادەبم و دەژیم. ساڵێک و دوو هەفتە لەمەوبەر، ڕێک لەو ئێوارەیەی دالیا تازە لەدایک بووبوو، من تێگەیشتم، کە پێویستە ڕەوتی ژیانی خۆم بگۆڕم. «من»ێکی ترسنۆک بە دونیای ئافرەت، نەک هەر بیرم لە منداڵ دروستکردن نەکردبووەوە، بەڵکوو نەم ویستوە لەگەڵ هیچ ئافرەتێک تا سەر بمێنمەوە. وەک گەڕیدەیەک دەژیام و هەمیشە ماڵئاوایم لە عیشقێکی بێ هیوا دەکرد، تا لەگەڵ کەسێکی تردا، بکەومەوە ناو عەشقێکی تری بێ هیواوە. ئێستایش کتوپڕ، بە تەنها لەگەڵ دالیام و دەبێت خواردنی بدەمێ، بینووێنم، پاکی بکەمەوە، بیشۆم و جلەکانی بگۆڕم.

لەبەر ئاوێنەکەدا وەستاوم، دەم و چاوم دەشۆم، دالیا بەدیارمەوە وەستاوە و تەماشام دەکات، پێدەکەنێت و هەندێک جار چەپڵەم بۆ لێ دەدات. ئەمە یەکەمجارمە لە ژیانمدا، کە دەم و چاو دەشۆم و چەپڵەم بۆ لێ دەدرێت. دەستە بچووکەکانی دەگرم و لە حەمامەکە دێینە دەرەوە، پێ دەکەنم، نازانم بەچی؟ دەچینەوە بەر پەنجەرەکە، بارانێکی نەرم دەبارێت و دالیا پەلەیەتی بچینە دەرەوە.
به هەنگاوەکانی دالیا ڕێ دەکەم، دەچینە پارکە بچووکەکەی

بەردەمی دەرگایماڵەکەمان، بۆنی باران دێت، هەواکەی خۆشە و تیشکی ڕۆژەکە بێ هێزە. پارکەکە پڕە لە منداڵی ساوا، جگە لە من باوکێکی تریشی لێیە، ئەگینا هەمووی دایکن و بە دوای منداڵەکانیاندا ڕادەکەن، یان شیرەخۆرەن و یەکێک لە مەمکەکانیان دەرهێناوە و شیر دەدەن.

دالیا لە باوەشمدا خەوی لێکەوتووە، دەمەوێت بیخەمە سەر جێگاکەی خۆی، بەڵام ناتوانم بەرز ببمەوە، ناشمەوێت خەبەری بکەمەوە، هەر وەک ئەوە وایە بەشێک بم لە دیمەنێکی کۆمیدی، نە دەتوانم بەرزببمەوە، نە دەتوانم دالیا بجووڵێنم و نە دەشتوانم قاچەکانم بجووڵێنم. هەست دەکەم لە یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەی باوکایەتیم دا دەرنەچووم.

٨/١٨

ستۆکهۆڵم

کە بە عەرەبانەکەی دالیاوە دەچمە دەرەوە، دونیا بە تەواوی لەبەر چاوم دەگۆڕدرێت، خەڵکی بە شێوەیەکی تر مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دروست دەبێت: ژن و پیاو، تەنانەت کوڕی گەنجیش دێنە پێشەوە، هەندێک جار سەریان بەسەر عەرەبانەکەیەوە شۆڕ دەکەنەوە و دەڵێن «ئۆی کە شیرینە، تەمەنی چەندە، کچە جوانەکە ناوت چییە» دالیایش لەم ڕووەوە بێئومێدیان ناکات و دەیەوێت قسە لەگەڵ هەموو کەسێک بکات، جاری وەهایە لەوە دەچێت بڕیاری ئەوەیشی دابێت کەسێک هەڵبژێرێت و وای لێ بکات ئەو کەسە بۆی پێبکەنێت، یان بێتە پێشەوە و قسەی لەگەڵ دا بکات.

دالیا، کە لەسەر عەرەبانەکەی دادەنیشێت چاوەکانی بە هەر چوارلادا دەگێڕێت، هەرچییەکی بکەوێتە بەرچاو، هەڵوەستەیەکی لەسەر دەکات و دەشیەوێت ئەو شتانەی دەیان بینێت پیشانی منیان بدات؛ چۆلەکەیەکی بچووک، سەگێک، منداڵێکی تر، شەمەندەفەری سەر شەقامەکان... دەستە بچووکەکانی بەرز دەکاتەوە، بە سیمایەکی پڕ لە خەندە و خۆشییەوە، وەک ئەوەی نهێنییەکی گەورەی دۆزیبێتەوە، هاوار دەکات (تە، تە، تە)، کە شتەکەیشم پیشان دەدات، دەکەوێتە چەپڵە لێدان.

دەچینە شەمەندەفەرەکەوە تا سەردانێکی دایکم بکەین، دالیا سواری شەمەندەفەری پێ خۆشە و بە هەر چوار لادا بە وردی سەیری خەڵک دەکات، ئەوەتا چاوەکانی بڕیوەتە کچێکی گەنجی قژڕەش. بۆی پێدەکەنێت، دەستەکانی بە هەوادا بەرز دەکاتەوە و بۆ ئەوەی سەرنجی کچەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، پەتووە بچووکەکەی دەستی فڕێ دەداتە خوارەوە. کچەکە بە پێکەنینەوە وەڵامی دەداتەوە، پەتووەکەی بۆ هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتەوە باوەشی.

ژنێکی پیر دێتە لای دەرگاکەوە، دالیا خێرا سەری بۆ بەرز دەکاتەوە، ژنەکەیش بە گۆچانەکەی دەستی ئاماژەیەکی بۆ دەکات؛ دالیا دەیەوێت قسەی لەگەڵ دا بکات. من نازانم دالیا مەبەستی چییە؟ بەڵام ژنە پیرەکە خێرا زمانی جەستە و ئاماژەکانی دالیا دەخوێنێتەوە، سەیرێکی من دەکات و بە زمانی دالیا دەڵێت:

«نەخێر، من نامەوێت لێرە دابنیشم.»

کە ئەم داپیرەیە دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، لەوانەیە بە مێردەکەی بڵێت: (چ منداڵێکی رۆح سوکم دی، بیرتە ئێمە یەکەم منداڵمان بوو! ئەو ڕۆژانەت لە یادە!).

لە چاوەڕوانیی پاسەکەدا لە عەرەبانەکەی دایدەگرم، خێرا دەکەوێتە ڕاکردن بە دوای ئەو کۆترانەدا، کە لە تەرمینالّی پاسەکاندا نیشتونەتەوە، کۆترەکان دەترسن و دەفڕن، دالیا ڕادەوەستێت و بە تێڕامانێکی پرسیارئامێزەوە سەیرێکی من دەکات. کۆترێکی تر لە نزیکییەوە دەنیشێتەوە و دەنووکەکانی دەکێشێت بە ئەرزەکەدا و بۆ شتێک دەگەڕێت بیخوات، دالیایش خێرا بەرەو ڕووی ڕادەکات، بەڵام ئەویش دەفڕێت و دالیا سەرلەنوێ چاوە پڕ لە پرسیارەکانی دەبڕێتەوە ئاسمان و سەیری ئاڕاستەی فڕینی کۆترەکە دەکات.

دەگەینە لای دایکم. لەبەر ئەوەی دایکم لێرە دەژی، دەمانەوێت دالیا پێوەندییەکی گەرم و کوردانەی بە دایکمەوە هەبێت. دالیایش بە باشی دایکم دەناسێتەوە و دەزانێت ئەوە کەسێکی نزیکە لەوەوە، بە هەموو شێوەیەک، بە زمانی جەستە و سیمای دەم و چاو و ئەو دەنگانەی، کە بۆ قسەکردن بەکاریان دەهێنێت، دەیەوێت لەگەڵ دایکم بدوێت.

٨/١٩
ستۆکهۆڵم

بە پێوە لە ژێر دووشەکەدا ڕاوەستاوم، ئاوەکە بەخوڕ بە هەموو جەستەمدا دێتە خوارەوە، دالیایش بە دیارمەوە ڕاوەستاوە و پێ دەکەنێت، هەندێک جار دەیەوێت ئەویش بە جلەکانییەوە بێتە ژێر دووشەکەوە. بە دەستێک خۆم دەشۆم و بە دەستەکەی ترم دالیا لە خۆم دوور دەخەمەوە، بەڵام ئەو دەستی هەر ڕادەکێشێت و چنگە بچووکەکانی پڕ دەکات لە ئاو. ناچار دەستوبرد دەکەم، ئاوەکە دەگرمەوە و

خۆم وشک دەکەمەوە، دالیایش چەپڵەم بۆ لێ دەدات، وەک ئەوەی سەرکەوتنم لە پێشبڕکێی مەلەدا بە دەست هێنابێت.

دالیا هەر وەک لیسا شەیدای ڕووبار و ئاو و مەلەکردنە، کە دەریاچەیەک دەبینێت ڕێک دەیەوێت بەرەو ناو ئاوەکە بڕوات، ئەگەر ئێمەیش بەرەو ئاڕاستەیەکی تر بڕۆین، توڕە دەبێت و دەیەوێت بەرەو ئاوەکە بگەڕێتەوە. بە پێچەوانەی لیسا و دالیاوە، من حەزم لە مەلەکردن و کەناری دەریاچە و خۆدانە بەر تیشکی خۆر نییە، بەڵام حەزم لە دەنگی ئاو و شەپۆلی دەریاکانە. دیمەنی ئەو شەپۆلانەی، کە وەک فەرشێکی لوولدراو، بە هێواشی بەرەو کەناری دەریاکان دەکرێنەوە، هەستی خۆشەویستی و ئامێزی ئافرەتم بیردەخەنەوە.

لە پارکەکەی نزیک ماڵی خۆمان گەمە دەکەین، دەڕۆینەوە بۆ گوێ ئاوەکە و دواتریش لە پارکێکی تردا، لەگەڵ چەندان دایک و باوکی تردا دەگیرسێینەوە. زۆرجار وەک فرۆشیارێکی گەڕۆک، بە عەرەبانەکەوە، بۆ ئەوەی دالیا خەوی لێ بکەوێت، لەم پارکەوە بۆ ئەو پارک و لەم گەرەکەوە بۆ ئەویتریان، لەم شەقامەوە بۆ شەقامێکی تر، بەبێ پلان دەڕۆم و لە چوار دەوری خۆم ورد دەبمەوە. ڕۆژگارەکان جوانن، زۆر شتیان تێدایە، کە من خۆشم دەوێن و حەزیان لێ دەکەم و مەودایەکی تریان بۆ ژیان پێ بەخشیووم.

مرۆڤ بەشێکە لە کۆی مرۆڤایەتی و دونیا، ئێمەیش بەشێکین لەو کەسانەی چیتر لە ژیاندا نەماون و لەوانەیشی، کە دێنە ژیانەوە. دوای ئەوەی دالیا لەدایک بوو، ئەم شتەم

زیاتر بۆ ڕوون بووەوە. دەتوانم ئەو لێکچوونانە لەنێوان دالیا و ئەو کەسوکارانەمدا، کە ئێستا لە ژیاندا نەماون، ببینم، هەروەها لیسا لە کەسوکارەکانی خۆیدا دەیانبینێت. من ئێستا بیر لەو ئایندەیەیش دەکەمەوە، کە منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبمە باپیرە، بیر لەوە دەکەمەوە، کە ژیانی ئەوان چۆن دەبێت. هەرگیز ئێمە ناتوانین خۆمان لە دونیا و لە ساتەوەختەکانی ئێستامان بدزینەوە.ڕۆژێک لە ڕۆژان دالیایش مندالّی خۆی دەبێت و ئەم سووڕی ژیانە، سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە.

٨/٢٦

ستۆکهۆلّم

لە خەونمدا لە بەغدا دەسوڕێمەوە، بزر دەبم و شوێنەکان ناناسمەوە، بەلاّم دەزانم دەمەوێت بۆ کوێ بچم، بەناو کەلاوەیەکدا دەڕۆم، لە هەمان کاتدا هەولّ دەدەم لەناو خەونەکەدا خەونێکی ترم بێتەوە یاد، کە لەوەوبەر دیوومە. لە پڕ دوو سەرباز دەبینم، لە سەربازەکان دەپرسم، ئەوان پێم دەلّێن، کە پێویستە بچمە سەر پردەکە، لە پڕ پردێکی بەرز، مۆدێرن و دوور لەو شوێنەوەی لێی ڕاوەستاوم دەبینم. بیر لەوە دەکەمەوە چۆن بچمە سەر ئەو پردە، سەربازێکی تر لە هیچەوە، هەروەک قارچک، دەردەکەوێت، لێم دێتە پێشەوە و شتێکی لە من دەوێت، بەلاّم من نازانم شتەکە چییە، لە هەمان چاوتروکاندندا بزر دەبێت و بەخێرایی لە چاو ون دەبێت.

بە بۆنی عەترێکی تیژ خەبەرم دەبێتەوە، بەرەبەیانییە و ئارەقەیەکی زۆرم کردۆتەوە، لیسا خەریکی خۆئامادەکردنە

و بە ڕێگاوەیە بۆ سەر کارەکەی، دالیا نووستوە و منیش هەرچۆنێک بێت لە جێگاکەم دێمە دەرەوە. لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، بارانێکی سارد بە باوە دەبارێت، پارکی یاری کردنەکەیش چۆڵ و هۆڵە، جۆلانەکان بەهێزی ڕەشەباکە، وەک ئەوەی دەستێکی نهێنی بیان جووڵێنێتەوە دێن و دەچن. بارانەکە زیاتر و زیاتر چڕ دەبێتەوە، سەیرێکی ئاسمان دەکەم، ڕووناکیی تیا نییە و ڕەنگەکانی تۆخ دەبنەوە، تاریکییەکە ئەستوورتر و ئەستوورتر دەبێت، تا لە پڕ و بە تەواوی لە ڕەشێکی تۆختردا بزر دەبێت.

چایەک لێدەنێم، بەرلەوەی بەرچایی بخۆم دالیا خەبەری دەبێتەوە، خۆم دەنووشتێنمەوە بەسەر جێگاکەی دا، کە دەم و چاوم زیاتر لێی نزیک دەکەمەوە، بۆنێکی خۆش دێت بەسەرمادا، دالیایش قاچ و دەستەکانی لە هەوادا دەجووڵێنێتەوە، هێواش هێواش هەردوو دەستم دەخەمە ژێر پشتییەوە و بەرزی دەکەمەوە، توند دەینووسێنم بە سنگمەوە و دەستێکیشم دەخەمە ژێر مل و دەستەکەی تریشم دەگرم بە پشتی سەرییەوە. بە هێمنی هەناسە دەدات و ڕوومەتی دەنێت بە سنگمەوە، دەیهێنمە دەرەوە و هەست دەکەم برسییەتی، شیری دەدەمێ و دواتر دەچینە دەرەوە. لە عەرەبانەکەیدا بەبێ دەنگ دانیشتوە و چاوی بڕیوەتە بەردەمی خۆی، من لەو بڕوایەدام، کە ئەویش ئەم ڕۆژە باراناوییە تەڕ و تاریکەی بە دڵ نەبێت.

### جیهانێک لە مینیاتری

دوای نیوەڕۆ، هەر چۆنێک بێت ڕۆژەکە لە پشتی هەورە ڕەشەکەوە دێتە دەرەوە و ئاسمان پاک دەکاتەوە، پرچی ئایشێ و فاتمەیش بە شێوەیەکی کەوانەیی بە ڕەنگی پەمەیی، شین و زەرد ئاسمان دەڕازێنێتەوە. دالیا دەخەمە عەرەبانەکەیەوە و دەڕۆین بۆ ناو شار و لە ماڵی کولتووری دەگیرسێینەوە، لەوێ ژوورێکی تایبەت بە ناوی (ژوورێک بۆ منداڵان) چێکراوە. لە هۆڵێکی ئێجگار گەورەدا، کۆمەڵگەیەکی فەنتازیئامێزییان دروست کردووە، جیهانێکی ئێتوبی، شتێک لە چەشنی کۆمارەکەی ئەفلاتون، بەڵام تایبەت بە منداڵان و گەورەکانیش لە پەراوێزی ئەم کۆمەڵگەیە دا تەنها چاودێرن و منداڵان دەسەڵاتدارن و هەر ئەوانیش لە چەقی ڕووداوەکاندان.

ژوورەکانی ئەم جیهانی منداڵانە، وەک ڤارگۆنی شەمەندەفەر یەکتری تەواو دەکەن: مەتبەخ، ژووری دانیشتن، کولانە، ژووری کار و وێنەکێشان، ژوورێک بۆ خوێندنەوە، کتێبخانە، گەلەری، ژووری حەوانەوە، ژووری گەمە، ژووری چاوشارکێ، ژووری مۆسیقا، ژووری خۆگۆڕین و ژوورێکیش بۆ حیکایەت و گێڕانەوەی سەرگوزشتە. هەموو ئەم جیهانە لە دید و فەنتازیای منداڵانەوە دروست کراون. شوێنەکە پڕە لە منداڵ، بەناو ئەو پانتاییە گەورەیەدا، بەناو ژوورەکاندا ڕادەکەن و لە گەمەیەکی بەردەوامدان؛ هەندێکیان کتێب دەخوێننەوە، هەندێکی تر ڕۆڵی ئاژەڵ دەبینن و وەکوو پشیلە دەچنە ژووری چاوشارکێکەوە. ئەتمۆسفێرێکی خۆش و گەمەئامێز هەموو پانتایی شوێنەکەی داگیرکردووە.

داليا، وەک ئاژەڵێکی کێوی لە دەستم ڕادەکات، ڕێک دەچێتە ژوورەکەوە و دەست دەکات بە گەمە، لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور، بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوێت، خۆی دەکات بە ژێر مێزەکاندا، لە خۆشیدا شتی دەستی منداڵەکانی تر دەڕفێنێت، دەست دەهێنێت بەسەری منداڵی لە خۆی بچووکتردا و چەپڵە لێ دەدات و دەیەوێت قسە لەگەڵ منداڵەکاندا بکات.

ئەم شوێنە، وێنەی جیهانی گەورەکانە بە هەموو وردەکارییەکییەوە، بە هەموو شپرزەیی و پشێوییەکییەوە، بەڵام بە بچووکراوەیی و بۆ منداڵان، ئەمە کۆپییەکە لە ژیانی ئێمە و منداڵەکانمانی تیا پەروەردە دەکەین. ئێمەی گەورە هەر لەسەرەتاوە جیهانێکی جەنجاڵ و شپرزە بۆ منداڵەکانمان، لەم کۆمەڵگە پۆستمۆدێرنەدا دروست دەکەین و لەسەر ئەو شێوازەی ژیان ڕایان دەهێنین.

٨/٣١

ستۆکهۆڵم

ئەم چەند ڕۆژە بە تەواوی لەگەڵ داليا لە ژیانی تایبەتی چەندین ساڵەی خۆم دابڕاوم، بۆ چاوتروکانێکیش بە تەنیا نیم، داليا وەک سێبەرێک بە دوامەوەیە و هەمیشە پێکەوەین، هاوکات تەنیام و لە داليا زیاتر کەسی تر نابینم، کە بەیانیان دەمەوێت دەست بە ئاو بگەیەنم، یان خۆم بشۆم، داليا بە تەنیشتمەوە دەوەستێت، قسە دەکات، ئاماژە بۆ شتەکانی چواردەوری خۆی دەکات، پێ دەکەنێت و دەیەوێت هەموو جەستەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ من لە پێوەندییەکی هەمیشەیی و بەردەوامدا بێت.

هەرگیز لە ژیانمدا بەم شێوەیە لە ژێر چاودێریدا نەبوومە، ئەگەر ئەمە بە «چاودێری» ناوزەد بکرێت، هەرگیز بەم چەشنەیش، شەو و ڕۆژ لەگەڵ هیچ کەسێک ئاوا نە ژیاوم، هەر ئافرەتێک، کە لەگەڵم دا ژیا بێت، یان پێوەندی و مامەڵەیشم لەگەڵ دایک، خوشک، برا و هاوڕێ؛ هەرگیز نەیانتوانیوە بەم چەشنە و هێندەی دالیا لێم نزیک ببنەوە، هێندەی دالیا ژیانم داگیر بکەن و بە تەواوی لە دەرەوەی چەمکەکانی کات و شوێن و تەنانەت سەربەستی و ئازادی... هتد دوورم بخەنەوە. ئەمە ڕەوشێکی تایبەتە لە ژیانمدا، بارێکی پڕ لە خۆشەویستی و پێوەندییەکی ڕەها و جیاوازە. من هەر وەک دالیا ڕۆژانە ژیان بە چاوێکی ترەوە، بە چاوی منداڵێکی بچووکی یەکساڵانەوە دەبینم، هەروەک ئەوەی، سەرلەنوێ شتەکان بدۆزمەوە و پەردە لە ڕووی نهێنییەکان هەڵماڵم. من لەو بڕوایەدام، دالیایش لەوە گەیشتوە، کە من منم و ئەونیم، هاوکات دایکیشی من نییە.

لەوانەیە بۆ من ئەم ژیانە تازەیە مۆنۆتۆن و هەندێک جار بێزارکەریش بێت؛ بە درێژایی شەو و ڕۆژ ژیان لەگەڵ منداڵێکی ساوادا بەریتە سەر، لەگەڵ ئەوەیشدا، حەز دەکەم لە هەندێک لە ساتەوەختە خۆش و پڕ لە خەندەکان دا، ژیان لەگەڵ ئەو ساوایەدا بوەستێت.

لە پارکەکە یاری دەکەین، هێندەی دالیا چێژ لەو یاریکردنە وەردەگرم و هەست دەکەم منداڵ بوومەتەوە، زۆربەی منداڵەکانی تر و دایک و باوکەکانیان دالیا دەناسنەوە، منیش بۆ خۆم سووکە ئاشنایەتییەکم لەگەڵ زۆریان پەیداکردووە. دالیا لەگەڵ منداڵەکانی تر دەچێتە ناو سندوقی لمەکەوە،

کۆشک و فیگوری تر و ئاژەڵ و باڵندە دروست دەکەن، لە یەکتری تێک دەدەنەوە و سەرلەنوێ دروستی دەکەنەوە.

هەوایەکی سارد هەڵیکردووە، لەگەڵ ئەوەیشدا تاو تاو ئارەقە دەکەمەوە، دالیایش خەریکە بێزار دەبێت، ئاو بە کونە لوتە بچووکەکانیدا دێتە خوارەوە و بەبێ هیچ بەرهەڵستیکردنێک دەڕۆینەوە بۆماڵەوە.

هەندێک جار نازانم دالیا چی دەوێت، لە زمانی جەستە، یان گروگاڵ و گریانەکەی تێ ناگەم و ناشتوانم زمانە تایبەتە ئاماژەئامێزەکەی، کە پڕە لە کۆدی نهێنی، بخوێنمەوە، بە پێچەوانەوە، کە دالیا تەمەنی تەنها چەند مانگێک بوو، لیسا زۆر لە من باشتر لە گریان، قیژە و کروزانەوە و تەنانەت لە جووڵەی جەستەی دەگەیشت. لەوانەیە، ئەمەیش هەستێک بێت پێوەندی بە دایکایەتییەوە هەبێت و تەنها دایکەکان دەزانن منداڵەکانییان چییان دەوێت.

دالیا خەوی لێ دەکەوێت، بە فرسەتی دەزانم و خێرا ئەو باسەی، کە لەوەوبەر بە سویدی لەسەر سەفەرێکی خۆم بۆ وڵاتی (چین) نووسیومە، دەهێنمە دەرەوە، دەیکەم بە کوردی و ئاوڕێکیش لەو ڕۆژانەی ژیانم دەدەمەوە، بە تایبەتی، کە لە چین، یان ڤێتنام و کوبا بووم و بە هیچ جۆرێک بیرم لەوە نەدەکردەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵ دروست بکەم.

کات بە خێرایی تێدەپەڕێت، لە چین دەگەڕێمەوە و سەیرێکی کاتژمێرەکەی بەردەمم دەکەم، دالیا دوو کاتژمێرە نووستوە و نایەوێت خەبەری بێتەوە.

٩/١٠
ستۆکهۆڵم
سەرەتای پایز
ماوەیەکە بەهۆی کارەکەمەوە، کە ناچاربووم بگەڕێمەوە بۆ شانۆی گەل لە دالیا دابڕاوم. ئێستایش، دوای گەڕانەوەیەکی کاتیم سەرلەنوێ، هەردووکمان بە تەنها پێکەوەین، شانۆنامەی بۆ پێشکەش دەکەم!

شانۆیەکی تەواو ڕاستەقینە، تەنانەت بە پەردەیشەوە!

دالیا لەسەر کورسییە بەرزە تایبەتەکەی خۆی لە حەمامەکە دادەنێم، خۆیشم دەچمە ژێر دوش و پشت پەردەی بانیۆکەوە؛ سەرەتا پەردەکە دادەدەمەوە و خۆم لە پشتەوە دەشارمەوە، بە دەم دەکەومە مۆسیقاژەنین و بە خێرایی پەردەکە لادەدەم، وەک لێبوکێک دەکەومە سەما، چاوشارکێ، جووڵەی جەستە و یاریکردن بە دەنگ و هەڵبەز و دابەز. دالیا لە دڵەوە پێ دەکەنێت، چەپڵەم بۆ لێ دەدات و دەیەوێت نەمایشەکەی بۆ دووبارە بکەمەوە.

دالیا، کە دەبینێت خۆم دەگۆڕم، خێرا دەڕوات و پێڵاوەکانی دەهێنێت، دەکەوێتە غەڵبەغەڵب کردن و ئاماژە بۆ دەرگاکە دەکات و دەیەوێت خێرا بچینە دەرەوە. کاتێک من پێڵاوەکانم لە پێ دەکەم، ئەو لە خۆشیا هاوار دەکات، چونکە دەزانێت کاتی چوونە دەرەوە نزیک بۆتەوە.

دەچین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، لەوێ چاوەڕوانی میوانێک دەکەین، بەڵام میوانەکەمان دوادەکەوێت و منیش ئەو فرسەتە دەقۆزمەوە تا لەگەڵ دالیا لە هۆڵە گەورەکەی چاوەڕوانی و هاتن و چوونی گەشتیارەکاندا، یاری بکەین.

هەر لەناو هۆڵی چاوەڕوانییەکەدا، پانتاییەکیان بە فەرشێکی سەوز جیاکردۆتەوە، ڕووبەرە سەوزەکە لە چیمەنێکی جوان دەچێت و دالیا بە هەموو شێوەیەک خۆی تیا دەنوێنێت.

دواجار میوانەکەمان دەگات، هێندە دواکەوتوە پەلەیەتی و ئەو بوارەیشمان بۆ نارەخسێت، تۆزێک پێکەوە بین، لەوە دەچێت فریای شەمەندەفەرەکەی، کە بەرەو ئۆسلۆ دەڕوات، نەکەوێت، لەبەر ئەوە بە خێرایی چەند وشەیەک دەگۆڕینەوە و بە جانتاکەیەوە بەرەو هێڵە دیاریکراوەکەی شەمەندەفەرەکەی دەڕوات، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا، هەروەک ئەوەی دەرگایەکی بەهەڵە کردبێتەوە، هەرزوو بە شپرزەییەوە دەگەڕێتەوە. سەیرێکی تابلۆ گەورەکەی کاتی هاتن و چوونی شەمەندەفەرەکان دەکاتەوە، ئەمجارە بەرەو ئاڕاستەیەکی تر ڕادەکات و لەناو گەشتیارەکاندا بە تەواوی بزر دەبێت.

دالیا برسییەتی، کاتی نانخواردنییەتی، بەڵام لەبیرم چووە و هیچ خواردنێکم لەگەڵ خۆم نەهێناوە، بە خێرایی سەیرێکی تری ناو جانتاکەی دەکەم و هیچی تیا نادۆزمەوە! دالیا هاوار دەکات، دەزانم برسییەتی.

هەست دەکەم، کە باوکێکی فاشیلم!

دالیا ماندووە، چاوەکانی هەڵدەگلۆفێت، بە دەم گریانەوە باوێشک دەدات، دەیخەمە ناو عەرەبانەکەی و بەخێرایی ڕێدەکەم بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بکڕم، فریاناکەوم و بە برسێتی خەوی لێ دەکەوێت.

دەگەینەوە بۆ ماڵەوە، خەبەری دەکەمەوە، ڕوومەتەکانی گەرم داهاتووە، قژە پڕەکەی بە ئارەقەی سەرینەکەی تەڕبووە و چاوەکانی بۆ بەرز ناکرێتەوە. سەیرێکم دەکات

و زەردەیەک دەیگرێت و دەیەوێت شتێک بڵێت، سەری دەخاتەوە سەر شانم و خەوی لێدەکەوێتەوە. برسێتی شەکەتی کردووە. خواردنەکەی دەکەم بە دەمەوە، بە تەواوی وریا دەبێتەوە و برسێتیەکەی دەشکێت و دەیبەم و لای خۆمەوە لەسەر کورسی هۆڵەکە دایدەنێم.

لە پارکی یاریکردنەکە دێینە دەرەوە، کورێکی بچووک، تەمەنی هەر پێنچ یان شەش ساڵێک دەبێت، لێمان دێتە پێشەوە و سەیری دالیا دەکات، ڕوو دەکاتە من و دەڵێت:

«منداڵەکەت هەر زۆر جوانە، کچە وانییە؟»

لەبەردەمی ئەو کوڕە خنجیلانەیەدا دادەنەوێمەوە، سەیرێکی سیما بێگوناهەکەی دەکەم و سەیرێکی دالیایش دەکەم، کە بە ئارامی لەسەر عەرەبانەکەی دانیشتوە، ئینجا دەڵێم:

«ئا، ئەو کچێکی شیرینە، تۆیش کورێکی هەر زۆر جوانیت.»

کە وا دەڵێم دەست دەکات بە پێکەنین و سەیرێکی تری دالیا دەکات و بەبێ ئەوەی هیچیتر بڵێت، دەڕوات.

٩/١٢

ستۆکهۆڵم

بەیانی زوو، بەر لە کازیوە و بەر لەوەی ئێمە خەبەرمان بێتەوە، دالیا لە خەو هەڵدەستێت، بە خشپەیی دێتە نێوانمانەوە و بە توندییەوە خۆی بە سنگی لیساوە دەنووسێنێت و قاچەکانی بۆ لای من ڕادەکێشێت. خەبەرمان دەکاتەوە و من و لیسا، لەنێو جێگا گەرمەکەماندا

هێندەی تر لەو بەرەبەیانییەدا، لە یەکتر نزیک دەکاتەوە.

لەو ڕۆژەوەی مێردمنداڵێک بووم، باوکم کۆچی دوایی کرد، بیر لە مەرگ دەکەمەوە و زۆرجار بە شێوەیەک لە شێوەکان ژیان لە دەروازەکانی مەرگەوە دەبینم، مەرگ ئامادەگییەکی بەردەوام و هەمیشەیی لە ژیانمدا هەیە و بە قووڵی بیری لێ دەکەمەوە. بێگومان لە نهێنییەکانی مەرگ نەگەیشتوم، ناشگەم، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە؛ نامەوێت ئێستا، لەم کاتەدا بمرم. دەمەوێت ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە و گەورەبوون و هەڵکشانی تەمەنی دالیا ببینم، هەڵکشانی بە چڵ و پۆپەکانی ژیاندا، فێربوونی زمان، خوێندن و ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ واقیعی ژیانی خۆیدا. بیناسم و بزانم چ مرۆڤێکی لێ دەردەچێت.

لیسا کاتژمێر دوانزەی شەو لە کارەکەی دەگەڕێتەوە، دالیا بە هەمان شێوە لەگەڵ من ئارامە، دێت و دەچێت، بەڵام لە چاوەکانیدا دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، کە بە دوای لیسا دا دەگەڕێت، چاو بە ژوورەکاندا و بە جێگای نووستنەکەماندا دەگێڕێت و هەندێک جار سەردەکات بە حەمام و تەوالێتەکەیشدا. ماندووە و کاتی نووستنی هاتووە، نایەوێت بنووێت، سەیری دەرگاکە دەکات و چاوەڕوانە، دواجار بەدەم چاوەڕوانییەوە خەوی لێ دەکەوێت.

٩/١٣

ستۆکهۆڵم

دونیا تاریک بووە، لیسا هێشتا لە کار نە گەڕاوەتەوە و دالیایش نووستوە، منیش چەند لاپەرەیەکم لە کتێبەکەی دەستم خوێندۆتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ حاڵی بم. کۆڵ

دەدەم، کتێبەکە دادەخەم و دەیخەمە سەر مێزەکە و بۆ تاوێک چاو دەنوقێنم، گوێم دەزرنگێتەوە و بە تەواوی ماندووم. دالیا هەموو ڕۆژەکە گریاوە، هیچی نە خواردووە و منیشی شپرزە کردووە. هیچ زمانێک نییە، هیچ ئاماژە و لێکتێگەیشتنێک، وەڵامی هیچ پرسیارێک نادرێتەوە و بە هیچیش ژێر نابێتەوە.

لە پڕ دەنگی گریان و هاوارێک بە ئاگام دەهێنێتەوە، دەچمە ژووری نووستنەکە، دالیا بە پێوە لەناو جێگاکەیدا وەستاوە و چاوی بڕیوەتە خاڵێکی نادیار و پانتاییەکی دوورمەوداو دەگری، هەست دەکەم من نابینێت. دەیگرمە ئامێزمەوە، دەیهێنمە دەرەوە و دەچینە هۆڵەکە و پاش تاوێک، بە چاوی پڕ لە فرمێسک و قورگی پڕ لە هەنسک و جەستەیەکی بچووکی شەکەتەوە خەوی لێ دەکەوێتەوە.

٩/١٤

ستۆکهۆڵم

دالیا، لەگەڵ کازیوەی بەیان خەبەری دەبێتەوە، دەچێتە لای لیساوە و ئەویش خەبەر دەکاتەوە و دەچێتە ئامێزییەوە، هەر لەگەڵ لیسایش نانی بەیانی پێکەوە دەخۆن و دەچنە دەرەوە.

لای نیوەڕۆ، بەرلەوەی لیسا بچێت بۆ کار، دەچمە خوارەوە بۆ لایان، بەرەو ڕووم ڕادەکات و دەیەوێت شتێکم بۆ بگێڕێتەوە. لیسا دەڕوات، بە هێمنی دەکشێتەوە، لە چاو بزر دەبێت و من لەبری ئەو لەگەڵ دالیا دەکەومە گەمە کردن، دالیایش هەست بەم ئاڵوگۆڕی و دیارنەمانەی دایکی ناکات، لەگەڵ من بەردەوامی دەدات بە گەمە کردنەکەی.

٩/١٥

ستۆکهۆڵم

من زۆر لە سەگ دەترسم، حەزناکەم بیانبینم و بەلامەوە سەیرە، کە خەڵکی سەگ لە ماڵەوە، وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان، لەناو ماڵ و سەرجێگا و شوێنی حەوانەوەی خۆیاندا ڕادەگرن. هەموو جارێک سەگێک دەبینم ترسم لێ دەنیشێت و نۆڤێلتەکەی شێرزاد حەسەن (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆش ویست)م بیردەکەوێتەوە، رقم لە سەگ نییە، بەڵکوو لێیان دەترسم و زەحمەتە بتوانم لە ماڵەوە ڕایان بگرم. بە هەمان شێوە، وەک خەڵکی ئەم وڵاتە ساردە حەزم لەسەر دەریا و خۆدانە بەر تیشکی خۆر و مەلەکردن نییە، من لەگەڵ ئەم کولتووورە گەورە نەبووم، لە نزیک دەریاوە نەژیاوم و پێستی لەشم بەرگەی تیشکی خۆر ناگرێت. دالیا هەر لە ئێستاوە تەواو پێچەوانەی منە.

ئەو گەرەکەی لێی دەژین دەکەوێتە نزیک ناوجەرگەی شارەوە، کاتی خۆی ناوچەیەکی پیشەسازی بووە، بەر لە پانزە ساڵێک هەموو کارگە و مەخزەن و شوێنی کار و خانووبەرە کۆنەکانیان ڕووخاندوە و لەبری ئەوە گەرەکێکی مۆدێرنی گەورەیان لەسەر ڕۆناوە. هەموو گەرەکەکە، تەنها تەمەنی پانزە ساڵێک دەبێت.

زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ماڵەوە سەگیان هەیە و سەگبازن، کە دێنە دەرەوە سەگەکانیان لەگەڵ خۆیان دەهێنن، یارییان لەگەڵ دەکەن و هەندێک جار دەبێتە شەڕە سەگ و سەگوەڕین و نەمایشێکی سێرکئاسا. کە دالیا چاوی بەم سەگانە دەکەوێت، هێندەی ئەوان هەڵدەبەزێتەوە،

ئاماژەیان بۆ دەکات و دەشیەوێت منیش وەک ئەو سەیریان بکەم و گەمەیان لەگەڵدا بکەم، بەڵام خۆی ناوێرێت لێیان نزیک بێتەوە!

شەیدای سەر دەریا و ئاوە، چەند جارێک چووینەتە سەر ڕووبار و گوێ دەریاچەکان، بە بێباکانە بەرەو ناو ئاوەکە ڕادەکات، شڵپو هوڕیەتی و تەقەلایش دەدات لاسایی گەورەکان بکاتەوە و لە ناو ئاوەکەدا پاڵبکەوێت.

لەم گەرەکەیش دا، وەک زۆربەی ناوچە و گەرەکەکانی تری ستۆکهۆڵم، کڵێسایەکیش هەیە. ئەندازەی خانووبەرەی کڵێساکان لە سوێد و هەموو ئەوروپایش، دێرینە و زۆربەشیان دەگەڕێنەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست یان زووتریش، لەوکاتانەدا، کە دەسەڵاتی کڵێسا و دینی مەسیحییەت لە ترۆپکدا دەبێت. ئەم کڵێسایانە گەورەن و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە هارمۆنی لەخۆ دەگرن، ئێستایش لەبەر ئەوەی کڵێسا ئەو ڕۆڵەی جارانی نەماوە، بە تایبەتی لە سوێد، کڵێساکان بوونەتە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ناوەندی کولتوور و هونەری و تەنها جێگای داب و نەریتە دینی و ریتواڵە پیرۆزەکان نین، بەڵکوو کاری شانۆیی، کۆنسێرتی مۆسیقی، پێشانگای هونەری، چالاکی ڕۆشنبیری و تەنانەت پرۆگرامی بۆ نەوجەوانان و منداڵی ساوایش هەیە. کڵێسایەکیش لە گەرەکەی ئێمە هەیە، بە هەمان شێوە بووەتە مەڵبەندێکی ساوایان و هەموو دایک و باوکە تازەکان لەوێ کۆدەبنەوە، کە لە دوورەوە تەماشای دەرگاکەی دەکەم، دەیان عەرەبانەی منداڵان، کە بە تەنیشتی یەکترییەوە

ریزکراون و ڕووکاری دەرەوەی پەنجەرە گەورەکانی کلێساکەیان داگیرکردووە، دەبینم.

لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لەوێ لا دەدەین، قەشەیەکی ئافرەت، گەنج و جوان و روخۆش بەپیرمانەوە دێت، هەروەک ئەوەی دەمێک بێت بمانناسێت، دەمگرێتە ئامێز و بۆنی عەترەکەی دەچێت بە لوتما، دەستم دەگرێت و دەمباتە ژوورەوە و ئاماژەیەکیش بۆ دالیا دەکات. منیش سەیرێکی دەکەم و دەڵێم:

«کچەکەمە، دالیای ناوە.»

«زۆرم پێ خۆشە، کە دەڵێیت (کچەکەم)، زۆربەی ئەو دایک و باوکانەی دێنە ئێرە، منداڵەکانیانمان بە ناوەکانی خۆیانەوە پێ دەناسێنن، بەڵام تۆ دەڵێیت (کچەکەم). ئەمە زۆر جوانە.»

دوای ئەوە خۆیم پێ دەناسێنێت و پێناسەی چالاکییەکانی کلێساکەم بۆ دەکات، کلێساکە لە کلێساکانی تری ستۆکهۆڵم و شارەکانی تری سوێد ناچێت؛ ژوورێکە وەک هەر ژوورێکی ئاسایی، زیاتر لە قاوەخانەیەک دەچێت و بە شێوەیەکی مۆدێرن، شووشەبەند، بە ڕووکاری ئاوەکەوە دروست کراوە. بە پێکەنینەوە بە قەشە جوانەکە، کە (نینی) ناوە دەڵێم:

«ئەمە کلێسایەکی پۆست مۆدیرینزمە!»

بە دوو چاوی پڕ لە عەشق و جوانی ئافرەتێکی مەکربازەوە دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێت:

«وایە، دەتوانین وابڵێین. ئێمەیش دەبێت خۆمان لەگەڵ ڕۆژگاردا بگونجێنین.»

٩/١٩

ستۆکهۆڵم

عارفەیە و بەرە جەژنانە. دەمێکە ئاگام لە جەژن و بۆنە دینییەکان نییە و هیچ ئەتمۆسفێرێکی جەژنیش لە ئارادا نییە، من و دالیا بە تەنیاین و ئەمرۆیش بۆ ئێمە، هەروەک هەموو ڕۆژەکانی تر وایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، بڕیارم دا ئێمە خۆمان ئەم عارفەیەی ئەمرۆ بکەین بە یەکەم ڕۆژی جەژن!

دالیا دەگۆڕم، جلە جوانەکانی لەبەر دەکەم، قژی دادەهێنم و دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە و دەچین جەژنە پیرۆزە لە دایکم دەکەین. شەقام و کۆڵانەکانی ئێرە وەک لای خۆمان نییە، کە لە کاتی جەژندا، منداڵان جلی جەژنییان لەبەر دەکرد، خەڵکی جەژنە پیرۆزە لە یەکتر ناکەن و منداڵانیش نە شیرینی و نە جەژنانەیش وەرناگرن. چەندان ساڵە لەم وڵاتە دا هەستم بە هاتنی جەژن نەکردووە و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دێت و دەڕوات، ژیانیش ڕێچکەیەکی تری لەخۆ گرتووە.

دەستی دالیام بە دەستەوەیە، هەستێکی نامۆ دامدەگرێت و تەنهاییەکی تەژی لە غوربەت ڕۆژانی جەژنی لای خۆمانم دێنێتەوە یاد: جەژنانەمان لە کەس و کار وەردەگرت، بەیانی زوو لەگەڵ دەنگی مەلای مزگەوت، کە نوێژی جەژنییان دەکرد خەبەرمان دەبووەوە، برنج و قەیسیمان دەخوارد، دەچووین بۆ سینەما، سواری چەرخ و فەلەک، کە لە گەرەکەکانی خۆمان لە کاتی جەژندا ڕۆیان دەنا، دەبووین، سەیری بەرنامە تایبەتەکانی تەلەڤیزیۆنمان دەکرد و ئەو چەند ڕۆژە لەماڵەوە دەبووین و نە دەچووین بۆ قووتابخانە.

لە هەمووی خۆشتر، یەکەم شەوی جەژن پێڵاو و جلە تازەکانمم لای خۆمەوە دەنواند، بۆ ئەوەی کە بەیانی زوو لە خەو هەستام، یەکسەر لەبەرییان بکەم.

**نەسکێک**

زۆر کەس باس لەوە دەکەن، کە بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیووە لە ژیان، تا ئەو کاتەی منداڵیان بووە و خۆیان بوونەتە باوک و دایک، بگەن. هەموو پێوەندییە چڕ و نزیکەکان یارمەتی مرۆڤ دەدەن، کە گەورە بێت، لە ژیان تێبگات، توانای خۆشەویستی هەبێت، بتوانێت گیروگرفت و تەنگەژە و ناکۆکییەکان چارەسەر بکات و بوێرێت زیاتر بە ڕووی هەموو شتەکاندا بکرێتەوە. بوون بە باوک یارمەتیدەرێکە، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی قووڵتر و زیاتر خۆی بناسێت، بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و چارەنووسی خۆی و چارەنووسی منداڵەکەی بخاتە دەستییەوە.

٩/٢٢

ستۆکهۆڵم/یاڤلێبۆری

لەگەڵ کازیوەی بەیان دا لە سەرمادا خەبەرم دەبێتەوە، دەمەوێت بچم بۆ تەوالێت، پەردەکان دادراونەتەوە و ژوورەکە هێندە تاریکە دەرگاکەم بۆ نادۆزرێتەوە، دەمەوێت خەوم لێ بکەوێتەوە، بەڵام ناتوانم بنوومەوە. وەک ئەوەی لە خەودابم، ژوورەکە ناناسمەوە، بە دەست کوتان بەرەو دەرگاکە دەڕۆم، هەرچۆنێک بێت دەیدۆزمەوە و گڵۆپەکەیش دادەگیرسێنم، هاوڕێکەیشم لە پرخەی خەودایە. خۆم دەگۆڕم و بەبێ ماڵ ئاوایی دەچمە دەرەوە، دەگەمە

وێستگەی شەمەندەفەر و لەوێوە دەگەڕێمەوە بۆ ستۆکهۆڵم. دوێنێ دوا ڕۆژی کارم بوو لە شانۆی گەل و ئەمڕۆ سەد لەسەد باوکم، تەنها باوک. واتا هیچ کارێک ناکەم و تەنها لە ماڵەوە، خۆم بۆ پەروەردەکردنی دالیا تەرخان دەکەم. لەم ساتەیشەوە، کە لە شاری یاڤلێ-ەوە دەگەڕێمەوە، لە هەموو جۆرە کارێکی شانۆیی دوور دەکەومەوە، وانە ناڵێمەوە و دەبم بە پیاوی ماڵەوە.

٩/٢٣

ستۆکهۆڵم

شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە منداڵیی خۆم نازانم و هیچ شتێکیشم لە بیر نییە! نازانم چۆن ژیاوم، لە چ باخچەیەکی ساوایان بووم، مامۆستاکانم کێ بوون و بەچی یاریم کردووە و لەگەڵ کێ یاریم کردووە. هێندەیش وێنەمان نەگیراوە تا لە ڕێگای وێنەکانەوە شتمان بیر بکەوێتەوە و بزانین شێوازی ژیانمان چۆن بووە و چۆن ژیاوین.

لیسا زۆرجار سەبارەت بە منداڵیم پرسیارم لێ دەکات، بەڵام ئەو پرسیارانە بۆ خۆیشم بەبێ وەڵام دەمێننەوە و هیچ بیرەوەرییەکی وایش نییە، کە هەندێک لەو ساتەوەختانەی ژیانی منداڵیمان بیربخاتەوە. تەنها شتێک لەیادم بێت، ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆ و پڕ لە خۆشەویستییە بوو، کە لەنێوان من و باوکمدا هەبوو، من وەک سێبەری باوکم وا بووم. باوکم پیاوێکی پۆشتە و جلوبەرگی گرانبەها و مۆدێرنی لەبەر دەکرد، لە چەشنی جلەکانی خۆی، جلوبەرگی بۆ منیش، لای هەمان بەرگدروو بەکردن

دەدا. سێ مانگی هاوین، کە پشووی قوتابخانە دەستی پێ دەکرد، من لەگەڵ باوکم دەچووم بۆ کارەکەی. باوکم فەرمانبەری میری بوو، منیش لە ژوورەکەی ئەو کورسی و مێزی تایبەتی خۆمم هەبوو، یان لە ژووری فەرمانبەرە کچەکان یاریم دەکرد. ئێوارانیش لەگەڵیا دەچوومە دەرەوە، هەر لەبەر ئەوەیش هەموو هاوپیشە و هاوڕێکانیم دەناسی، بە کورتییەکەی پیاوێکی بچووک بووم و تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریم زیاتر لە ژیانی پیاوێکی بە تەمەنەوە نزیک بوو، وەک ئەوەی لە تەمەنی خۆم و هاوڕێکانمەوە.

لیسا بەیانی زوو بە کارێکی ڕۆژنامەوانی، وابزانم پێوەندی بە یادی پەنجا ساڵەی جەنگی جیهانی دووەم-ەوە هەبوو، رۆیشت بۆ بەرلین. من و دالیا تەنهاین و چاوەڕوانی ئەوە دەکەم، کە دالیا هەست بە دیارنەمانی لیسا بکات و گرینۆک بێت. ئەمە یەکەمجارە لیسایش بۆ چەند ڕۆژێک لە دالیا دووربکەوێتەوە.

کۆبوونەوەیەکی بچووکم لە شانۆی شار هەیە، دالیا دەخەمە عەرەبانەکەیەوە و پێکەوە دەڕۆین، لەناو شاریش، بەرلەوەی بچم بۆ شانۆی شار، باوکی لیسا دەبینم و دالیای لا بەجێ دەهێڵم.

دواتر، کە لە کۆبوونەوەکە دێمە دەرەوە، دالیا و باوکی لیسا دەدۆزمەوە و پێکەوە دەڕۆین بۆ باخچەی پادشا، کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری ستۆکهۆڵمەوە. بە بەردەمی رێستۆرانێکدا دەڕۆین، باوکی لیسا ڕادەوەستێت و بە سیمایەکی پڕ لە زەردەخەنەوە تێم دەڕوانێت و دەڵێت:

«دانا، ڕووداوەکانی ڕۆمانی (دوکتۆر گلاس) لێرە، لەم

ڕێستۆرانەدا ڕووی داوە، ئەم شوێنە لە کاتی خۆیدا، مەبەستم سەردەمی (یالمار سۆدێرباری)یە، دوکانی فرۆشتنی ئاو بووە.»

منیش بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێم:

«فرۆشتنی ئاو، چۆن؟»

«ئا، لەو سەردەمەدا ئاوی پاک لە هەموو شوێنێک دەست نەکەوتووە، لەبەر ئەوە شوێنی فرۆشتنی ئاوی سازگار، بە چەشنی قاوەخانەکانی ئێستا هەبوون.»

دوکتۆر گلاس لەو ڕێستۆرانەدا، قەشەی مێردی خاتوو هێلگا گریگۆریۆس دەرمان خوارد دەکات، بۆ ئەوەی خاتوو هێلگا گریگۆریۆس قوتاربێت و دوای مێردەکەی ژیانێکی باشتر بژی، کە ئەو ئەشکەنجەی دەدات و بە زۆر سەرجێگایی لەگەڵ دەکات.[١*]

٩/٢٤

ستۆکهۆڵم

شەوێکی دژوارم لەگەڵ دالیا بەسەر برد. هەستی بە ئامادەنەبوونی لیسا دەکرد و تا سەعات دووی شەو گریا، بە هەر چوار لای خۆیدا دەیڕوانی و سەیری ژوورەکانی دەکرد.

---

١ *(دکتۆر گلاس) لە نووسینی (یالمار سۆدێرباری)یە و لە کۆتاییەکانی ١٨٠٠ەکاندا ژیاوە و ئەو ڕۆمانەیشی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ئەدەبی سویدییەوە هەیە، تەنانەت هەندێک لە نووسەرە دیارەکانی ئەمرۆیش لە ژێر هەژموون و کاریگەری دوکتۆر گلاس-دا ڕۆمانی تریان نووسیوە. دلاوەر قەرەدغی ئەم ڕۆمانەی لە سویدییەوە کردووە بە کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

دوای نیوەڕۆ
دالیا نووستوە، لە پەنجەرە گەورەکەی هۆڵەکەمانەوە سەیری دەرەوە دەکەم. نەرمەبارانێکی فێنک دەبارێت، ئەو دایک و باوکانەی لەگەڵ منداڵەکانیان لە دەرەوە یاری دەکەن، بە هۆی بارانەکەوە بڵاوەی لێ دەکەن، بەڵام بارانەکە زوو خۆش دەکاتەوە. بۆنی خۆڵ دێت و هەتاوێکی ڕووناک دونیا ڕۆشن دەکاتەوە، لە لای چەپیشەوە، بە بارستاییەکی گەورە، پرچی ئایشێ و فاتمە ئاسمان دەڕازێنێتەوە.

٩/٢٥
ستۆکهۆڵم/بەرلین
دالیا لەگەڵ تاریک و رووندا خەبەری دەبێتەوە، دەگری و چاو دەگێڕێت، شیرێکی بۆ دەگرمەوە و بە چاوی خەواڵوەوە تا دوا دڵۆپی شیرەکە دەخواتەوە و خەوی لێ دەکەوێتەوە. لەسەر جێگاکەم پاڵ دەکەوم و چاو دەبڕمە ساپیتەی ژوورەکە و بۆ ماوەیەک بیر لە ژیانی خۆم دەکەمەوە: منداڵیم، باوکم، تاراوگە و بوون بە باوک. سەیرێکی دالیا دەکەم، سەری لەسەر لا، لەسەر سەرینەکە داناوە، دەستە بچووکەکانی خستۆتە ژێر ڕوومەتی و فریشتەئاسا خەوی لێ کەوتووە.
دوای نیوەڕۆ دەگەینە فرۆکەخانە و بەهۆی دالیاوە، بەر لە گەشتیارەکانی تر ڕێگامان بۆ دەکرێتەوە بچینە فرۆکەکەوە؛ منداڵ هەمیشە لە شوێنە گشتییەکاندا، لە پێش هەمووشتێک و هەموو کەسێکدا حسابی بۆ دەکرێت و هاوڵاتی پلە یەکە.
کە لە بەرلین دەنیشینەوە، هەموو شتەکان بەخێرایی دەڕۆن، جانتاکانمان وەردەگرینەوە و دێینە دەرەوە. شۆفێری هیچ

تەکسییەک هەڵمان ناگرێت، منداڵ لەبەر سەلامەتی، دەبێت لەسەر کورسییەکی تایبەتیی، کە لەسەر کوشنەکە دادەنرێت دابنیشن و بە شێوەیەکی تایبەتیش بە کوشن و کورسی ماشێنەکەوە ببەسترێنەوە. شۆفێری تەکسییەکانیش ئەو کورسییەیان پێ نییە، لەبەر ئەوە هەڵمانناگرن. کات دەڕوات، سەرنشینەکان بە جانتاکانییانەوە دێنە ژوورەوە و دەچنە دەرەوە، هەندێکیان شپرزەن و ڕادەکەن، هەندێکی تر لە سوچێکدا دەوەستن و پشوو دەدەن، پێشوازی لە یەکتری دەکەن و یەکتر دەکەنە ئامێز و ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن. ئێمەیش هەر لە شوێنی خۆمان وەستاوین.

لە پڕ شۆفێرێک لە بەردەمماندا ڕادەوەستێت، دێتە خوارەوە و دەرگاکانمان بۆ دەکاتەوە، سەیرێکی دالیا دەکات و کورسییە بچووکەکەی لە پشتی ماشێنەکەی دەردەهێنێت، ئێمەیش سوار دەبین و بەرەو هۆتێلەکەمان دەکەوینە ڕێ. شۆفێرەکە، بەدەم ڕێگاو لێخوڕینی تەکسییەکەیەوە ئەو شوێنانەم پیشان دەدات، کە بە خێرایی بە بەردەمیدا گوزەر دەکەین:

"ئەوە پەرلەمانی ئەڵمانیایە."

"ئالێرەدا ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات جیاکرابووەوە."

"ئەوە بنکەیەکی سوپای یەکێتی سۆڤێتە."

"لێرە بە دواوە بەرلینی ڕۆژهەڵاتە."

بە قسەکانیدا، هەست دەکەم شۆفێرەکە ئەڵمانی نییە، لەبەر ئەوە لە پشتەوە ملم بۆ لای کوشنەکەی پێشەوە درێژ دەکەم و لێی دەپرسم:

"خەڵکی کوێت؟"

”رووسیا“
”خەڵکی مۆسکۆیت؟“
”نەخێر، کیێف، خەڵکی کیێف-م“
”ئێ کیێف ڕووسیا نییە، ئۆکرانیایە!“
”نا، نەخێر، بۆ من هەر ڕووسیایە.“
ئەم برادەرە هێشتا هەر لە یەکێتی سۆڤێتی جاراندا دەژی، لەبەر ئەوە بێدەنگ دەبم و خۆم بەرەو دواوە دەکشێنمەوە و نامەوێت درێژە بە باسەکە بدەم و پێی دەڵێم ”براله ئۆکرانیا چیتر ڕووسیا نییە!“

ئێوارە
کلیلی ژوورەکەمان لە پرسگەی هۆتێلەکە وەردەگرم و دەچینە سەرەوە. لیسا شتەکانی خۆی، جانتا و جلوبەرگەکانی بڵاو کردۆتەوە، دالیا دەیانناسێتەوە و دەستی بۆ درێژ دەکات و دەکەوێتە قسەکردن. دالیا دەزانێت، کە لیسا لەم ژوورەدایە، بە چاوێکی پڕ لە پرسیار و گومان و جەستەیەکی ئاماژە ئامێزەوە بە ژوورەکەدا دەگەڕێت و لەبەر خۆیەوە قسە دەکات و دەیەوێت پرسیارم لێ بکات.
هێشتا لیسا نە گەڕاوەتەوە، دالیا هیلاکە و برسیشیەتی، دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە و دەچینە دەرەوە، لە ڕارەوە باریکە درێژەکەی هۆتێلەکەوە دەڕۆین بۆ سەری ئەو سەر. لەبەردەمی ئەسانسۆرەکەدا ڕادەوەستین بۆ ئەوەی بچینە خوارەوە، پەنجە بە دووگمەکەیدا دەنێین و چاوەڕوانی ئەوەین بێتە سەرەوە، کەدەرگای ئەسانسۆرەکە دەکرێتەوە، لیسا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دێتە دەرەوە، دالیا لە پڕچاوی بە دایکی دەکەوێت، دەحەپەسێت، سەیرێکی دەکات و دەست دەکات بە گریان.

٩/٢٦

بەرلین

هەر وەک ئەوەی لە خەونێکی ناخۆش و دژوار ڕاپەڕم، خەبەرم دەبێتەوە، ژوورەکە تاریکە، لیسا ڕۆیشتوە بۆ کار و دالیایش نووستوە و بە هێمنی هەناسە دەدات. بە جەستەیەکی خاوەوە لەسەر جێگاکەم بەرز دەبمەوە، دەچمە بەر ئاوێنەی تەوالێتەکە و سەیرێکی خۆم دەکەم، بە هەمان جەستە و ڕیتمی خاوەوە دەگەڕێمەوە ژوورەکە و تەماشایەکی دالیا دەکەم.

لیسا شپرزەیە، ئەڵمانیا لە جەژنی هەڵبژاردندان و بەرلین-یش لە چەقی ئەم هەڵبژاردنەدا بۆتە جێگای سەرنجی میدیاکانی جیهان. لیسا لە کەناڵی چوار کار دەکات، ڕۆژانە لەگەڵ هاوکارەکانی، خەریکی دروستکردن و ناردنی ڕیپۆرتاژەکانییەتی بۆ کەناڵی تەلەڤیزیۆنەکەی، هەندێک جار مەسەلە تەکنیکییەکان مانییان لێ دەگرێت و هەندێک جاریش هەموو شتەکان بە ئاسانی دەڕۆن بەڕێوە.

پەردەکانی پەنجەرەی ژوورەکەمان لادەدەم، ڕۆژەکەی خۆشە، هەتاوێکی گەرم تیشکەکانی خۆی بڵاو کردۆتەوە و زیاتر لە هاوینێکی درەنگ دەچێت، نەک پایزی ئەوروپا.

دالیا دەخەمە عەرەبانەکەی خۆیەوە و پێکەوە لە هۆتێلەکەمان دەچینە دەرەوە؛ شارەزای ئەم ناوچەیە نیم، بەڵام بەبێ هیچ پلانێک بەلای دەستە ڕاستدا دەڕۆین، قسە لەگەڵ دالیا دەکەم، دالیایش لە دونیای خۆیدایە و گۆرانی لە بەرخۆیەوە دەڵێت. لەوسەری شەقامەکەوە کچێکی قەشەنگ و گەنج، کە دەستێک جلی سادە و جوانی لەبەردایە، دەردەکەوێت. ڕەنگی جلەکانی بە سەلیقە ڕێک

خستون، ڕەش و سوورێکی تۆخ و پارچە قوماشێکی تەنکی سووری ناسکیشی لە ملییەوە پێچاوە. کچەکە لەسەر عەرەبانەیەکی کەمئەندامان دانیشتوە، تەنیایە و خۆی پاڵ بە عەرەبانەکەیەوە دەنێت، کە من دەبینێت، بەرەو ڕووی من پاڵ بە عەرەبانەکەیەوە دەنێت و خۆی دەگەیەنێتە لای ئێمە، بە ڕووخسارێکی شیرینەوە پرسیاری شوێنێکم لێ دەکات، منیش وەک ئەو، بە ڕوویەکی خۆشەوە و بە ئینگلیزییەکەی خۆم، تێیدەگەیەنم خەڵکی ئێرە نیم و نازانم. دالیا بە وردی سەیری عەرەبانەکەی دەکات، لەوانەیە بیر لە جیاوازی عەرەبانەکانیان بکاتەوە، جارجار سەیرێکی منیش دەکات، وەک ئەوەی بیەوێت پرسیارێکم لێ بکات؛ ئەویش هەست دەکات دالیا سەیری دەکات، ڕووی تێدەکات و بە سیمایەکی تەژی لە خۆشی و پێکەنینەوە، دالیا دەدوێنێت. ئێمە دەڕۆین و پاڵ بە عەرەبانەکەی دالیاوە دەنێم و لێی دوور دەکەوینەوە، لە دوورەوە ئاورێکی لێ دەدەمەوە، ئەو هەر لە شوێنەکەی خۆیدا وەستاوە و چاوەڕوانی کەسێکی ترە بێت و پرسیاری لێ بکات، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ لای و پێی بڵێم:

"خانم، تۆ زۆر جوانی!"

دالیا نایەوێت لەناو عەرەبانەکەی دابنیشێت، لە هۆڵە گەورەکەی هۆتێلەکەدا ڕادەکات و منیش بە دوایدا، فریای ناکەوم و وەک مامزێکی کێوی لە دەستم ڕادەکات، گوڵی سەرمێزەکان لێ دەکاتەوە، کارت و ڕووپەری پرسگەی هۆتێلەکە بڵاو دەکاتەوە و تەلەفۆنە گشتییەکەی هۆڵەکە هەڵدەگرێت و دەست دەنێت بە ژمارەکاندا. خەریکە پشێوی

دروست دەکات، هەرچۆنێک بێت دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە و دەچینە دەرەوە، ئەمجارەیان دەستە چەپ دەگرین و پاش تۆزێک دەگەینە گۆڕەپانێکی گەورە. شوێنێکی خۆش، پڕە لە مۆزەخانە، هۆڵی مۆسیقا، قاوەخانە، کڵێسای دێرین، کتێبخانە و مۆسیقاژەنی گەڕۆک و سەرشەقام و ناو گۆڕەپانەکە، هێندەی تر ئەتمۆسفێرەکەیان خۆش کردووە. دالیا لە عەرەبانەکەی دادەگرم، بە ئارەزووی خۆی ڕادەکات، قسە لەگەڵ خەڵک دەکات و هەندێک خەڵک، کە بۆ گەشت و گوزار لەوێدان، وێنەی دەگرن. لە مۆسیقاژەنەکان نزیک دەبێتەوە و بەدیار ئەو کوڕەوە ڕادەوەستێت، کە فلوت دەژەنێت، چەپڵەی بۆ لێ دەدات و کوڕەکەیش زەردە دەیگرێت.

ئێوارەیەکی درەنگ

لیسا گرفتی تەکنیکییان هەیە و درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ هۆتێل، منیش جلەکانی دالیام گۆڕیوە، نانی ئێوارەم داوەتێ و دەمەوێت بینوێنم، ئەو نایەوێت بنووێت و چاوەڕوانی لیسا دەکات. ژوورەکەمان زۆر گەرمە، عارەقەیەکی زۆرم کردۆتەوە، دالیا بە هیچ جۆرێک نایەوێت لەسەر جێگاکەی خۆی بنووێت، لە پشت تەختی نووستنەکەیەوە، لەسەر ئەرزەکە بە چیچکانەوە دادەنیشم و دالیایش توند دەگرمە ئامێزم، عارەقە بە نێوچەوانمدا دێتە خوارەوە، دالیایش دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاوە و خەوی لێ دەکەوێت، خەبەری دەبێتەوە و خەوی لێ دەکەوێتەوە!

گڵۆپەکانی ژوورەکە دەکوژێنمەوە، لەسەر جێگاکە دادەنیشم و دالیام لە باوەشدایە، جارجار چاوێک هەڵدەبڕێت و سەیرم دەکات، لێم ڕادەمێنێت و چاوی دادەخات و خەوی

لێ دەکەوێتەوە، دەستێک دەهێنم بە روومەتەکانیدا، زۆر گەرمە. بە هێواشی لەسەر جێگاکە پاڵی دەخەم، بە هەنگاوی گەورە دەچمە بەر پەنجەرەکە و لە پشت پەردەکانەوە، تۆزێکی دەکەمەوە تا هەوایەکی فێنک بێتە ژوورەوە.

٩/٢٧

بەرلین

من و دالیا، بۆ بەرچایکردن و نانی بەیانی بۆ رێستۆرانی هۆتێلەکە دێینە خوارەوە، عەرەبانەکەی لە بەردەمی مێزێکدا دادەنێم، دەفرێک هەڵ دەگرم و دەچم تۆزێ ئاوی گەرم بهێنم، کە دەگەڕێمەوە کارمەندانی رێستۆرانەکە کورسییەکی لە تەختە دروستکراوی منداڵان، دەفرێکی قووڵ، یەکێکی پەل، کوپێک، کەوچک و چەتاڵی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بە منداڵانیان بۆ دالیا داناوە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو پێگە بەهێزەی منداڵ لە کۆمەلگەی ئەورووپیدا هەیەتی. هەمیشە لە شوێنە گشتییەکاندا، یان لەو شوێنانەی باوک و دایک لەگەڵ منداڵەکانیان ڕویان تێدەکەن، کەسانێکی چاودێر هەن، تا بەزووترین کات پێداویستی ئەو منداڵانەی دێنە ئەو شوێنانە جێ بەجێ بکەن.

دالیا دەخەمە سەر کورسییەکەی، قاپە ڕەنگاوڕەنگەکان دەگرێت بە دەستییەوە، کەوچک و چەتاڵە بچووکەکان دەخاتە دەمییەوە و سەیری قەرەباڵغییەکەی ناو رێستۆرانەکە دەکات. لیسا لەگەڵ تاریک و ڕوون، ئێمە هێشتا لەخەو هەڵ نەستابووین، ڕۆیشتوە، ئەمرۆ خودی هەڵبژادنی پەرلەمانە و هەر زۆر شپرزەیە.

دایبی و خواردنی ناو شووشەی تایبەت بە دالیامان هێندە

نەماوە، لەبەر ئەوە زوو دێینە دەرەوە تا بازاڕی بکەین، هەر وەک ڕۆژان، من و دالیا پێکەوە دێینە دەرەوە، دووکان و بازاڕ، دەرمانخانە و سۆپێرمارکێتەکان، هەر هەمووی داخراون و تەنها قاوەخانەکان کراونەتەوە. ڕۆژانی یەکشەموان، هەموو شتێک لەم وڵاتە دادەخرێت، هیچ شوێنێک کراوە نییە و لەوە دەچێت، خەڵکی تەنها کاریان بە یەک شەمووان ئەوە بێت، لە قاوەخانەکان دابنیشن، قاوە بخۆنەوە، جگەرە بکێشن و ڕۆژنامە بخوێننەوە. قاوەخانەکان بەرناکەون.

دەگەڕێینەوە بۆ گۆرەپانەکەی دوێنێ، خەڵکێکی زۆر دێن و دەچن، دالیا پەلەیەتی و دەیەوێت لە عەرەبانەکەی دابەزێت، ئەو کوڕەی دوێنێ فلوتی دەژەنی، ئەمڕۆیش لێرەیە و سەرقاڵی پارەپەیداکردن و مۆسیقاژەندنە. دالیا دەیناسێتەوە، لێی دەچێتە پێشەوە، ئەویش دالیا دەناسێتەوە و لێمان دێتە پێشەوە و دەڵێت:

"ئیتاڵین، لە ئیتالیاوە هاتوون!"

"نەخێر، ئیتاڵی نین، من کوردم و ئەمەیش کچەکەمە و لە سوێدەوە هاتووین، ژنەکەم سوێدییە و کچەکەیشم دوو زمانەیە."

"چ تێکەڵەیەکی جوانە!"

لە هەمان کاتدا چاودێریی خەڵکەکە دەکەم؛ هەندێک وێنە دەگرن، دوو دڵدار دەستییان لە کەمەری یەکتردایە و بە دیار مۆسیقاژەنێکی گۆڕەپانەکەوە وەستاون، جارجار چەند ماچێکی تەڕ دەکەن، منداڵان یاری دەکەن، گروپێک لەگەڵ ڕێگا پێشاندەرەکەیان وەستاون و سەیری کڵێسا کۆنەکە دەکەن و چەند سواڵکەرێکیش دەیانەوێت سۆزی گەشت و گوزارەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و شتێکیان دەست کەوێت.

بە تەواوی شپرزەم، کات دەڕوات و بۆ هەر کوێیەک دەڕۆم، دوکان و بازار داخراوە، ناچار بە شەقامە سەرەکییەکەی لای دەستە چەپی هۆتێلەکەماندا دەڕۆمە خوارەوە، هەر کەسێک بەرەو ڕوومان دێت پرسیاری لێ دەکەم، هەمووشیان دەڵێن لەوسەری ئەوسەر، لە سەنتەرێکدا چەند دووکانێک کراوەن. لەم کاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکەم لێ دەدات، (ها)ی برادەرم لە نەرویژەوە هەلەو هەلەویەتی، ناتوانم قسەی لەگەڵ بکەم، بە خێرایی لەم سەری خەتەکەوە دەڵێم:

"ببورە، شپرزەم، ناتوانم قسە بکەم، نە خواردن ماوە و نە دایبی، دالیا دەبێت نان بخوات و گویش بکات، هەموو بەرلین داخراوە و دەبێت دووکانێکی کراوە بدۆزمەوە، کە گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم تەلەفۆنت بۆ دەکەم."

هەرچۆنێک بێت دەگەمە وێستگەی (فرێدریش ستراشە) بە دەستە چەپدا دەچمە دەروازەیەکی کراوەوە، لەبەری ئەودیوی دیوارەکەوە ئاوەدانییە، چەندان ڕێستۆرانی بچووکی بیانی؛ عەرەب، کوردی باکوور، چینی، بەنگلادیشی: گەز و پیتسا و هامبەرگەر... هتد هەیە و هەر لێرەیشدا سۆپەرمارکێتێک کراوەتەوە.

هەناسەیەکی قووڵی سەرفرازی هەڵدەکێشم!

٩/٢٨

بەرلین

دالیا لە هەموو شتێکدا لاسایم دەکاتەوە، کە سەیری کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، ئەویش بە هەمان شێوە سەیری مەچەکی خۆی دەکات، کە دەکۆکم ئەویش

دەکۆکێت، کە سەرم دەخورێنم ئەویش سەری دەخورێنێت، کە پێڵاوەکانیشم لەپێ دەکەم ئەویش دەچێت پێڵاوەکانی دەهێنێت و دەیەوێت لە پێیان بکات، ئەمەیش خوویەکە لە زۆربەی منداڵاندا هەیە و ڕێگایەکیشە بۆ فێربوون لە گەورەکانەوە. بەڵام ئێستا لە ژووری هۆتێلەکەماندا، دەیەوێت ڕێک بە پێچەوانەی منەوە بجووڵێتەوە، من خۆم گۆڕیووە، کەچی ئەو جلەکانی دادەکەنێت، دەمەوێت بچینە خوارەوە و بەرچایی بخۆین، ئەو خۆی دەکات بە نووستو، دەڵێم بابچینە دەرەوە، ئەڵێ نا، دەمەوێت لەسەرەوە بمێنمەوە. ئەمەیش جۆرێکە لەو هەستی بەرگری و لە هەمان کات دا گەشەی ئەو هەستە ئازادە، کە هەر لە ئێستاوە لەم منداڵەدا لە نەشونماکردندایە.

ناچار، بە زۆر دەیپێچمەوە، پێڵاوەکانی لە پێ دەکەم و دەڕۆینە خوارەوە بۆ ریستۆرانی هۆتێلەکە و لە هەمان جێگای هەموو ڕۆژێکی خۆمان دادەنیشین. کوڕێکی گەنجی قژڕووتاوە بەرامبەرمان دانیشتووە، دالیا ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ دروست دەکات، کوڕەکەیش بە دەمییەوە پێ دەکەنێت، بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆ دەکات و دالیایش وەڵامی دەداتەوە. لە پڕ کچێکی مۆن دەردەکەوێت، بەرەو ڕوومان دێت و لەسەر مێزی کورە قژڕووتاوەکەی بەرامبەرمان دادەنیشێت، دەکەونە قسە و بەرچایی خواردن. ڕووی دالیا وەردەگێڕم، نانەکەی دەکەم بە دەمەوە، بەڵام ئەو خێرا ڕوودەکاتەوە ئەوان و ئەمجارە سەیری کچەکە دەکات و بەدەم ئەویشەوە پێ دەکەنێت. کچەکە، هەر وەک ئەوەی تازە لەخەو هەڵسابێت، دەمووچاو و سیمای گرژ و مۆن دەکات و بە پەنجەیەک

ئاماژە بۆ دالیا دەکات، کە ڕووی وەربگێڕێت و نانەکەی خۆی بخوات. بێگومان دالیا کچەکە ناناسێتەوە، من دەیناسمەوە و دوێنێ لە هۆڵی پرسگەی هۆتێلەکە بینیمان، بە جانتاکانییەوە ڕاوەستابوو، دالیا ڕایکردە پێشەوە و لای جانتاکانییەوە ڕاوەستا، سەرێکی بۆ کچەکە بەرز کردەوە و بۆی پێکەنی. کچەکە، کە قژی ئێجگار کورت بڕیوە و بە دەستووری کوڕ دایهێناوە، بەم کردارەی دالیا شپرزە بوو، هەستی کرد هێرشیان بۆ بردووە، شتەکانی لێ زەوت دەکەن، چوونەتە پانتاییەکانی ژیانییەوە و تەنگیان پێ هەڵچنیوە. بە سیمایەکی گرژ و مۆنەوە، دەستوبرد، جانتاکانی گوێزایەوە و لەنێو هەردوو لاقیدا توندی کردن. من لە پشتەوە وەستابووم و هەموو دیمەنەکەم دی، لە دالیا چوومە پێشەوە و پێم گوت، کە ئەوە جانتای ئێمە نییە، ئەو کچەیش ناناسین، لەبەر ئەوە نابێت دەست بۆ شتی خەڵکی بەرین، دالیایش، هەروەک ئەوەی خۆی لەو ڕەوشە گەیشتبێت، هەستی بە مامەڵە ڕەقەکەی ئەو کچە کردبێت، سەیرێکی کردم و بە پێکەنینە سادەکەی خۆیەوە ڕەزامەندی بۆ دەربڕیم و دوورکەوتەوە.

کورسییەکەی دالیا وەردەگێڕم، بە شێوەیەک پشتی بکاتە ئەوان، بەمەیش کچەکە ئاسودە دەبێت و بەردەوامی دەدات بە نانخواردنەکەی.

هەورێکی ڕەش، هەتاوە گەرمەکەی ئەم چەند ڕۆژەی شاردۆتەوە، سەرمایە و ڕەشەبایەکیش کورسی و مێزی قاوەخانەکانی سەر شۆستەی شەقامەکانی ڕاوناوەتە ژوورەوە. دالیام لە ترسی سەرما و هەوا ساردەکە باش

پێچاوەتەوە و خستومەتە عەرەبانەکەیەوە و بە شەقامە درێژەکەی (فریدریش ستراشە)دا دێینە خوارەوە.

بەرلین شارێکی ئێجگار گەورەیە و هەردوو لەتەکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جارانیش، سەرلەنوێ یەکیان گرتۆتەوە و لەنێو یەکتردا گەورەبوونەتەوە. شارەکە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە.

بەڕێکەوت خۆمان بەنێو خانووبەرەیەکی گەورەدا دەکەین، لە دیوی دەرەوە زیاتر لە پێشانگای ماشێنە گەورە و گرانبەهاکان دەچێت، ئێمەیش بە دوای خەڵکەکەدا، بە پەیژە کارەباییەکاندا دێینە خوارەوە بۆ ناو هۆڵێکی کراوەی بەرفراوان. لەم هۆڵەدا، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی کراوەتەوە، فۆتۆگرافەکەیش ناوی (پاڤل ستیش)ە و بە نەژاد خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیای جارانە و لە شەستەکانەوە لە بەرلین دەژی. ئەم وێنەگرە لەگەڵ کوڕەکەی، زیاتر لە چل هەزار کیلۆمەتریان بڕیووە تا ئەم وێنانەیان گرتووە: وێنەکان لە ئەمەریکا، ئەریزۆنا، کۆلۆرادۆ، کالیفۆرنیا، نێڤاندا، مەکسیک و ئیوتاهۆ گیراون. ئەم وێنەگرە هونەری فۆتۆگرافی لەنێو سروشتدا خولقاندووە، سروشت موتیڤە گرینگەکانە و لەم مۆتیڤەوە ڕەنگ و ڕووناکی و ئاستەکانی بینین و قووڵاوی و نزیک بوونەوەی بەخشیوە بە پانتاییەکانی سروشت. بیابان، شاخ و داخ و بەردەڵانی گەورە، درەختێکی تەنیا، ئاسمان... هتد گرتووە، یان وێنەی هەندێک تاشە بەردی گەورە، کە دەستی سروشت فۆرمی جودا و جۆراوجۆری پێ بەخشیوون، بۆ نموونە ئاژەڵ، باڵندە و سیمای مرۆڤ. سروشت وەک هونەرمەندێکی گەورە و بێ وێنە دەردەکەوێت و بە ئەفسوون و توانا بێ سنوورەکانی پەرجوویەکی بۆ مرۆڤ خولقاندووە.

پێشانگاکە، چەندە لە ڕووی هونەرییەوە بەرز و جوانە، هێندەیش سمبۆلێکی بەهێزی پێوەندییەکانی باوک و کوڕێکە؛ ئەم باوکە چل هەزار کیلۆمەتری لەگەڵ کوڕەکەی بڕیوە، چل هەزار کیلۆمەتر پێکەوە بوون، چل هەزار کیلۆمەتر پێکەوە قسە کردن و چل هەزار کیلۆمەتر بێدەنگی. ئەم پێوەندییەیش لەم سەفەرەدا دروست نەبووە، بێگومان ئەو باوکە هەزارەها کات و ڕۆژەکانی لەگەڵ کورەکەی بەسەر بردووە، بۆیە ئێستا دەتوانێت چل هەزار کیلۆمەتری لەگەڵ ببڕێت و لە بیابان و سەر چیا و گوێ رووبار و ناو دارستانەکاندا، شەو و ڕۆژ بەسەر بەرێت و پێکەوە وێنە بگرن.

دالیا وەک من چاوی بڕیوەتە وێنەکان، ڕەنگە زەق و پاک و گەرم و تێکەڵاوەکان سەرنجی ڕادەکێشێت، هەندێک جار سەیرێکی منیش دەکات، وەک ئەوەی پرسیار یان کۆمێنتێکی هەبێت و لەبەرخۆیەوە شتێک دەڵێت.

لە پێشانگاکە دێینە دەرەوە، هەر بەپێ دەگەڕێینەوە بۆ گۆڕەپانەکەی ئەم چەند ڕۆژەمان، کورێکی گەنجم لێ پەیدا دەبێت، دێتە پێشەوە و سەیرێکی دالیا دەکات، بە دەمییەوە پێدەکەنێت و دەست لە من پان دەکاتەوە. هەرچەند سەیری دەکەم لە سواڵکەر ناچێت، بەڵام سواڵکەرە و داوای شتێک یارمەتی دەکات، کە دەشزانێت ئەڵمانی نیم، یەکسەر پێم دەڵێت:

"بە ئینگلیزی قسە دەکەیت؟"

سەرێکی بە مانای "نەخێر"ی بۆ دەلەقێنم و دەمەوێت بڕۆم، ئەو کۆڵ نادات و زیاتر لێم دێتە پێشەوە و لە پرسیارکردن ناکەوێت:

"به فەڕەنسی، ئیتاڵی، ئیسپانی! بە کامیان قسەت لەگەڵ بکەم."

لێی ورد دەبمەوە، لە سیمای دەڕوانم و ئەویش زیاتر لێم دێتە پێشەوە و بۆ ئەوەی شتێکی بدەمێ بە چ زمانێک بمەوێت قسەم لەگەڵ دەکات؛ ئەمە سواڵکەر نییە، ئەمە فەرهەنگە، یەکێتی ئەورووپایە، سەنتەری وەرگێڕانە و کەسێکی دیپلۆماتە، بە کورتییەکەی سواڵکەرێکی گلۆبالیزمە، ڕووی تێدەکەم و بە کوردی پێی دەڵێم:

"جا، کە تۆ ئەوەندە زمان دەزانیت، بۆچی لە بروکسل، لە پەرلەمانی ئەورووپا کارێک بۆ خۆت نادۆزیتەوە."

چاوەکانی دەکاتەوە، تێم دەڕوانێت و هیچ حاڵی نابێت، نازانێت بە چ زمانێک قسەی لەگەڵ دەکەم و ئەم زمانە لە فەرهەنگەکەی ئەودا نییە، دەیەوێت درێژەی پێ بدات، خێرا دەڵێت:

"بە عیبری قسە دەکەیت، جوولەکەیت، هەندێک عیبریش دەزانم؟"

بە دەستێک بەری پێ دەگرم، پاڵ بە عەرەبانەکەی دالیاوە دەنێم و لێی دوور دەکەومەوە.

١٠/٣

ستۆکهۆڵم

ساڵێک و دوومانگ لەمەوبەر، لە ئێوارەیەکی یەکشەمەدا، دالیا لە نەخۆشخانەی سوێدەر، بەشی منداڵان لە ستۆکهۆڵم لە دایک بوو. لە دەرەوە باران نەرم نەرم دەباری و بە نێو تیشکی گڵۆپی سەر شەقامەکاندا دەهاتە خوارەوە، هەندێک جار ڕەشەباکەیش ئاڕاستەی بارانەکەی بە لای پەنجەرەی

ژوورەکەدا دەگۆڕی و بە پەنجەرەکاندا دەهاتە خوارەوە. ئەمڕۆیش، دالیا دوای ئەو ساڵ و دوو مانگە، بێئەوەی هیچ کەسێک یارمەتی بدات، خۆی توانی بە کورسی ژوورەکەدا هەڵبگەڕێت و لەسەری دابنیشێت.

ئەو ساتەی دالیای تیا لە دایک بوو، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لەبیرمە، بە تایبەتی نەرمەبارانەکە، ئەو ساتەی تەنها من و دالیا لە ژوورەکەدا پێکەوە بووین. من لەوێ بووم، ئامادە بووم، کە جیهان لە دایک بوو. گڵۆپە کزە زەردەکەی ژوورەکەیشم لەبیرە، کە هەموو جووڵەیەکی منی لە ژوورەکەدا دەکردە وێنەیەک و وەک شانۆی (خەیاڵی سێبەر) لەسەر دیوارەکان دەردەکەوتن. زەمەن بۆ من لەو ساتەدا وەستاوە و هەمیشە ئامادەییەکی بەهێزی هەیە.

من خۆم و هەموو خوشک و براکانم لە کوردستان، لە ماڵەوە و لە گەرەکی کانێسکان لە دایک بووین، کە دایکم ژان گرتویەتی مامانێک هاتووە و هەموو شتێک لە ژووری دانیشتنەکەماندا، بێ یارمەتی هیچ کەسێک تەواو بووە. تا ئێستایش شێوەی ئەو ئافرەتە مەسیحییەم هەر لە یادە، کە لە سلێمانی کاری مامانی دەکرد و هەمووومان لەسەر دەستی ئەودا لە دایک بووین، ئەو مامانە ناوی (خاتوونە) بوو.

خاتوونە ئافرەتێکی سپی، خرپن، کورتە بنە، قژپڕ و ڕۆحسووک، هەمیشە پاڵتۆیەکی تەنکی خاکی لەبەردا بوو، پشتێنەکەی توند لەسەر کەمەری دەبەست و بە جانتا ڕەشە درێژکۆلەکەی دەستییەوە و بە پێڵاوە بەرزەکانییەوە، بەخێرایی بە کۆڵانەکەماندا دەڕۆیشت. دایکم چەندان جار بۆی گێڕاوینەتەوە، کە خاتوونە هاتووە، هەر لە دەرگای دەرەوە هاواری کردووە بۆ حەزرەتی عیسا و یەک کیلۆ

نانیشی کردووە بەخێر، تا منداڵ بوونەکە بەبێ ئازار و بەبێ گیروگرفت تەواو بێت.

سەیری دالیا دەکەم و بیر لە سلێمانی و خاتوونە دەکەمەوە؛ خاتوونە مامانی زۆربەی ژنانی خەڵکی سلێمانی بووە، هەموویشمان قەرزاری ئەو خانمەین، کە پەپوولەئاسا بە گەڕەکەکانی سلێمانیدا گەڕاوە و نانی کردووە بەخێر و یارمەتی لە دایک بوونی ئێمەی داوە.

بارانە بە خوڕەکەی دەرەوە دەمهێنێتەوە بۆ ژوورەکە، بۆ لای دالیا، لە پەنجەرەکەیشەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، لە بەرخۆمەوە دەڵێم:

"ئەمڕۆیش هەروەک پار ئەم کاتە، بارانە!"

١٠/٤

ستۆکهۆڵم

لە کڵێساکەی گەڕەکین، منداڵەکان یاری دەکەن، دایک و باوکەکانیش پێکەوە، دوو دوو و سێ سێ، باسی منداڵەکانمان دەکەین:

"کوڕەکەم دوو ڕۆژە نەخۆشە و ئەمڕۆ تۆزێک باش بووە."

"زۆر ماندووم، کچەکەم گڕۆزە و هەر لەبەیانی زووەوە، بە گریان خەبەرمان دەکاتەوە."

"کوڕەکەی منیش وایە، بەڵام نیوەڕوان باش دەنوێت."

"کچەکەی من هەمیشە نەخۆشە، هەر هەوایەکی سارد لێی بدات، نەخۆش دەکەوێت!"

زۆربەی منداڵەکان مەمکەمژەیان لە دەمدایە، دالیا لەبەر

ئەوەی خۆی مەمکەمژەی نەبووە، رەوشەکەی بەلاوە سەیرە، سەیریان دەکات و لەوە دەچێت نەزانێت مەسەلە چییە؛ تۆ بڵێی گەمەیەک بێت و ئەو بەشدار نەبێت، وەک ئەوەی وا بیر بکاتەوە. خۆی بڕیار دەدات و ئەو گەمەیەیان لەگەڵ دەکات، بە ناویاندا دەگەڕێ و لە پڕ مەمکەمژەکانی دەمیان دەڕفێنێت، ڕادەکات و دەچێتە سووچێکەوە و دەیخاتە دەمییەوە. ڕادەکەم بە دوایدا و مەمکمژەکانی لێدەسەندمەوە، پێی دەڵێم، کە ئەوە هی ئەو نییە و بۆی نییە مەمکەمژەی دەمی ئەوان بخاتە دەمی خۆیەوە.

دالیا قایلە، سەیرم دەکات و پێدەکەنێت!

١٠/٥

ستۆکهۆڵم

هەندێک یادەوەریی منداڵیی لای مرۆڤ دەبێتە چیرۆکگەلێکی خۆش و لە هەست و هۆشدا دەمێنێتەوە و زۆرجار بە بزەیەکی لێوانرێژەوە بە خۆشییەوە دێنەوە یادمان. من تاکو ئێستایش لە یادمە چۆن چۆنی مەمکەمژەکەی دەمم فرێدا، ئەو مەمکەمژە لاستیکەی هاوڕێیەکی هەمیشەییم بوو، بەبێ ئەو خەوم لێ نەدەکەوت و بەبێ ئەویش ژیانە ساکارە بچووکەکەی ئەو ڕۆژگارانەم بۆ نەدەبرایە سەر، تەنانەت لەگەڵ خۆم دەمبرد بۆ قوتابخانەیش و لە پشووەکاندا، بە دزییەوە مژێکم لێ دەدا.

باوکم دەستێک جلی کوردی بۆ کڕیبووم، گەورە بووم، نازانم ڕێک تەمەنم چەند دەبوو، بەڵام دەزانم و لە بیرمە ماڵمان لە گەڕەکی کانێسکان بوو. دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، جلە کوردییەکانم لەبەرکردبوو، دوو فەقیانەی

سپی به هەردوو قۆڵەکانمەوە، تا ئانیشکەکانم شەتەک درابوون و زیاتر لە کوڕە ئاغایەکی یەکێک لە گوندەکان دەچووم، نەک کوڕی فەرمانبەرێکی موچەخۆری ئاسایی شارییەکی گەرەکێکی میللی سلێمانی. مەمکەمژەکەیشم لە دەمدابوو، لەبەر دەرگای ماڵی خۆمان، لەسەر بەردێک، وەک کارەکتەرێکی ناو شانۆنامەیەک وەستابووم و دەمڕوانییە بەرپێی خۆم، مژم لە مەمکەمژەکەم دەدا و جاجارە سەیرێکی ئاسمانیشم دەکرد و لە ئاسۆ دوورەکانم دەڕوانی. لە پڕ لەوسەری کۆڵانەکەوە پاسکیلسوارێک دەرکەوت، لێم نزیک بووەوە و بە بەردەممدا ڕەت بوو، پاسکیلێکی گەورە، پاسکیلسوارەکەیش کوڕیژەیەکی مێردمنداڵ، قاچەکانی بە ئاسانی نەدەگەیشتنە پایدەرەکان و هەموو توانای جەستەی، وەک سەمازانێک بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی پاڵ بە پاسکیلەکەیەوە بنێت و پایدەرەکانی لێبدات.

ئەم دیمەنە سەرنجی ڕاکێشام، بە وردی تەماشای ئەو کوریژەیەم دەکرد، لە پاسکیلە گەورەکە ورد دەبوومەوە و نەدەچووە مێشکە بچووکەکەمەوە؛ سەیرە! کوریژەیەکی مێردمنداڵی گچکە، کورتەبنە و شتێک لەخۆم گەورەتر، بتوانێت ئەو پاسکیلە گەورەیە لێ بخوڕێت. بە مەمکەمژەکەی دەممەوە، دەستێکم بەرزکردەوە و لەخۆوە هاوارێکی بچووکم کرد:

”سەیری ئەو کوڕە بچووکە سواری ئەو پاسکیلە گەورەیە بووە!“

پاسکیلسوارەکە، بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێک بدات، هەربەدەم پاسکیل لێخوڕینەکەیەوە، بە هێمنی ئاوڕێکی لە من دایەوە، تەماشایەکی جلوبەرگەکانمی کرد و گوتی:

”سەیری ئەو پیاوە گەورەیە مەمکەمژەی لە دەمدایە.“

بەبێ ئەوەی پێم پێبکەنێت، بەبێ ئەوەی ڕابوەستێت و بەبێ ئەوەی هاوار بکات، هەر لە ژێر لێوەوە قسەی خۆی کرد و لەوسەری کۆڵانەکەوە دیارنەما. دەست بەجێ مەمکەمژەکەم لە دەمم دەرهێنا و بە خێراییی، وەک ئەوەی بمەوێت شتێکی نهێنی بشارمەوە، تاوانێکم کردبێت و نەمەوێت کەس پێیبزانێت، خستمە گیرفانی شەرواڵەکەمەوە و ڕامکردە ژوورەوە. لەو ڕۆژەوە چیتر مەمکەمژەم نەخستەوە دەمم.

دالیا بە پێچەوانەوە، حەزی بە مەمکەمژە نەکردووە، کە تەمەنی تەنها چەند مانگێکیش بوو، بۆمان کڕی، دەمانوویست لە هەندێک ساتی گریان و وڕکگرتن و شپرزەییدا بەکاری بهێنێت، ڕازی نەدەبوو، لەبری مەمە لاستیکەکە بۆ تاوێک گازی لە قەراغە ڕەقەکانی دەگرت و دواتر فرێیدەدا.

١٠/٦

ستۆکهۆڵم

ڕۆژەکەی خۆشە، هەتاوێکی شەرمن دەرکەوتووە، دالیا یاری دەکات و قایل نابێت بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. لیسا لە کار گەڕاوەتەوە و هاتووە بۆ لای ئێمە و هەرسێکمان لەبەر هەتاوەکە خۆمان گەرم دەکەینەوە، دالیا لە چاوتروکانێکدا بەرەو ئاوەکە ڕادەکات. ناچار دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە و لەسەر پێشنیازی لیسا، پێکەوە دەڕۆین بۆ پارکێکی تری منداڵان. کە دەگەینە پارکەکە پێکەنینم دێت، سەیرێکی لیسا دەکەم و دەڵێم:

”ئا ئەمە پارکەکەیە!“

تەنها درەختێک چییە تیایدا نییە، زیاتر لە شاخێکی کووڕی داتاشراو دەچێت، شوێنەکە بەردەڵانییە و بە تاوێرە بەردی گەورە، کە لە زۆر لاوە، هێندە دەستی پیاهێنراوە، لوس بوونە، ڕازاوەتەوە، بەڵام پڕە لە منداڵ و گەورە. یاری منداڵانی زۆر لێیە، گەورەکانیش لەگەڵ منداڵەکان گەمە دەکەن و ئەتمۆسفێرێکی تەژی لە خۆشی باڵی بەسەر ئەو پارکەدا کێشاوە.

لیسا خێراتر لە من تێکەڵاوی ئەتمۆسفێرەکە دەبێت، دالیا دەخاتە ئامێزییەوە و لەسەر یەکێک لە جۆلانەکان، دەکەوێتە جۆلانە و پێم دەڵێت:

"مرۆڤ بە جۆلانەکردن بەختیار دەبێت، وەرە لامەوە و تۆیش جۆلانە بکە."

من لە جێی خۆم ناجوڵێم، دەستەکانم خستۆتە گیرفانەکانمەوە و سەیری ئەوان دەکەم، لیسا زۆرم لێ دەکات، بەڵام من لە جێگای خۆم ناجوڵێم، ڕووم تێدەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێت:

"ناتەوێت بەختیار بیت؟"

"من هەر بەختیاریی تۆم دەوێت، لەگەڵ دالیا جۆلانەی خۆتان بکەن و منیش تەماشاتان دەکەم."

**نەسکێک**

منداڵ دونیا لە گەمەدا دەدۆزێتەوە، جا ئەم گەمەیە بە تەنیا، یان لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی تر و گەورەکاندا بکات. منداڵ لە ڕێگەی گەمەکردنەوە شارەزای ژیان و واقیع دەبێت و ئەزموون لەگەڵ ئەو شتانەدا پەیدا دەکات، کە دەیانکات. بەمەیش لە باری زمان و جووڵە جەستەییەکان و پێوەندی

نێوان مرۆڤ و تەنانەت کاری هاوبەش و هەستکردن بە یارمەتیدانی ئەوانی ترەوە، گەشە دەکات.

١٠/٨

ستۆکهۆڵم

دالیا لە عەرەبانەکەیدا نووستوە، من و لیسا لە لێواری دەرگای دووکانی کتێبفرۆشی (هێدێنگرێن)دا وەستاوین تا بچینە ژوورەوە. زوو زوو سەیری کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، چاوەڕوانی زەنگی کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆین، کە پاش چەند چرکەیەک لە دەنگی ڕادیۆی دووکانی کتێب فرۆشەکەوە بەرز دەبێتەوە.

هەموو ساڵێک و لەم ڕۆژەدا، هەواڵی خەڵاتی نۆبێڵ بۆ ئەدەب بڵاو دەکرێتەوە، دەرگاکانی ئەکادیمیای سوێدی لەبەردەم دەزگا و پەیامنێر و میدیاکانی جیهاندا دەکرێنەوە و ناوی ئەو نووسەرە ئاشکرا دەکرێت، کە دەبێتە خاوەنی پاداشتی نۆبلی ئەدەبی. هەموو ساڵێکیش، لەم ساتەدا، خەڵکێکی زۆر، لە نووسەر و هونەرمەند و هەوادارانی ئەدەب، هاوکات میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەم کتێبخانەی هێدێنگرێنە دا کۆدەبنەوە و گوێ لەو هەواڵەدەگرن، کە لە ڕادیۆوە پەخش دەکرێت.

بەرلەوەی بێین بۆ ئێرە، لە یەکێک لە ڕێستۆرانە نزیکەکاندا نانی نیوەڕۆمان خوارد، دالیا لەنێو کورسییەکاندا یاری دەکرد، خۆی دەشاردەوە و چاوشارکێی لەگەڵ دەکردم. ئێستایش ماندووە و خەوی لێ کەوتووە.

لیسا لە دەرەوە دەمێنێتەوە و چاودێریی دالیا دەکات، منیش دەرۆمە خوارەوە بۆ ناو کتێبخانەکە، دەنگی ڕادیۆکە

بەرزکراوەتەوە و خەڵکێکی زۆر بەدەم سەیرکردنی کتێبەوە دێن و دەچن، چاوەڕوان و گوێ قوڵاخی دەنگی ڕادیۆکەن. بۆ چرکە ساتێک ڕادیۆکە بێدەنگ دەبێت، خەڵکەکە لە شوێنی خۆیانەوە وەستاون و سەریان بەرزکردۆتەوە و سەیری ڕادیۆکە دەکەن، زەنگی کاتژمێرەکە یەکی دوای نیوەڕۆ ئاشکرا دەکات و بێژەرەکە بە دەنگێکی زوڵاڵ دەڵێت:

«ئەکادیمیای سوێدی پاداشتی نۆبێلی ئەدەبی ئەم ساڵ دەبەخشێت بە ڕۆمان نووسی ئەڵمانی (هێرتا میولەر.)»

خەڵکەکە لەگەڵ ئاشکراکردنی ناوی (هێرتا میولەر) دەیکەنە چەپڵە ڕێزان، کارمەندەکانی کتێبخانەکەیش دەستبەجێ کتێبەکانی بە هەردوو زمانی سوێدی و ئەڵمانی بە ڕازەوەیی، لەسەر مێزەکان بڵاو دەکەنەوە.

هێرتا میولەر دایکی لە ئەڵمانییەکانی ڕۆمانیا بووە، خۆی لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆمنیست (شاوشیسکۆ) لە دایکبووە و ڕۆمانەکانیشی بە زمانێکی بەرز گوزارشت لە چەوسانەوە و داگیرکردنی کیان و بوونی مرۆڤ، لە لایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە دەکات.

هێرتا میولەر باسی دەسەڵات و بەرگریکردن، هەروەها پێوەندییەکانی نێوان ڕاستی و درۆ، ڕاستگۆیی و بێوەفایی و لە خشتەبردن و توانای (زمان)، کە دەتوانێت بە شێوازێکی تەلیسماویی شتەکان بگێڕێتەوە، دەکات. ڕۆمانەکانی هێرتا میولەر بەرجەستەی ئەو مرۆڤانە دەکەن، کە ئەزموونی ژیان دروستیکردوون، کارەکتەرەکانی و ژیانی تایبەتمەندی خۆی نموونەیەکی ئەم بیرو بۆچوون و ڕووداوانەن. ڕۆمانەکانی هێرتا میولەر لە ئەتمۆسفێرێکی سەرکوتکەر و بەرگریکردندا و بە شێوەیەکی مێتافۆری چڕ و لە ئاستێکی

بەرزدا، لە دەوری جەستە و رژێم، میتۆلۆژی و سیاسەتدا دەسوورێنەوە.
هێرتا میولەر تا لە ڕۆمانیا دەژیا، نەناسراو بوو، نووسینەکانی دەکەوتنە ژێر سانسۆرێکی سەخت و دژوارەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ دا فرسەتی ئەوەی بۆ هەڵدەکەوێت ڕابکات و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ دەبێت، هەر زوویش دەبێتە یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی ئەڵمانیا.

خێرا دەچمەوە سەرەوە، لیسا بە رادیۆکەی خۆی گوێی لە هەواڵەکە بووە، من لای دالیا، کە هێشتا بە ئارامی لە عەرەبانەکەیدا نووستوە، بەجێ دەهێڵێت و ئەویش دەچێتە خوارەوە بۆ ناو کتێبفرۆشەکەی هێدێنگرێن. پاش تاوێک دەگەڕێتەوە و یەکێک لە بەرهەمەکانی هێرتا میولەری بە زمانی ئەڵمانی کریووە، کتێبە سوێدییەکانی دەستبەجێ تەواو دەبن، لیسا ئەڵمانی باش دەزانێت، کتێبەکە بە روومدا بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:
«هەر ئێستا دەست دەکەم بە خوێندنەوەی، کتێبە سوێدییەکانی تەواو بوون و هەفتەی داهاتوو، سەرلەنوێ هەموویان چاپ دەکرێنەوە.»
لیسا چاو بە لاپەرەکانی کتێبەکەدا دەگێڕێت، منیش پاڵ بە عەرەبانەکەوە دەنێم و دێینە دەرەوە، ڕۆژەکەی خۆشە و هەتاوەکە دەمووچاو و سیمامان گەرم دەکاتەوە. تا دەگەینە باخچەکەی ئەوسەری شەقامەکە دالیا خەبەری دەبێتەوە، لە عەرەبانەکەی دێتە دەرەوە، منیش سەیرێکی درەختەکان دەکەم و هەناسەیەکی خۆشیی هەڵدەمژم.
لیسا لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و دەکەوێتە

خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی هێرتا میولەر، منیش چاودێری دالیا دەکەم و دالیایش بە دوای کۆتر و باڵندە و سەگەکانی باخچەکەدا ڕادەکات.

١٠/٩

ستۆکهۆڵم

تاریک و روونی بەرەبەیانە، بە خەبەرم و لە جێگاکەمدا گینگل دەدەم، ڕایەخەکەم سارده و خەونم لێناکەوێتەوە، لیسا لەسەر کارە و دالیایش بە تەنیشتمەوە نووستوە و جارناجارێک گوێم لە هەناسەیەتی. لە ژووری نووستنەکە دێمە دەرەوە، سەیرێکی ڕووپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەمرۆ دەکەم، هەر هەمووی باسی هێرتا میولەرە. ئەو ئافرەتە باریکە چاو گەورە کورتە بنە بچووکەی بە نووسینەکانی ستراکتوری دەسەڵات و دیکتاتۆرییەتی هەژاندووە. بە شەرمەوە وەڵامی سەدان ڕۆژنامەی داوەتەوە، کە بەردەرگای ماڵەکەیان گرتووە: «ناتوانم باسی هیچ بکەم، باوەڕناکەم و وا هەست دەکەم لە خەوندا دەژیم.»

ئەمرۆیش دوای تێپەڕبوونی تەنها بیست و چوار کاتژمێر بەسەر خەڵاتەکە دا، چاوەکانی هێندەی تر کراونەتەوە و جەستە بچووکەکەیشی زیاتر لە بارستایی خۆی دیارە، ڕوو دەکاتە ڕۆژنامەنووسەکان و دەڵێت:

«ئەوە من نیم خەڵاتی نۆبڵم وەرگرتووە، ئەوە کتێبەکانمە.»

هێرتا میولەر باسی چاوی زمان دەکات، ئەو چاوەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕدرێت و ڕاستییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، نهێنییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات و بنەما قووڵەکانی ناوەوەی مرۆڤە تەنیا و لاوازەکانمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

دالیا دەخەمە جۆلانەی پارکی یاریکردنەکەوە، پاڵی پێوەدەنێم، بەرز دەبێتەوە و دێتەوە بۆ لای خۆم، ئەویش لەگەڵ گوژمی پاڵەکاندا سەیری ئاسمان دەکات، دیارە وێنەکان و تەنانەت منیش لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەبینێت، پێی خۆشە و پێدەکەنێت. جووڵانەوە یەکنەواکەی جۆلانەکە ئەندێشەم دەبات بۆ لای (پێر)ی هاوڕێمان، ئەو کوڕە سوێدییە ناسکەی چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بە نەخۆشی ژێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، ئەو کوڕە هێمنەی، کە لەگەڵ دووکەڵی جگەرەکەی و تۆنی ئەو مۆسیقایەی هەردەم دەیژەنی، سەیرێکی ئاسمانی دەکرد و یادەوەرییەکانی ئازاری دەدان.

ئەمڕۆ دوا ماڵ ئاوایی لێدەکەین.

تەرمەکەی لەناو سندوقێکدا و بە بەرزاییەکەوە دانراوە، قوماشێکی سووری پیا دراوە و وێنەیەکی جوانی دەمبەپێکەنینی خۆیشی، کە لە ساتە خۆشەکانی ژیاندا چرکێنراوە و زەمەنی لەو ساتەدا وەستاندوە، لەسەر دانراوە.کەسوکارو هاوڕێ نزیکەکانی بە کۆمەڵێ گوتاری هەستبزوێن ماڵئاوایی لێ دەکەن، هەندێک شیعر و مۆسیقا و گۆرانیش، وەک دوا کۆنسارتێکی ئەو هونەرمەندە بێپەروایە و بەیادی ئەوەوە، لە ریتواڵێکی خەمگیندا پێشکەش دەکرێت.

لەگەڵ خەڵکەکە دێمە دەرەوە، بە گۆڕستانەکەدا ڕەت دەبم، سەیری یەک بەیەکی گۆڕەکان دەکەم و هەست بە تەنیاییەکی کوشندە دەکەم. گۆڕستانەکە بە پێچەوانەی

گۆڕستانەکانی کوردستانەوە، ڕازاوەیە، پاک و خاوێنە و هەزاران داری تیا بەرزبۆتەوە و زیاتر لە سەیرانگا دەچێت.

وشکە سەرمایە، هەست دەکەم سەرماکە بە ئاسانی دێتە ناو جەستەمەوە، دەستەکانم دەخەمە گیرفانەکانمەوە و خۆم بچووک کردۆتەوە و هەنگاوەکانیشم خێراتر دەبن. خۆم دەگەیەنمەوە بۆ ماڵەوە. لە دوورەوە دالیا و لیسا لە پارکەکەدا دەبینم، گەمە دەکەن و گوێ بەسەرماکە نادەن و لە چرکەساتێکی ئارامدا دەژین.

ڕادەوەستم، بەبێ ئەوەی ئەوان هەستم پێبکەن و من ببینن، تاوێک لە دوورەوە سەیریان دەکەم، بزە دەمگرێت و بە چەند هەنگاوێکی خێرا خۆم دەگەیەنمە ئەوان و دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. بەدەم ڕێگاوە بیر لە مەرگ دەکەمەوە، گەر مردن نەبوایە ژیان چۆن دەبوو؟ ژیان پڕە لە ڕووداوی چاوەڕواننەکراو و چارەنووسی نهێنی، تەنها شتێک هەموو دەیزانین ئەوەیە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو شتێک کۆتایی دێت. لەو ڕۆژەوەی لەدایک دەبین بە ڕێگاوەین بۆ مەرگ و هەموو ژیانیشمان لە خۆئامادەکردنداین تا ئەم ژیانە بەجێبهێڵین.

١٠/١٢

ستۆکهۆڵم

هەمیشە دەبێت هەر لێرەوە دەست پێ بکەین، بەیانی زووی ڕۆژێکی نوێ. هەموو شتێک ئاسایی و لە هەمان کاتدا نامۆیشن، خەڵکانێک بەرەو کارەکانیان دەچن، هەشە لە پێخەفەکانیان نەهاتونەتە دەرەوە. ئێستا، کە ئەم دێڕانە دەنووسم، ئەو چرکەساتەیە، کە زۆر کەم هەستێکی

وام لە ژیاندا هەبووە، هەست بە قوورساییەک دەکەم، قوورساییەکی وەها هەستی بەسەربردنی ژیانم لا نامێنێت. جۆرە فۆرمێکی ساکار و ئاسانی ژیان لەگەڵ منداڵێکدا، سەرلەنوێ گەورەبوون لەگەڵ منداڵێکدا. لەم ساتەدا، لەخەو هەڵدەستم، منداڵەکەم پاک دەکەمەوە و نانی دەدەمێ، جگە لەوە هیچیتر ڕوونادات، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە هیچ ڕوونادات، شتێکی یەکلاکەرەوە لە خودی مندا دەگوزەرێت. ڕووداوێکی گەورە ڕوودەدات.

ئەمڕۆ دالیا، بە پێچەوانەی ڕۆژانی ترەوە زوو لەخەو هەستاوە، لە بەردەرگاکەی دەرەوەدا وەستاوە، دەکێشێت بە دەرگاکەدا و دەیەوێت برۆینە دەرەوە. من بە تەواوی خەو بەری نەداوم، باوێشک دەدەم و دەمەوێت دالیا بخڵافێنم، بەڵام سوودی نییە. دەیخەمە سەر کورسییە تایبەتیەکەی خۆی، کە ناتوانێت بجوڵێت، لەنێو دەرگای حەمامەکەدا دایدەنێم و کتێبێکی دەدەمە دەست بۆ ئەوەی خۆی پێوە خەریک بکات، خێرا لێم تێدەگات، بەباشی لە هێمای کۆدەکان دەگات، دەزانێ من خۆم دەشۆم و دەبێت ئەو چاوەڕێ بکات.

کە، لە حەمام دەبمەوە و لێی دێمە پێشەوە، سەیردەکەم لایەکی کتێبەکەی خواردووە، هەرچەندە بەرگی کتێبەکە ڕەقە، بەڵام ئەو وەک مشک کرتاندوویەتی.

١٠/١٤

ستۆکهۆڵم

لە پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەمانەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، ڕێبوارەکان خۆیان بەباشی پێچاوەتەوە

و هەنگاوەکانیان خێرا کردووە، هەست بە کزەبا ساردەکە دەکەم و پروشەی بەفرە. توێژاڵێکی تەنکی شەختەی سپی بەفریش خۆی کێشاوە بەسەر ڕێگاوبان و دار و درەختەکاندا و بە ئاسانی هاڵاوی دەمی ئەو ڕێبوارە تاک و تەرایانە دەبینم، کە بە ڕێگاوەن بۆ سەر کارەکانیان. دالیا لامەوە وەستاوە و ئەویش سەیری دەرەوە دەکات، پەنجەم ڕادەکێشێت و بەرەو دەرگاکەی دەرەوەم دەبات و دەست بۆ پێڵاوەکانم ڕادەکێشێت.

جلە زستانە گەرمەکانی لەبەر دەکەم و دەچینە دەرەوە، هەوا ساردەکەی بەلاوە سەیرە و لە حەیبەتدا چاوە بچووکەکانی دەنوقێنێت. دوای هەر هەنگاوێک دەکەوێت، هەڵیدەسێنمەوە و هەنگاوێکی تر دەنێت و دەکەوێتەوە و بە زەحمەت ڕێ دەکات، لە من وایە جلەکانی قورسە و کاتێکی پێویستە تا لەگەڵیان ڕادێت. دواتر سەرنج دەدەم پێڵاوەکانیم بە تاکە و تاک لەپێ کردووە، لەبەر ئەوە ناتوانێت بەباشی بڕوات. هەندێک بەخۆم پێ دەکەنم، بە پەلە پێڵاوەکانی دادەکەنم و بە ڕاستی لە پێیان دەکەمەوە، هەرچەندە سەرماکەیش زۆری بۆ هێناوین و دەستەکانی هەردووکمان تەزیون، کە پێڵاوەکانی لە پێ دەکەمەوە، وەک ئاسکە کێوییەک ڕادەکات.

بە کەناری ئاوەکەدا بەرەوخوار دەبینەوە، لە پڕ وەک دوو نەهەنگی گەورە، بەم سەرمایە دوو کوری گەنج بە ڕووتی، کە لەوبەری ئاوەکەوە بە مەلە هاتوون، دێنە دەرەوە، لە کەناری ئاوەکە لەبەر چاوی ئێمە، بەڵام بەبێ ئەوەی گوێشمان بدەنێ، هەندێک وەرزش، بە جووڵەی زۆر خێرای میکانیکی دەکەن و سەرلەنوێ خۆیان فڕێ

دەدەنەوە بۆ ناو ئاوەکە و بە مەلە دەگەڕێنەوە ئەوبەر. دالیا بە حەپەساوی، بەبێ ئەوەی چاو بتروکێنێت سەیریان دەکات، دواتر سەیرێکی من دەکات و زەردە دەیگرێت.

ئەم ژیانەی ئێستام سەرلەبەری گوزەرانمی گۆڕیوە، دالیا بووە بە بەشێکی گرینگ و بەراورد بە جاران، زیاتر لە ماڵەوەم: دالیا پەروەردە دەکەم، نانی دەدەمێ، بەلانی کەمەوە ڕۆژی چوار جار داییبیەکەی دەگۆڕم، پاکی دەکەمەوە، جلەکانی دەگۆڕم، ماڵ پاک دەکەمەوە، جل دەشۆم، پێداویستییەکانی ناو ماڵ دەکڕم، دەچینە دەرەوە و لە پارکەکاندا یاری دەکەین، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەم بوارێک بۆ نانخواردنی خۆم، بۆ خوێندنەوە وجاروبار بۆ نووسینیش بدۆزمەوە. ئەمەیش ژیانم بە جۆرێکی تر پیشان دەدات، کە دونیا بەم شێوەیەش پیشانی دالیا دەدەم، وا لە ژیانی خۆیشم دەکات، کە شایەنی ژیان بێت.

دالیا ئەمڕۆ لایەنێکی تری کەسایەتی خۆیم پیشان دەدات، تووڕەیە، دەگری و خۆی بە ئەرزەکەدا دەدات و مانم لێدەگرێت و بە هیچ شێوەیەک بۆم نایەتە سەر بار؛ سەرماکەیە یان برسییەتی، نازانم! ناچاری دەکەم بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، هەر هەموو شتەکانی بەناو ژوورەکەدا بڵاو دەکاتەوە، قایل نابێت دەستیان بۆ بەرم، ماندووە و ناشیەوێت بنووێت.

دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە، پاڵی دەخەم و دەچینەوە دەرەوە، دەست بەجێ خەوی لێ دەکەوێت، بەتانییەکەی تێوە دەئاڵێنم و بەرەو قاوەخانەیەک دەڕۆین، قاوەخانەکە

چۆڵە و کەسی لێ نییە، لە سوچێکدا عەرەبانەکە دادەنێم و خۆیشم لایەوە دادەنیشم، چایەک دەخۆمەوە و گەرم و خۆشە. لە پڕ قاوەخانەکە پڕ دەبێت لە خەڵک، لەگەڵ هەر دەرگاکردنەوە و دەرگا داخستنێکدا دالیا دادەچڵەکێت و خەوەکەی لێ دەشێوێنن. ناچار دەبین بچینە دەرەوە، بەلای چەپی سەنتەرەکەدا دەڕۆینە خوارەوە بۆ پارکی میوە، هەندێک منداڵی تری لێیە، دالیا دەکەوێتە باڵەفرە، لە عەرەبانەکەی دەردەهێنم و بە پەلە ڕادەکاتە ناویانەوە!

١٠/١٥

ستۆکهۆڵم

بڕیارە ئەمڕۆ (ها)ی هاوڕێم لە ئۆسلۆوە بگاتە ستۆکهۆڵم، من و دالیا دەچین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر و چاوەڕوانی دەکەین، ئەو شەمەندەفەرەی پێی دێت، دوو کاتژمێر لە کاتی خۆی دوا دەکەوێت، ئەمەیش فرسەتێکە بۆ دالیا تا بە ئارەزووی خۆی لە هۆڵە گەورەکەی وێستگەی شەمەندەفەر گەمە بکات: هەموو شتێک بۆ ئەو تازەیە، هەموو شتێک جێگای سەرنجە و منیش هەوڵ دەدەم هەندێک شت بە چاوی دالیا ببینم.

(ها) دوو منداڵی هەیە، کچە گەورەکەی قۆناخی دوا ئامادەیی تەواو کردووە و کاتی خۆی (ها)یش، وەک من بۆ ماوەیەک لە ماڵەوە بەدیار کچەکەیەوە دەبێت، جارێکیان یادگارێکی خۆشی بۆ گێڕامەوە: (ڕۆژێکیان کچەکەی دەخاتە ناو عەرەبانەکەیەوە و دەڕۆن بۆ ناو بازاڕ، کچەکەی هەر زوو خەوی لێ دەکەوێت، ئەویش دەچێتە قاوەخانەیەک و کتێبێک دەردەهێنێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی.

هێدی هێدی دەچێتە ناو ڕووداوەکانی کتێبەکەی دەستییەوە و کچەکەی و عەرەبانەکەی بە تەواوی بیردەچێتەوە. پاش ماوەیەک هەڵدەستێت، پارەی قاوەکەی دەدات و دەڕوات، لە پڕ لە شوێنێکی دوور لە قاوەخانەکە بیری دەکەوێتەوە، کە کچەکەی بە عەرەبانەکەوە لەبیر چووە. لە ڕەوشێکی شپرزە و پشێوی و دڵە خورپەیەکی زۆر و نائارامیدا، بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە بۆ قاوەخانەکە، بەدەم ڕێگاوە بیر لە چەندان سیناریۆی ناخۆش دەکاتەوە، ئەگەر عەرەبانەکەی لێ نەمابێت، ئەگەر کچەکەی لە خەو هەستابێت و بە دوای باوکیدا گریابێت... هتد، کە دەگاتەوە قاوەخانەکە، عەرەبانەکە هەر لە جێگای خۆیدایە و کچەکەیشی خەبەری نە بۆتەوە. ئەو کچەی لە قاوەخانەکە کار دەکات، هەست بە شپرزەیی هاوڕێکەم دەکات و بۆی دەردەکەوێت، کە عەرەبانەکەی بیرچووە، بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێت:

«چاوم لێت بوو بە تەنها چوویتە دەرەوە، وام دەزانی دەچیت جگەرە بکریت و دێیتەوە ژوورەوە، من ئاگاداری عەرەبانەکەت بووم، تۆ هەر دیار نەبوویت.»

من و دالیا ماندووین، ڕۆژێکی تەواوە لە دەرەوەین، دالیا خەوی دێت و گرژۆزە، دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە و لەگەڵ میوانەکەمان دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. لیسا لە ماڵەوە چاوەڕوانمانە، دالیام لێ وەردەگرێت و ئێمەیش دەچینە دەرەوە، لای ئێوارەیش دەچین بۆ شانۆی شار و شانۆنامەی (نەورەس)ی چێخەف دەبینین.

دەمێکە نەچووم بۆ شانۆ، ئەم شەویش لەگەڵ (ها)ی هاوڕێم بە فرسەتم زانی ئەم نەمایشە ببینین: یان هۆکانسۆن،

کە ریژیسۆرێکی دیاری سویدییە، سەرلەنوێ لە رووسییەوە دەقەکەی وەرگێڕاوەتەوە و هەرخۆیشی بەکاری ریژی هەستاوە. ئەم هونەرمەندە پسپۆرە لە شانۆی برێشت دا و تا ئێستا چەند شانۆنامەیەکی برێشت–ی بە سەرکەوتویی پێشکەش کردووە.

کە لە شانۆکە دێینە دەرەوە، دونیا بە تەواوی تاریکە، دەگەڕێینەوە بۆماڵەوە، دالیا نووستوە و لیسایش چاوەڕوانمانە.

١٠/١٦

ستۆکهۆڵم

ڕۆژێکی سارد و باراناوییە، دەچینە دەرەوە، دالیا لە عەرەبانەکەیدا دانیشتوە و نایەوێت بێتە دەرەوە، دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. دالیا بەم ڕۆژە ناخۆشە باراناوییە، پێنج جار خۆی پیس دەکات، کە دەیگۆڕم سەیرم دەکات و پێدەکەنێت.

١٠/٢١

ستۆکهۆڵم

لەم یەک دوو ساڵەدا، لە سوێد ڕێژەی لە دایکبوونی منداڵ ئێجگار بەرزە، ڕۆژنامەکان بە ڕێژەیەکی زۆر، هەروەک ئەوەی، لە بری تۆپباران، منداڵباران کرابین، ئاماژەی بۆ دەکەن و شارەکان بە کۆرپەی تازە لە دایکبوو تۆپباران کراوە. ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا بە سەرشەقام و ناو پاس و پارک و شوێنە گشتییەکانەوە دیارە، کە دەچمە دەرەوە بە تەنیا نیم

و دەیەها دایک و باوکی گەنج دەبینم پاڵ بە عەرەبانەی منداڵەکانییانەوە دەنێن. لایەنە بەرپرسیارەکان لە ستۆکهۆڵم چەندان چالاکیی تایبەتمەندییان بۆ ئەم کۆرپە ساوایانە و بە پێی تەمەن ئامادە کردووە، بۆ نموونە: شانۆی ساوا، ریتمی ساوا، سینەما بۆ منداڵی ساوا، مەلەوانگە و ژووری تایبەت بە منداڵان... هتد ئەم شوێنانە چەندە بۆ ساواکانە، هێندەیش و بگرە زیاتریش بۆ دایک و باوکەکانە. بۆ نموونە شانۆی ساوا بە شێوازێکی ساکار پێوەندییەکی خۆڕسک لەنێوان منداڵەکان و ئەکتەرەکان لەلایەک و منداڵەکان و دایک و باوکەکان لەلایەکی ترەوە دروست دەکات.

لە لۆکاڵی کلێساکە، لەگەڵ گروپێک دایک و باوک و منداڵە ساواکانییان، سەیری نەمایشێکی منداڵان، یان بەشداری نەمایشێکی لەو شێوەیە دەکەین. دایکەکان/باوکەکان بە شێوەیەکی بازنەیی لەسەر زەوییەکە دادەنیشین و منداڵە ساواکانمان بە سنگەوەیە، یان لە ئامێزماندایە و ئەگەر تەمەنیان لە ساڵیش تێپەڕیبێت، ئەوە لە بەردەماندایە.

ئەکتەرەکە/ئەکتەرەکان چیرۆکێک، کتێبێکی منداڵان، یان هەر شتێکی تر، بە شێوەیەکی فیزیکی دەگێڕنەوە، هەموو جەستەیان بەکاردەهێنن و هەندێک جار کەرەستەی وەک پارچە قووماش، بووکەڵە، ئامێری مۆسیقا، زەنگ، ڕەنگی زەق... بەکار دەهێنن. بەم شێوەیە سەرنجی منداڵەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، دایک/باوک-ەکان پێدەکەنن و جاری وا هەیە ئەو منداڵە ساوایانە بە خێرایی و بە گاگۆڵکێ دەچنە بەردەمی ئەکتەرەکان و پیایاندا هەڵ دەگەڕێن.

من خۆم هەموو ڕۆژێک لە ماڵەوە، وەک لێبوکێک شانۆ بۆ دالیا نەمایش دەکەم، لەسەر قەنەفەکان دادەنیشێت و پاڵ دەدات

بە گۆشەکانەوە و پێدەکەنێت، هەر بۆیە ئەم شانۆی منداڵانە هێندە جێگای سەرنجی ئەو نین و دەیەوێت بچینە دەرەوە.

دەچینەوە پارکەکەی لای ماڵی خۆمانەوە، عەرەبانەکەی لە سوچێکدا ڕادەگرم و دەیهێنمە دەرەوە، یەکسەر ڕادەکات و بەدیار عەرەبانەی منداڵەکانی ترەوە دەوەستێت، سەیریان دەکات، دەستییان بۆ دەبات، پاڵیان پێوە دەنێت، پیایاندا هەڵدەگەڕێت و هەندێک جار دەیەوێت بچێتە ناویانەوە. هەرگیز نەمدیوە منداڵەکانی تر بەم شێوەیە سەیری عەرەبانەی منداڵەکانی تر بکەن. عەرەبانەکەی دالیا لە هی هەموویان جوانترە، تازەترە و لە هەمووشیان پاک و خاوێنترە.

بەر لە لەدایکبوونی دالیا بە چەند مانگێک ئەم عەرەبانەیەمان کڕی، پارەکەیمان دا و هەر لە دووکانەکە بەجێمان هێشت تا بۆمان هەڵبگرن، بە هەفتەیەک بەر لە دایکبوونی دالیا چووینەوە بۆ دووکانەکە بۆ ئەوەی عەرەبانەکە بهێنینەوە. ژنی خاوەن دووکانەکە، بە دەمێکی پڕ لە خەندەوە پێی گوتم:
«من تۆم باش لە یادە، بەڵام هیچ عەرەبانەیەکم لە یاد نییە!»

هەست دەکەم دالیا برسییەتی، دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، ئەسانسێرەکە شکاوە و کار ناکات، ناچارم عەرەبانەکە لە خوارەوە دابنێم و دالیا بە باوەش بۆ نهۆمی سێ بەرمە سەرەوە، لەبەر دەرگاکەی ماڵی خۆماندا دایدەنێم،

هەناسەبڕکێم پێکەوتووە و عارەقەم دەرداوە و خەریکی کردنەوەی دەرگاکەم. لە پڕ دالیا لە پشتمەوە هاواری لێ بەرز دەبێتەوە، بە پەلە ئاوڕ دەدەمەوە؛ دالیا بە تل لەسەر پێپلیکەکانەوە خل بۆتەوە بۆ خوارەوە، هیچ نابینم، لە چاوتروکانێکدا بە بازێکی گەورە قەلەمباز دەدەمە خوارەوە، هەڵیدەگرمەوە و دەیگرم بە باوەشمەوە، دەینووسێنم بە سنگمەوە و دەیهێنمەوە بۆ سەرەوە. ژیر نابێتەوە، لەو بڕوایەدا نیم هیچ شوێنێکی ئازاری پێگەیشتبێت، بەڵام ترساوە و بە کوڵ دەگری و سەیری هەر چوار دەوری خۆی دەکات.

١٠/٢٢

ستۆکهۆڵم

لە باخچەیەکی ساوایانین، دالیا بە دوای تۆپێکدا ڕادەکات، بەڵام نایگاتێ و هەر لێی نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت بیگرێت، قاچی بەریدەکەوێت و تۆپەکە خل دەبێتەوە، دەگاتەوە لای و شەقێکی تێهەڵدەداتەوە و بۆی ناگیرێت. ئەم ڕاکردنەی دالیا بە دوای ئەم تۆپەدا، ئەم شیعرە جوانە کوردییەم بیردەخاتەوە، کە خۆم بە منداڵی هەزار جار گوتومەتەوە.

ئەی تۆپەکە<br>
فتبۆڵەکە<br>
من دێم لە دەستم ڕامەکە<br>
تۆ تۆپی یاریکردنی<br>
وەک کولەکەی<br>
رۆحی منی

ئەم شوێنە تایبەتە بەو منداڵانەی، کە هێشتا نەچوونەتە باخچەی ساوایان و دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، دەتوانین بێین بۆ ئێرە و دالیا لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا یاری بکات. یاریش دەکات. لەم سەرەوە ڕادەکات بۆ ئەوسەر، یاری بە تۆپەکان دەکات، عەرەبانە ڕادەکێشێت، گاز لە لووتی ئەسپەدارینەکان دەگرێت، بووکەڵەی دەستی منداڵێکی تر دەرفێنێت، چەپڵە لێ دەدات و لە دونیای خۆی دایە.

ساتی گۆرانیگوتنە، دوو پێداگۆک، چەند گۆرانی و بەیتی تایبەت بە منداڵان، بە یارمەتی هەندێک بووکەڵەی بچووک و بەکارهێنانی دەست و جەستە، وەک زمانێکی ئاماژە، دەڵێن. منداڵەکان لە ئامێزی دایک و باوکەکاندا دادەنیشن و ئێمەیش وەک کۆرس گۆرانییەکان دەڵێینەوە، دالیا هەر بۆ چەند ساتێکی کورت دەتوانێت بەبێ جووڵە دابنیشێت، لە ئامێزم ڕادەکات و ئەو شتانەی بە دەست پێداگۆکەکانەوەیە، لە گۆرانیگوتنەکاندا دەرفێنێت، سەیری من دەکات و پێدەکەنێت.

(مامە) تەنها وشەیەکە، کە تاکو ئێستا دالیا دەیزانێت و بەکاری دەهێنێت؛ مامە وشەیەکی ئەفسونییە، هەموو شتێک بۆ دالیا مامە-یە و هەموو شتێک مانای مامە دەگەیەنێت، مامە دایەیە و لە هەمان کاتدا بابەیشە. ئەم وشەیە بۆتە ئەفسونێکی زمانەوانی و زمانی گفتوگۆی ئێمە و دالیا و هەموو جیهان لە پشت پیتەکانی ئەم وشەیەوە دیارە.

هەگبە زمانەوانییەکەی دالیا تەنها وشەیەک یان دوو وشەی تێدایە، بەڵام بۆ تێگەیشتن، زیاتر لەوە تێ دەگات، بۆ

نموونە دەزانێت من بە زمانێک و لیسا بە زمانێکی تر قسەی لەگەڵ دەکەین، ئەو دەنگانەی لەگەڵ من بەکاریان دەهێنێت جیاوازترە لەو دەنگانەی، کە لەگەڵ لیسا بەکاریان دەهێنێت. زمانی جەستە و ئاماژەی ئاشکرایە و جەستەی بۆتە زمان و کتێبێکی نووسراو و زۆرجار ناچار دەبین، کە ئەو کتێبە بخوێنینەوە و تێیبگەین.

١٠/٢٦

ستۆکهۆڵم

داليا تایەکی گەرمی لێ هاتووە، بێهێزە، دەڕشێتەوە و نەخۆشە و بەردەوام وەنەوز دەدات و زوو زوو خەوی لێ دەکەوێت و بە گریانەوە خەبەری دەبێتەوە. دەرەوە تاریک بووە، لیسایش دوای ڕۆژێکی درێژی پڕ لە ماندوو بوون، لەسەر جێگاکەی، بە تەنیشت دالیاوە نووستوە. کاتژمێری سەر مێزەکەیش بە چرکە چرک: چک، چک، چک، چک پاڵ بە زەمەنەوە دەنێت.

داليا توند هەناسە دەدات، بەدەم خەوەوە قسە دەکات و تاکە زۆری بۆ هێناوە، خەبەری دەبێتەوە و دەگری و هەمدیس خەوی لێ دەکەوێتەوە.

بە چەند هەنگاوێکی گران دەچمە بەر پەنجەرەی ژوورەکە، دەرەوە تاریکە و لە ژێر ڕووناکییە کزەکەی گلۆپی سەر شەقامەکەوە چەند کەسێک دەبینم، دەڕۆن و لە تاریکییەکەی ئەو سەری شەقامەکەدا بزر دەبن. ئەندێشەم دەچێت بۆ ئەو فیلمە بێدەنگەی، کە ماوەیەک لەمەوبەر دیوومە، هەموو ڕووداوەکانی بە شێوەی چەند وێنەیەکی یەک بە دوای یەکدا، لە تاریکی و ڕووناکیدا، دەهاتن و دەچوون.

چەند بەدمەستێک لە بارێکەوە دێنە دەرەوە و دەڕۆن بۆ بارێکی تر، دوو عاشق دەستییان لەناو دەستی یەکتردایە و بە دیار شەوەوە دانیشتوون و لە خۆشەویستیدا بە چپە دەدوێن و چوونەتە نێو یەکترەوە، کەسێکی بە تەمەنی نەخۆش لە سەرەمەرگ دایە و کەسوکارە نزیکەکانی بە دیارییەوە دانیشتون، ژنێک بە ژوورێکدا دێت و دەچێت و نازانێت بۆچی مێردەکەی نە گەڕاوەتەوە، زوو زوو سەیری کاتژمێری سەرمێزەکەیان دەکات و کات یەکی شەو پێشان دەدات، پیاوێک لە پرخەی خەودایە و ژنەکەی بە تەنیشتییەوە پاڵکەوتوە و خەوی لێ ناکەوێت، چاوی بڕیوەتە ساپیتەی ژوورەکە و بیر لە چارەنووسێکی نادیار دەکاتەوە.

تاریکی
ڕووناکی و دیمەنێکی تر

ژن و مێردێکی گەنج شەو بەدیار منداڵە نەخۆشەکەیانەوە دەکەنەوە.

نوزەیەکی دالیا بە ئاگام دێنێتەوە، دەگەڕێمەوە بۆ ژووری نووستنەکە، سەیرێکی لیسا و دالیا دەکەم، هەست دەکەم چرکە چرکی کاتژمێرەکە خێراتر هەنگاوەکانی دەنێت و کاتە بەسەرچووەکان لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێت، منیش هەست دەکەم لە تاریکییەکەدا ون دەبم.

١٠/٢٩

ستۆکهۆڵم

دوای هاوینێکی خۆش، بەرەو پایز دەڕۆین، ستۆکهۆڵم لەم وەرزەدا ئێجگار جوانە، گەڵای درەختەکان لە سەوزەوە دەبن بە زەرد و سوور و ئاهەنگی ڕەنگەکان پێک دەهێنن: ڕەنگی زەرد، زەردی تۆخ، سوور و تەنانەت ڕەشیش تێکەڵاو دەبن و دەبنە تابلۆیەکی جوان و سەرشەقام و گۆڕەپان و گەرەکەکان دەبنە پێشانگایەکی ڕازاوەی کراوە، هەوا بۆنی خاکیی لێ دێت. گەڵاکان هێدی هێدی و هەندێک جاریش بە خێرایی دەکەونە خوارەوە، بڵاو دەبنەوە و جار جارەیش ڕەشەباکە بە هەموو شوێنێکدا بڵاویان دەکاتەوە و هەموو شتێک ئامێزی بۆ ئەرز و ئاسمان کردۆتەوە. درەختەکان خۆیان ڕادەوەشێنن و فەرشێکی پڕ لە ڕەنگ و گوڵە جوانەکانمان بۆ ڕادەخەن، کە مرۆڤ بە ڕێگادا دەڕوات خشە و شەونمی چاوی گەڵاکان سمفۆنیایەک چێ دەکەن.

گەڵاڕێزانە، بە ڕاستی گەڵاڕێزانە و شار بۆتە شیعرێکی پایزەیی.

دەنووشتێمەوە و گەڵایەک هەڵدەگرمەوە، دڵۆپە شەونمەکان بە شەرمنی دەکەونە سەر لەپی دەست و بەر پەنجەکانم دەکەون. دالیا، کە سەیری ئەم گەڵا ڕەنگاو ڕەنگانە دەکات دەگەشێتەوە، بە ناویاندا ڕادەکات و گەڵاکان هەڵدەگرێتەوە و دەیگرێت بە باوەشییەوە. منیش بە هەردوو دەستم باوەشێک گەڵا کۆدەکەمەوە، بەرزیان دەکەمەوە و هەڵیان دەدەم بە ئاسماندا و هەندێک لە گەڵاکان بەسەر و گوێلاکی دالیادا دێنە خوارەوە. دالیا سەیرم دەکات و

پێدەکەنێت، دەیەوێت لاسایم بکاتەوە و گەڵاکان هەڵدەدات، بەڵام وەک من بەرز نابنەوە و دەکەونەوە خوارەوە. هەندێک جار ژیان ئازارە، ژانە و مرۆڤ لە دۆزەخدا دەژی، بەڵام هەمیشەیش شتێک هەیە، کە مرۆڤ بۆی بژی، بۆ نموونە وەک ئەم ساتە و ئەم ڕۆژە پایزە و ژیان لەگەڵ منداڵێکدا؛ من و دالیا.

بەناو گەڵاکاندا دەپەڕینەوە بۆ ئەوسەری شەقامەکە، لەوێوە دەڕۆین بۆ باخچەی ساوایان، کە دەکەوێتە بەری ئەوبەری دەستەچەپی گۆڕەپانەکە و خۆمان ناو نووسکردوە بۆ وێنەگرتن. دەچینە ژوورەوە، ئافرەتێکی قەیرە لەبەر ژوورێکدا دانیشتوە، بنێشت دەجوێ و گۆرەوی دەچنێت، سیمای شیرینە و ڕێک پۆشە و لەوە دەچێت، ئەویش چاوەڕوانی منداڵەکەی بکات.

لە کاتی دیاریکراوی خۆماندا دەچینە ژووری وێنەگرتنەکە، ئەو ئافرەتەی لە دەرەوە گۆرەوی دەچنی، لە ژوورەوەیە و وێنەگرەکەیشە، لە هەموو شتێک دەچێت لە وێنەگر نەبێت! شیش و خورییەکەی دادەنێت و بە ڕوویەکی خۆشەوە فەرمووو، فەرموومان لێ دەکات، من پێی دەڵێم:

«دالیا زەحمەتە بەبێ جووڵە دابنیشێت.»

«بابزانین چۆن دەبێت، گەرنا دەتوانیت لە ئامێزی خۆتدادابنێیت.»

«حەزی لە وێنەگرتن نییە، وێنەمان زۆرگرتووە، کە کامێرا دەبینێت، ڕادەکات.»

«تۆ لەسەر ئەو مێزە، لە ئامێزی خۆتدا دایبنێ.»

دالیا دەستبەجێ دەست بۆ کامێراکە ڕادەکێشێت، دەیەوێت بیگرێت بە دەستییەوە، بەڵام کچە وێنەگرەکە لە

چاوتروکانێکدا، بە خێرایی و بە چەند جووڵەیەکی جەستە و سیمای دەم و چاوی وا لە دالیا دەکات، بۆ تاوێک بەبێ جووڵە لەسەر ئەو مێزە بچووکە دابنیشێت و سەیری کامێراکە بکات.

گوتم (لە هەموو شتێک دەچێت لە وێنەگر نەبێت!) تەواو پێچەوانە دەرچوو، نەک هەر وێنەگرێکی باش بوو، بەڵکوو پێداگۆکیش بوو، توانی لە چرکەساتێکدا سەرنجی دالیا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و وێنەیەکی بەبێ جووڵە بگرێت.

١١/١
ستۆکهۆڵم

زستان

ڕۆژێکی تەڕە؛ نە بارانە و نە خۆشیش دەکاتەوە، نمەی دێت و بە هێواشی ئاورشێنێکی خۆش دەکات، خۆش دەکاتەوە و پاش تاوێک ئاورشێنێکی تر دەکاتەوە. لەگەڵ دالیا بە شەقامەکانی دەوروبەری ماڵی خۆماندا دەگەڕێین؛ دالیا خۆی دەڕوات و نایەوێت من دەستی بگرم، دەگەینە بەردەمی بەرزاییەک، دەوەستێت و دەستم بۆ بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم و بچێتە سەرەوە، هەرئەوەندەی دەگاتە بەرزاییەکە، دەستم بەردەدات و خۆی دەڕوات.

لە بەردەمی هەموو دەرگا و دووکان و چێشتخانە و تەنانەت ئەو ماشێنانەیشی، کە لە کەناری شەقامەکاندا ڕاوەستاون، دەوەستێت و لێیان ورد دەبێتەوە، دەستیان تێوە دەدات و لەبەرخۆیەوە پرتەوبۆڵەیەک دەکات. دواجار

سەیرێکی من دەکات و پێشم دەکەوێت، باوکێکی تر بە عەرەبانەکەیەوە بەرەو ڕوومان دێت، دالیا لێیان دەچێتە پێشەوە، سەیرێکی منداڵی ناو عەرەبانەکە دەکات، یەک دوو دەنگی لێوە دێت و پێدەکەنێت. باوکەکەی تر دەیەوێت بە خێرایی شتێک بە دالیا بڵێت، دالیا لەو خێراترە و دەستەکانی دەخاتە پشت قنگی و دەڕوات. عەرەبانەیەکی تر، تۆزێک لەولاترەوە، لەگەڵ ژنێکی گەنج دەبینین، لەوانیش دەچێتە پێشەوە، بە هەمان شێوە سەیرێکی منداڵەکەی ئەویش دەکات و بە دەنگێکی بەرز، بەوپەری خۆشییەوە پێدەکەنێت و خێرا لەوانیش دوور دەکەوێتەوە.

دالیا بەم هەڵسوکەوتەی دەیەوێت بڵێ چی: هەست بەوخۆشییە دەکات، کە دەتوانێت بە پێی خۆی بڕوات و ئەو منداڵانەی لە عەرەبانەکاندان ناتوانن بڕۆن؟ هەندێک جار سەیرێکم دەکات و شتێک دەڵێت، بەڵام چاوەڕوانی هیچ وەڵامێکی من ناکات و ڕووی وەردەگێڕێت و دەڕوات. بەم گەڕان و پیاسەکردنە هەڵدەکشێت، هەست بە بوونی خۆی لەو گەڕانەدا، لە هەنگاوەکانیا، لە تێڕامان و تەماشاکردن و نزیک بوونەوەی لە منداڵانی ترەوە، دەکات. منیش زیاتر لە دالیا دەچمە پێشەوە، دەستی دەگرم، پێکەوە دەڕۆین و دەڵێم، دالیا گیان؛ تۆ هەموو ڕۆژێک، بە هێواشی، بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، گەورە دەبیت، تەنانەت خۆیشت هەستی پێ ناکەیت، سەرەتا لە ڕووکاری دەرەوە گەورە دەبیت، بۆ نموونە خۆت بەشتەوە بگریتەوە و بتوانیت بە پێوە، هەروەک ئێستا بووەستیت، دەستەکانت، دەمت، چاوەکانت، وردە وردە ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە، دوای ئەمانە و چەندان ساڵی تر، لە ناوەوەی خۆتەوە

هەست بە شتەکان دەکەیت و لەگەڵ خۆت گەورە دەبیت.

دونیا تاریک دادێت و گڵۆپەکانی سەرشەقامەکان بە کزی دادەگیرسێن، هێندە کزن توانای ڕووناککردنەوەی شەوە ڕەشە تاریکەکانی سوێدیان نییە و ملیان، وەک باڵندەیەکی نەخۆش بەسەر شۆستەکاندا شۆڕکردۆتەوە. بەرەو ڕێگای ماڵەوە دەڕۆین. دالیا لەم تاریکیەدا، بەبێ ترس مل دەنێت و بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە من بداتەوە، ڕێک دەچێتە بەر دەرگاکەی خۆمان و چاوەڕوانم دەکات تا دەرگاکەی بۆ بکەمەوە.

١١/٢

ستۆکهۆڵم

دالیا فێری ئەوە بووە، خۆی پێڵاوەکانی لە پێ بکات و بە هیچ شێوەیەک قایل نابێت من یارمەتی بدەم، کە لەسەر یەک قاچ دەوەستێت، خۆیم پێوە دەگرێت تا نەکەوێت. ئێستا لەنێوان دیواری ژووری دانیشتن و قەنەفەکاندا ڕاوەستاوە، دەیەوێت پێڵاوەکانی لە پێ بکات، بواری نێوان دیوار و قەنەفەکان فراوانە، دەبێت دەست بە شتێکەوە بگرێت تا، کە قاچی بەرز دەکاتەوە نەکەوێت. بە تەواوی چۆتە ناو ڕۆڵەکەیەوە، من تەماشای دەکەم و ئەو ئاگای لە من نییە و لە بەینی دیوار و قەنەفەکەدا ڕادەکات تا بتوانێت خۆی بە یەکێکیانەوە بگرێت، لە هەردوو بارەکەیشدا بۆی دەردەکەوێت قاچی ناگاتە پێڵاوەکانی، ڕادەکات بۆ لاکەی تر و بەو شێوەیە. دوای چەندان هەوڵ، ئەو بیرەی بۆ دێت، کە دەبێت پێڵاوەکانی لە دیوارەکە، یان لە قەنەفەکان نزیک بکاتەوە، تا بتوانێت

خۆی پێوە بگرێت و نەکەوێت. کە جەستەجوولا، بێگومان بیرکردنەوەیش دەکەوێتە جوولە.

دواجار پێڵاوەکانی لە پێ دەکات، بەڵام بە تاکەوتاک، سەیرێکی من دەکات و بە هێزێکی سەرکەوتنەوە تێم دەڕوانێت، دەستە بچووکەکانی دەجوڵێنێت و پێدەکەنێت.

١١/٣

ستۆکهۆڵم

دەچین بۆ کڵێسای سەر ئاوەکە، شەختەیەکی تەنک تەنک بەسەر ئاوەکەوە دروست بووە و کزەبایەکی سارد، وەک قامچییەکی بێ بەزەیی دەموچاو و ڕوومەتەکانمان سوور دەکاتەوە. بە پەلە دەچینە ژوورەوە، قەیرە قەشە بەرەو ڕوومان دێت، بە هەموو سیمای پێدەکەنێت و هاوار دەکات:

«دالیا و دانا ئەوە لە کوێن، زۆر دەمێکە دیارنین.»

«ڕاستە دەمێکە بۆ ئێرە نەهاتووین.»

هەرئەوەندەی دالیا دادەنێم، ڕادەکاتە ناو یارییەکانەوە، ئەم هەڵدەگرێت و ئەویتر دادەنێت، شتی دەستی منداڵەکانی تر دەڕفێنێت و خێرا تێکەڵی منداڵەکانی تر دەبێت و لەگەڵ ئەتمۆسفێرەکە خۆی دەگونجێنێت.

سەیرێکی خێرای ناو ژوورەکە دەکەم، تەنها پیاوی لێیە و هیچ دایکێک نابینم، بە قەشەی هاوڕێمان دەڵێم:

«ئەی ئەوە ئەمڕۆ دایکان لە کوێن؟»

«مانیان گرتووە و ئەمڕۆ نایەن، بەبێ دایکان لەگەڵ منداڵەکانتان یاری بکەن.»

بە پێکەنینەوە وام پێ دەڵێت و دەست دەداتە پەلی منداڵێک و دەیکاتە باوەشی. دایکەکان زیاتر پەرۆشی منداڵەکانییانن،

لە ئامێزیان دەگرن، لەسەر زەوییەکە لەگەڵیان دادەنیشن و یارییان لەگەڵ دەکەن و فریای قسەکردنیش دەکەون.

گفتوگۆی بەینی چەند ئافرەتێک، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ناو ئەم کڵێسایەدا:

«منداڵەکەی تۆ تەمەنی چەندە؟»

«چۆتە باخچەی ساوایان؟»

«ئەریٚ ئەوە کوڕە یان کچە؟»

«لە گروپی گۆرانیگوتن وەرگیراون؟»

«منداڵەکەت نەخۆش نەکەوتووە؟»

«ئەریٚ تۆ یان مێردەکەت لە ماڵەوەن؟»

«بەیانییان کەی لەخەو هەڵدەستێت؟»

«لەگەڵ خواردن چۆنە؟»

باوکەکان کەمتر بەم پرسیارانەوە سەرقاڵ دەبن؛ سەیرێکی خێرای ژوورەکە دەکەم؛ باوکێک لەگەڵ منداڵەکەی یاری دەکات، یەکێکی تر لە سوچێکدا دانیشتووە و خەریکی کۆمپیوتەرە و منداڵەکەی بەبیٚ ئەو لەگەڵ منداڵەکانی تردا یاری دەکات، دوو باوکی تر لە سوچەکەی ئەو سەری ژوورەکەدا، پێکەوە دانیشتوون و لە گەرمەی گفتوگۆدان و جاربەجارێک سەیرێکی منداڵەکانیان دەکەن.

دەچینە دەرەوە، کرێوە دەکات و زۆر ساردە. دالیا ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕاون، پەنجەکانی ساردە و دەمەوێت دەستکێشەکانی بکەمە دەستی، قایل نابێت و هەرچۆنێک بێت دەیکەمە دەستییەوە، دەڕۆین، چاوم لێیە بە ددانەکانی هەردوو دەستکێشەکە لە دەستەکانی دەردەهێنێت و فرێیان دەدات.

١١/٤

ستۆکهۆڵم

لە نهۆمی شەشی ژووری خەستەخانەیەکدا بە پێوە وەستاوم و خواردن دەکەم بە دەمی دایکمەوە، دایکم نەخۆشە و بۆ هەفتەیەک دەچێت لە نەخۆشخانە ماوەتەوە. ژوورەکە هەستێکی سارد و نامۆم لا دروست دەکات، دیوارەکانی سپییە، ساپیتەکەی بەرزە و گڵۆپەکانی قەدی دیوارەکان بە کزی دەسووتێن، پەنجەرەکان گەورەن. لە دەرەوە بەفر دەبارێت.

دایکم بێ هێزە، چاوەکانی بۆ بەرز ناکرێنەوە و لە هەوڵی ئەوە دایە ئەو پاروانەی دەیکەم بە دەمییەوە بڕواتە خوارەوە. بیر لە دالیا دەکەمەوە، کە هەموو ڕۆژێک نان بەم چەشنە دەکەم بە دەمییەوە، وەک چۆلەکە سەریم بۆ بەرز دەکاتەوە، دەمی دەکاتەوە و خواردنەکە دەخوات.

هەندێک جار پرسیارێک لە دایکم دەکەم، یان ئەو داوای شتێکم لێ دەکات، دەرمانەکانی، دەستەسڕەکەی، تەلەفۆنەکەی، بە گشتی ئەو کەمتر دەدوێت و زۆر ئاگای لەخۆی نییە. ئافرەتێکی تری پیر لە هەمان ژوور، لە بەری ئەوبەری ژوورەکەوە کەوتووە، بە عەرەبانەکەی دەستییەوە لێمان نزیک دەبێتەوە و لە خەیاڵم دەخات و دەمهێنێتەوە ناو قاوشەکە. بە سیمایەکی پڕ لە گوزارشت سەیرم دەکات، چاوە قووڵەکانی دەکاتەوە و بە سەرلەقاندنێکەوە و بە دەنگێکی هێواش پێم دەڵێت:

«ئەوە بە زمانی تونسی قسە دەکەن؟»

«نەخێر، بە کوردی.»

«کوردی، خەڵکی کوێن؟ کورد لە زۆر شوێندا هەن؟»

«ئێمە خەڵکی کوردستانی عێراقین.»
«چوار کوردستان هەیە، وانییە؟»
«بەڵێ وایە.»

دەیەوێت بڕوات، لە پڕ وەک ئەوەی شتێکی بیرهاتبێتەوە، دەوەستێت، زەردەیەک دەیگرێت، چاو دەبڕێتە چاوم و زیاتر لێم دێتە پێشەوە، وەک ئەوەی بیەوێت نهێنییەکم بۆ بدرکێنێت، خۆی بەسەر عەرەبانە دەستییەکەیدا دەنووشتێنێتەوە و دەڵێت:

«نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر، ژوورێکم لەماڵەکەی خۆمدا بە کوڕێکی کورد بە کرێ دابوو، کوڕەکە زۆر گەنج بوو، شارەوانی کرێکەی بۆ دەدا، وابزانم کوردی تورکیا بوو. لە پڕ ڕۆیشت و هەرگیز نەگەڕایەوە، دەستێک چاکەت و پانتۆڵی تازەی هەبوو، یەک دووجار دیبووم لە بەریدا، ئەو جلانەی بەجێهێشت. تا چەند مانگێک بە کەنتۆرەکەی خۆمدا هەڵمواسین، هەر چاوەڕوان بووم بگەڕێتەوە و داوای جلەکانی بکاتەوە، بەڵام نەگەڕایەوە.»

سەیرێکی دایکم دەکات، دایکم ئاگای لەم وتووێژەی ئێمە نییە و خەریکە خەوی لێدەکەوێت، سەیرێکی من دەکاتەوە و دەیەوێت بەرەو شوێنەکەی خۆی بڕوات، بەبێ ئەوەی لە جێی خۆیدا بجووڵێت. ئاوڕێک بەلای پەنجەرەکەدا دەداتەوە، ڕوودەکاتەوە من و بە نەرمی و تۆنێکی تەژی لە میهرەبانییەوە و بە هەستێکی شیرینەوە دەڵێت:

«ئێوە داب و نەریتێکی جوانتان هەیە، سەردانی کەس و کاری خۆتان دەکەن، سوێدییەکان بنەماڵە و خانەوادەی گەورەیان نییە؛ من کەسم نییە بێت بۆ لام و سەردانم

بکات. من لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەڵمانیام و لە ساڵی ١٩٥١ەوە هاتوومەتە سوێد، ئەو کەس و کارەی هەیشمە لێرە نین و لە ئەڵمانیان».

قسەکانی تەواو دەکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی من بێت، وەک ئەوەی قسەی خۆی کردبێت، پاڵ بە جەستە پیر و بێ هێزەکەیەوە دەنێت و لە دەرگاکەوە دەچێتە دەرەوە.

دایکم خەوی لێ کەوتووە، بەتانییەکەی بەباشی پیا دەدەم، گڵۆپەکەی ژوور سەری دەکوژێنمەوە و دەچمە دەرەوە.

١١/١٤

ستۆکهۆڵم

خەوێکی ناخۆش دەبینم، بە تەواوی نازانم چییە، بەڵام نائارامی کردووم. لە پڕ خەبەرم دەبێتەوە و خەوەکە هێشتا لە پێڵوی چاوەکانمدایە، سەیرێکی ئەولای خۆم دەکەم، دالیا لە جێگاکەی خۆیدا بە پێوە وەستاوە، دەیەوێت خەبەرم کاتەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێت:

«هەتە، هەتە.»

دەیکەمە باوەشم و دێینە هۆڵەکە، دالیا خێرا دەچێت لەنێو کتێبەکاندا دەگەڕێت، کتێبێک دەردەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ لام، دەستم دەگرێت و لەسەر قەنەفەکە دامدەنێت و کتێبەکەم دەداتە دەست و دێتە باوەشمەوە تا بۆی بخوێنمەوە. پێش ئەوەی دابنیشم لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، بارانێکی نەرم دەبارێت، هەندێک منداڵ بە جلی بارانەوە، لەگەڵ دایک و باوکیان، بەو بارانە لە پارکەکەی ئەوبەرەوە گەمە دەکەن.

چەند لاپەڕەیەک بۆ دالیا دەخوێنمەوە؛ بێزارم و هەست و هۆشم لای خۆم نییە.

لیسا دالیا لەگەڵ خۆی دەباتە دەرەوە، دەچمە بەر پەنجەرەکە و سەیریان دەکەم؛ دالیا ڕادەکات و پێدەکەنێت، لە باراناوەکاندا هەڵدەپەڕێت و بە قاچە بچووکەکانی ئاوە وەستاوەکەی سەر شەقامەکە بڵاو دەکاتەوە، هەندێک جار خۆی لە دەستی لیسا دەرباز دەکات، لیسا بە دوایدا ڕادەکات و دەیگرێتەوە.

١١/١٩

ستۆکهۆڵم

لە باخچەی ساوایانین؛ دالیا بە ناو کەلوپەلی یاریکردنەکاندا ڕادەکات، یاری بە تۆپێک دەکات، هەڵی دەدات و بە دوایدا ڕادەکات، لە ڕێگا شتێکی تر سەرنجی ڕادەکێشێت و تۆپەکەی بیر دەچێتەوە. لە پڕ ئاوڕ دەداتەوە و بوکەڵەیەکی دەستی منداڵێک دەڕفێنێت و زوو لەوەیش بێزار دەبێت. دالیا نە شەرمنە و نە گۆشەگیرە، لە هەمان کاتدا دەتوانێت بە تەنیا خۆی بە شتێکەوە خەریک بکات. هەندێک جار دەیەوێت خۆی بە تەنیا گەمە بکات، یان خۆی بڕیار دەدات چۆن گەمە بکرێت، گەرنا دوور دەکەوێتەوە و شتێکی تر دەدۆزێتەوە.

**نەسکێک**

لە سوێد، پێداگۆگ و سیکۆلۆژی منداڵان گۆشەگیری و شەرمنی لای منداڵ بە شتێکی باش و پۆزەتیڤ ناوزەد دەکەن و پێیان وایە، کە منداڵی شەرمن لە دوورەوە و بە

وردی چاودێری دونیای منداڵان و گەورەکانیش دەکەن، شەرمنییش قۆناخێکە و پیایدا تێدەپەڕن.

١١/٢٥

ستۆکهۆڵم

ئەنفلۆنزای بەراز بڵاو بۆتەوە. لە هەموو شوێنێک هەر باسی ئەم پەتایەیە و ڕێنمایی کوتان و خۆپاراستن بڵاو دەکرێتەوە، بە تایبەتی پاراستن و کوتانی منداڵان. دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، من و لیسا، دالیا دەبەین بۆ سەنتەرێکی فریاگوزاریی منداڵان بە مەبەستی کوتان دژی ئەنفلۆنزای بەراز. سەنتەرەکە جمەی دێت لە منداڵ و دایک و باوکان. کە دەچینە ژوورەوە هاڵاوی گەرمی و گریان و قیژەی منداڵ، ژووری چاوەڕوانییەکەی تەنیوە. لیسا خێرا دەڵێت:

«ئەم شوێنە مەڵبەندی میکرۆبە.»

منیش سەیرێکی شوێنەکە دەکەم، هەنگاوێک لە پێش لیسا و دالیاوە چومەتە ژوورەوە، ئاوڕێکیان لێ دەدەمەوە و دەڵێم:

«ئەگەر لێرە نەخۆش نەکەوین، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەم زستانە دەربازمان دەبێت.»

«هیوادارم زۆر نەوەستین و سەرەکە کورت بێت.»

لە ژنی پرسگەکە دەچمە پێشەوە و لێی دەپرسم، ئاخۆ کاتێکی زۆر دەخایەنێت، بەڵام ئەو بەوپەری هێمنییەوە ئەوەم بۆ دووپات دەکاتەوە، کە دواناکەوین و هەموو شت بە خێرایی دەچێتە پێشەوە. هەروایش دەبێت، زوو سەرەمان دێت و دێینە دەرەوە.

کات سێی پاش نیوەڕۆیە، دونیا بە تەواوی تاریک بووە، دالیا ژیرنابێتەوە و ئێمەیش برسیمانە.

١١/٢٦

ستۆکهۆڵم

بەدەم تەماشاکردنی هەورە ڕەشەکەی دەرەوە، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ، ئەندێشەم دوور ڕۆیشتوە. دالیا بە ئاگام دەهێنێتەوە، پەنجە و دەستە بچووکەکانی بۆ جلە هەڵواسراوەکانی ڕادەکێشێت، دەیەوێت بچینە دەرەوە. دێمەوە ژوورەکە، سەیرێکی دالیا دەکەم و دەیگرمە ئامێزم و هەموو ژیان بە چاوێکی تر و لە دیدێکی ترەوە دەبینم.

دەرەوە تاریکە، بارانە و هەورە ڕەشەکە هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر شەقامەکان و ڕۆژەکە هەر لە بەیانییەوە خۆڵەمێشییە و تاڵێک تیشکی خۆر دەرنەکەوتوە. هەردووکمان خۆمان دەگۆڕین، دەچینە دەرەوە، عەرەبانەکەی نابەم و بە پێ دەڕۆین؛ دالیا بە بەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت، سەرنجی خەڵک دەدات و ڕۆژێکی تازە لە ژیانی تێدەپەڕێت.

١١/٢٧

ستۆکهۆڵم

دالیا لە تەشتە بچووکەکەی خۆیدا، کە بۆم پڕ کردووە لە ئاو، دانیشتوە و یاری بە قاز و مراوییەکانی دەکات و بە دەستەکانی شلپوهور بە ئاوەکە دەکات؛ ئەمە یەکەمجارە من بە تەنیا دالیا دەشۆم. هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێتەوە، کە بۆ یەکەمجار و دوای مانگێک بەسەر لەدایکبوونیدا، من و لیسا دالیامان شت. لە ئاوەکەدا، وەک ماسییەکی بچووک بەسەر دەستمانەوە، دەهات و دەچوو، چاوەکانی زیتەیان دەهات و پڕ بەدەم پێدەکەنی و بۆ ساتێک دەستمان لێ بەرەڵاکرد، وەک مراوییەکی بەچکە، کە دەیەوێت باڵەکانی

بجووڵێنێت، دەستە بچووکەکانی دەکێشا بە ئاوەکەدا. ئێستا دالیا تەمەنی ساڵێک و چوار مانگە و لە ئاوەکەدا خۆی دانیشتووە و گاز لە لووتی قاز و مراوییە باغەکانی دەگرێت.

٨/٣ کە لە دایک بوو، لە نەخۆشخانەی منداڵان شتیان، کە ئاوەکەیان دەکرد بە سەریا ڕادەچڵەکی و دەگریا، هێندە قژی درێژ بوو، شانەیەکیان بۆ هێنا و قژە ڕەشە جوانەکەیان بۆ شانە کرد. دواتر دوو کچی گەنج (دایبی)یان بۆ هێنا و ڕوویان کردە من و گوتیان:

«فەرموو، ئەوە بۆ بەبەکەت.»

«جا ئەوە چۆن بەکاردەهێنرێت؟»

«نازانیت!»

«نەخێر نازانم، ئەمە یەکەم منداڵمە.»

«ئێستا ئێمە پیشانت دەدەین.»

ئەو دوو کچە، دایبییەکەیان لێ بەست، بە شێوەیەکی پڕ لە هەست و سۆز منیشیان فێر کرد. بە ڕاستی ئەوە هونەرە؛ نابێت زۆر توند بێت، تا کەمەر و سکی منداڵەکە ئازار بدات، نابێت شل بێت، بۆ ئەوەی نەکرێتەوە و پیساییەکە بڵاو بێتەوە، دەبێت لەملا و ئەولای ڕان و قاچەکانییەوە، بە شێوەیەکی زۆر کرابێتەوە، تا گەر منداڵەکە خۆی پیس کرد، دانەدات و بۆنەکەیشی بڵاو نەبێتەوە.

ئێستا من پسپۆرم لە بەستنی دایبی و هەموو جارێک ڕەخنە لە لیسا دەگرم و پێشانی دەدەم، کە چۆن دایبی بۆ منداڵ دەبەسترێت.

**نەسکێک**

هیچ بەربەستێکی بایۆلۆژی لەبەردەم مرۆڤدا نییە، کە

ڕێگا لە فێربوونی زمانیی لێ بگرێت، بە پێچەوانەوە، مرۆڤ دەتوانێت چەندان زمان فێربێت و گەشەیان پێ بدات، ئەو منداڵانەیشی لەنێو خێزان و خانەوادەی فرەزماندا گەورە دەبن، هەموو ئەو زمانانەی لەو خێزانەدا بەکاردەهێنرێن، بە ئاسانی فێریان دەبێت.

١٢/٤

ستۆکهۆڵم

من و لیسا بە شێنەیی بەناو دارەکانی نزیک کەناری ئاوەکەدا دەڕۆین، دالیایش لە عەرەبانەکەی خۆیدا دانیشتوە و دەیەوێت ئەو سەگ و پشیلانەمان پیشان بدات، کە بە بەردەماندا ڕەت دەبن. کە قاز و مراوی ناو ئاوەکەیش دەبینێت لە خۆشیدا دەیەوێت خۆی بگەیەنێتە کەناری ئاوەکە و لەگەڵ قاز و مراوییەکاندا شەڕە ئاو بکات. باران نمە نمە دەبارێت، بۆنی خاک و خۆڵ و گەڵای درەختەکان دێت و ئێمەیش هەر دەڕۆین و بارانەکەیش زیاتر دادەکات، تا دەگەینە کێڵگەیەکی بچووکی ئاژەڵان.

دالیا لە عەرەبانەکەی دەهێنمە خوارەوە، لیسایش دەرگای کێڵگەکە دەکاتەوە و دەچینە ژوورەوە بۆ لای بزنە کێوییەکان. بزنێکی گەورەی ڕەش، چەند دانەیەکی قۆچداری خۆڵەمێشی، خۆیان خزاندۆتە پانتاییەکی تەسکی ساپیتە دارەکەوە، لەوە دەچێت خۆشییان بە بارانەکە نەیەت و نەیانەوێت تەڕبن. بە دەستە چەپیشدا مەڕێکی گەورەی سپی وەستاوە و لێمان مۆڕ دەبێتەوە، نایەوێت بێتە پێشەوە. دالیا بە دەمێکی داپچڕاو و دوو چاوی گەورەی کراوەوە سەیریان دەکات، ناوێرێت نزیک

بێتەوە و ئەمە یەکەمجارە ئاژەڵێک بەم چەشنە لە نزیکەوە دەبینێت و پێی خۆشە.

لەم ناوچەرگەی شارەدا، هەرچەندە شوێنەکە لاچەپەکە، لە باوەشی سروشتدا و بە بەرزاییەکەوە، کە چواردەوری بە دار و درەخت گیراوە، ئەم کێڵگەیەیان بە تایبەتی بۆ منداڵان دروستکردووە. مرۆڤ بە ئاسانی بە تولە ڕێگایەکی باریکدا دێتە سەرەوە، لە خوارەوە بە دامێنی بەرزاییەکەوە، دەریاچەیەکی گەورە سیمای بە ڕووی ئاسماندا کردۆتەوە و دار و درەختەکانی کردۆتە ئامێزییەوە. کە دێینە ژوورەوە، بە دەستە ڕاستدا چەند کەروێشکێک چاوشارکێ دەکەن، بە دەستە چەپدا بەراز و مەڕ و بزن پێکەوە دەلەوەڕێن، لای سەرەوە کەڵەشێر، مریشک و پۆلێک جووجەڵە و بە بەرزاییەکیشەوە، لەبەشی پشتەوەی ئەم کێڵگەیەوە شوێنێکیان تەرخان کردووە بۆ چەند ئەسپ و جوانوییەک.

هەر لەناو ئەم باخچەی ئاژەڵانەدا ژوورێکی گەورەی پڕ لە بووکەڵە و یاری منداڵان و پێداویستییەکانی تر بۆ حەوانەوە، خۆگۆڕین، پاکردنەوە، نان خواردن و تەنانەت نووستنی منداڵان هەیە. ئەمە هەمووی بە خۆڕاییە و لە بەرژەوەندی و خزمەتی ئەو منداڵانەدایە، کە دێنە ئەم شوێنە.

ئەسپەکان سەرنجی دالیا ڕادەکێشن، بەڵام جووجەڵە و کەڵەشێر و مریشکەکانی خۆش دەوێت، لێیان نزیک دەبێتەوە، ئەوان دوور دەکەونەوە و دالیا بە دوایاندا ڕادەکات و ئەوان دەکەونە باڵەفرکێ. منیش جاربەجار وەک کەڵەشێرەکان دەقوقێنم، دالیا دەوەستێت و بەسەرسوورڕمانەوە سەیرم دەکات و دواتر لە کەڵەشێرەکان وورد دەبێتەوە: لەوە

دەچێت بیر لەوە بکاتەوە، کە من زمانی کەڵەشێرەکان دەزانم و بە زمانی خۆیان قسەیان لەگەڵ دەکەم!
ئەویش هەوڵ دەدات، وەک کەڵەشێرەکان بقوقێنێت، دەنگێکی لێوە دەردێت و بە پێکەنینەوە بە دوای کەڵەشێر و مریشکەکاندا ڕادەکات.

١٢/١٤
ستۆکهۆڵم
بەفرێکی زۆر باریوە، بە تەواوی ساردە و زستان بانگەشەی جەنگی خۆی ڕاگەیاندووە. دالیا بە سیمایەکی پڕ لە پرسیارەوە لە ئاسمان دەڕوانێت، دەستی لە عەرەبانەکەیەوە درێژ دەکات و دەیخاتە بەر ئەو بەفرە نەرمەی کلو کلو، بە هێمنی دەبارێت. سەیرێکی دەستەکانی دەکات و بەفرەکەیش لە چاوتروکانێکدا، لە لەپی دەستەکانیدا دەتوێنەوە، سەیرێکی ئاسمان دەکاتەوە و کلو بەفرێکیش بەخێرایی بەر دەم و چاوی دەکەوێت. هەڵوێستەیەک دەکات و هەردوو دەستەکانی دەخاتە سەر ئەم لاو ئەولای عەرەبانەکەی، بە هێزێکی بچووک پاڵ بە جەستەیەوە دەنێت تا زیاتر بێتە پێشەوە و بە چواردەوری خۆیدا دەڕوانێت.
دار و درەختەکان، ڕێگاوبان، خانووبەرە و ئەرزەکە، هەمووی سپیین و دالیایش حەپەساوە.

ئەمە یەکەمجارە، دالیا بەفر دەبینێت!

دوای نیوەڕۆ
دالیا و لیسا دەڕۆن بۆ فرۆکەخانەی ناوخۆیی، لەوێوە

دەفڕن بۆ ناوچەی سکۆنە، بۆ ماڵی باپیری لیسا. بەڕێیان دەکەم؛ دالیا جووڵەی خەڵک و هاتوچۆی ناو فرۆکەخانەکەی بە دڵە و بەهەر چوار لای خۆیدا سەیر دەکات و پێ دەکەنێت. فریای ئەوە ناکەوێت سەیری ئێمە بکات.

١٢/١٧

ستۆکهۆڵم

هەندێک لەو بەیت و گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی دایکم بە منداڵی بۆ من و دواتریش بۆ براکانی ترمیگوتوون، لە یادەوەریمدا ماونەتەوە. ئێستایش ئەم بەیتانە لەخۆوە، هێدی هێدی و یەک لە دوای یەک سەرهەڵدەدەنەوە و دێنەوە یادم، بە تایبەتی ئەو گۆرانییەی لە کاتی نووستندا بۆیان دەگوتین، کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

گورگانە شەوێ
گورگانە شەوێ
لە ماڵەکەی مننەوە دوورەوە کەوێ
کوڕەکەم نووستوە و با خەبەری نەبێتەوە
گورگانە شەوێ
گورگانە شەوێ
بچۆرە ماڵی دراوسێکەمان
هەموویان بخۆ و
کچەکەیان بکە بە توێشوی شەوێ

گورگانە شەوێ

گورگانە شەویٚ
لەماڵەکەی میننەوە دوورەوە کەویٚ
دالیا نووستوە و با خەبەری نەبێتەوە

هەموو شەوێک بەدەم نووستنەوە ئەم گۆرانییە بۆ دالیا دەڵێم و لە بری وشەی (کوڕەکەم) دالیا بەکاردەهێنم:
«دالیا نووستوە و با خەبەری نەبێتەوە!»

گۆرانیگوتن هونەرێکی گەورەیە و لەگەڵ سەرەتاکانی بوونی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە و هەمیشە، بۆ مرۆڤ ئامرازێکی دڵنەوایی و ئارامبەخش بووە. من لەم هونەرەدا بێ دەسەڵاتم، دەنگێکی هەتا بڵێی ناخۆشم هەیە و بڕواناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆرانیم بە ئامادەبوونی هیچ کەسێک گوتبێت.

کە دالیا تازە لەدایک بوو بوو، لیسا داوای لێ دەکردم بە کوردی گۆرانی بۆ دالیا بڵێم، بەڵام من بە شێوەیەکی گومانلێکراو ئەوەم بۆ دووپات کردەوە، کە من و گۆرانی دوو هاوڕێی ناتەباین و هەرگیز پێکەوە نەگونجاوین. ئێستا، کە خۆم بە تەنهام و ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانە لەخۆوە بەسەر زارمدا دێن و دالیایش بە خۆشییەوە چاوە بچووکەکانیم تێ دەبڕێت و گوێم بۆ شل دەکات، تۆن و ئاوازەکانم دەناسێتەوە.

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی منداڵان، ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کە منداڵی ساوا حەزیان لە دەنگی دایک و باوکی

خۆیانە و ئەو دەنگە لە ناو هەزاران دەنگی تردا دەناسنەوە و خۆشترین دەنگیشە بە لای ئەوانەوە. من لەو بڕوایەدام ئەم تیۆرە دروستە، بۆ نموونە، کە ئەم گۆرانییە بۆ دالیا دەڵێم یەکراست پاڵ دەکەوێت؛ ئەگەر لەسەر جێگاکەی خۆم بێت، ئەوە سەر دەخاتە سەر سنگم، ئەگەر لە ناو جێگاکەی خۆشیدا بێت، ئەوە سەر دەخاتە سەر سەرینەکەی خۆیی و بە هێمنی گوێ دەگرێت. ئەگەر بۆ تەنها ساتێک بێدەنگ بم، ئەوە ئەو بەهەمان ریتم و ئاوازەکەی من بەردەوام دەبێت و بەو شێوەیە پێم دەڵێت بەردەوامبم.

ژنانی لای خۆمان، نەک تەنها دایک، بەڵکوو پوور، نەنک و تەنانەت ژنە میهرەبانەکانی دراوسێکانیشمان بە دەنگێکی زوڵاڵ و خۆش و پڕ لە هەست و سۆزەوە، ئەو گۆرانییانەیان بۆ دەگوتین. ئەم گۆرانیانە ڕۆڵێکی بەرچاویان بۆ فێربوونی زمان، ڕۆنانی پێوەندییەکی توند و پڕ لە خۆشەویستی و پەروەردەیەکی دروستەوە هەبووە، بە داخەوە لەوە ناچێت ئەم ژیانە مۆدێرنەی ئەمڕۆمان جێگای بۆ ئەم جۆرە داب و نەریتە هێشتبێتەوە.

١٢/٢٢

ستۆکهۆڵم

دالیا قاچە کورتەکانی بەناو بەفرەکەدا ڕۆدەچێتە خوارەوە، دەترسێت و بە گریانەوە دەستەکانیم بۆ درێژ دەکات، دەستی دەگرم و لەگەڵ خۆم ڕایدەکێشم. بەفرەکە تا سەر ئەژنۆم هاتووە، بەڵام ڕۆژە تاریکەکانی ڕووناک کردۆتەوە و هەستی تاریکی لای مرۆڤ دەرەوێنێتەوە.

لەسەر گالیسکەی خلیسکێنەی بەفرەکە دایدەنێم و بە

گوریسێک بە دوای خۆمدا ڕایدەکێشم، بە بەرزاییەکاندا سەری دەخەم و لەوسەرەوە بە ڕاکردن بە سەرەولێژەکاندا خل دەبینەوە، لە خۆشیا خەنی دەبێت و پڕ بە دەم دەیکاتە تریق و هۆڕی پێکەنین، بە ڕادەیەک منیش شاد و خەندان دەکات.

١٢/٣١
ستۆکهۆڵم
مەسیح لە ١٢/٢٤ لە تاریکترین مانگەکانی ساڵدا لە دایکبووە؛ مەسیحییەکانی ئەوروپایش لە یەکەم یەکشەمەی مانگی دوانزەوە سەردانی کڵێساکانیان دەکەن، بە تەواوی و بە شێوەیەکی ڕازاوە سەرشەقام، ناو پەنجەرەی دووکانەکان، درەختی سەرشەقام و باخچەکانی شار و ناو ماڵەکانیان دەڕازێننەوە و شارەکان دەبنە چراخانێکی گەورە.

هەرچەندە ئەم بۆنەیە ڕەگێکی قووڵی ئاینیی هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆتە داب و نەریتێکی سەکولاری خەڵکی و جەژنی سەری ساڵ، هاوکات بەبێ جیاوازی دین و بیروڕای جیاواز بۆتە بۆنەیەکی مۆدێرنی گلوبالیزم. لە ڕووی (کات)یشەوە، مانگی دوانزە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت، لەم مانگەدا ڕۆژ کورت دەبێتەوە و لە بیست و یەکی مانگدا بە تەواوی ڕۆژ کورتە و بە تاریکترین شەو و ڕۆژی ساڵ هەژمار دەکرێت. لە دوای بیست و یەکی مانگیشەوە ڕۆژگار بەرەو ڕووناک بوونەوە دەڕوات، تا دەگاتە بیست و یەکی مانگی سێ، لەم ڕۆژەدا شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێتەوە.

ئەم بۆنە ئاینیانەی مانگی دوانزە تێکەڵاوی ژیانی ڕۆشنبیری و کوولتوری خەڵکی ئەوروپا بووە و بە درێژایی مێژوو لە ئەدەب و هونەریشدا ڕەنگی داوەتەوە. زۆربەی ئاوازدانەرە گەورەکان، مۆسیقای کلاسیکی و کۆراڵیان بۆ بۆنەکانی ئەم مانگە نووسیوە (فریدریش هیندل) یەکێکە لەو کەسانەی، کە بە مۆسیقایەکی بەرز یادی جەژنەکانی ئەم مانگەی کردۆتەوە.

دالیا هەست دەکات، کە ئەتمۆسفێر و ڕێوڕەسمێکی نائاسایی لە ئارادایە، لە پەنجەرەکانی ژوورەکانمانەوە سەیری دەرەوە دەکات، لەو هەموو گلۆپە ڕەنگاو ڕەنگ و ئەستێرە و دار سنەوبەرە داگیرساوانە دەڕوانێت.

هەفتەی ڕابردوو، دوای ئەوەی دالیا خەوی لێ کەوت، ئەو دارسنەوبەرەی بۆ کریسمیس ئامادەمان کردبوو، لە سوچێکی ژووری دانیشتنەکەماندا ڕازاندمانەوە، بۆ بەیانی کە چاوی بەو سنەوبەرە پڕ لە گلۆپە ڕەنگاوڕەنگە کەوت، لە حەپەساویا چاوەکانی هێندەی ژێرپیاڵەیەک کرانەوە و لەسەر دارسنەوبەرەکە نەیدەگواستنەوە، بە دوو چاوی کراوەوە تێیدەڕوانی، لێی دەچووە پێشەوە و لە بەردەمیدا، بەبێ جووڵە ڕاوەستا. دالیا هەر شتێکی تازە ببینێت شاڵاوی بۆ دەبات و دەیەوێت بیگرێت بە دەستییەوە، بزانێ چییە و خۆی ئەزموونی بکات، هەندێک جار بیشیخاتە دەمییەوە، بەڵام ئەم جارە دەستی نەبرد بۆ دار سنەوبەرەکە بەڵکوو، وەک جادووی لێ کرا بێت، لە شوێنی خۆیدا ڕەق وەستا، بە شێوەیەکی نائاسایی سەیری کرد، دوایی ئاوڕێکی لە ئێمە دایەوە، بە پێکەنینێکی خۆشییەوە ئاماژەی بۆ کرد و خۆی دانەواندەوە، تا زیاتر لە درەختەکە بڕوانێت.

ئەمە ئەفسونی مانگی دوانزە و یادی مەسیح و جەژنی سەری ساڵە.

**نەسکێک**

لەم ڕۆژانەدا سەیری کتێبێکم، سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ، کرد. نووسەرەکە بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دایک و باوک لە بری ئەوەی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان چۆن بێت و چۆن نەبێت، یان لە هەوڵی ئەوەدا بن، کە چۆنییەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بگۆڕن، با لە خۆیان و چۆنییەتی مامەڵەی نێوان خۆیان ورد ببنەوە؛ گەمەی پێوەندییەکانی دایک و باوک. بە ڕای ئەم کتێبە، ئەوەی منداڵ پەروەردە دەکات، مامەڵە و هەڵسوکەوتی ئێمە خۆمانین. منداڵ لە ئێمەوە فێری ئەوە دەبێت چۆن چارەسەری گیروگرفت و ئاڵۆزییەکانی نێوانمان بکەین، چۆنچۆنی ڕووبەرووی مەترسییەکان دەبینەوە، یان گرفتە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر دەکەین. منداڵ لە ئێمەی گەورەوە فێری خۆشەویستی دەبێت، چۆن لەگەڵ یەکتردا شەڕ دەکەین و ئاشت دەبینەوە یان، کە دەمانەوێت بۆ ساتێک تەنیا بین. منداڵ ئەم شتانە لە ئێمەوە فێر دەبێت و لەگەڵ خۆی هەڵیان دەگرێت. ئەمە پەروەردەی منداڵە.

١/٢٠
ستۆکهۆڵم
ئیتر ئەوە مانگی یەک هات.کەش و هەوا سارد و شێدارە، شەختەیەکی تەنک بەسەر دەریاچە و شەقام و باخچە و

چیمەن و لقی دارەکانەوەیە. ڕۆژەکان هێدی هێدی ڕووناکتر دەبنەوە، ئیتر هەموو شتێک، تەنها تۆزێک ئاسان تر دەبن.

کاتژمێری سێی شەو، زەنگی وریاکردنەوەی کاتژمێرەکەی لیسا هەمووومان بە ئاگا دەهێنێتەوە. دونیا شەوەزەنگە و هیچ نابینم، دالیا دەگری و لیسا پەلەیەتی بۆ سەر کارەکەی، کە لە سێی شەوەوە دەست پێ دەکات و دوانزەی نیوەڕۆ دەگەڕێتەوە. لیسا بە خێرایی دالیا دەخاتە باوەشمەوە و دەڕوات، هەست دەکەم دالیا تەڕە و میزی کردووە، داییبیەکەی دەگۆڕم و دواتر هەردووکمان خەومان لێ دەکەوێتەوە.

شەشی بەیانی، لەگەڵ کازیوە خەبەرم دەکاتەوە، ژوورەکە تاریکە و هیچ نابینم، گڵۆپەکان دادەگیرسێنم و جلەکانی دەگۆڕم. من خەو بەرم نادات و دالیایش قایل نابێت بچینەوە ناو جێگاکە، ناچار پەردەکانی ژوورەکە لادەدەم. سەیرێکی دەرەوە دەکەم؛ تاک و تەرا خەڵکی خەواڵو، کە دەبێت بچنە سەر کارەکانیان، بە هەنگاوی قورس بەفرەکەی ژێر پێیان دەشێلن و لە پێچەکەی ئەوسەری شەقامەکەدا بزر دەبن.

دالیا برسییەتی، پێکەوە نانێکی زووی بەیانی دەخۆین، بەڵام ئەو هەر سەیری دەرگاکە دەکات و دەستەکانی ڕادەکێشێت و دەیەوێت بچینە دەرەوە. دەچینە دەرەوە، دونیا تاریک و ڕوونە، خەڵکێکی ئەوتۆ لە دەرەوە نین، زۆر سارده و ئەرزەکە بەستویەتی. دەیخەمە سەر گالیسکەکەی، سەری گوریسەکە دەگرم و لەم سەری کۆڵانەکەوە ڕادەکەم بۆ ئەو سەر و دالیایش تا بتوانێت پێدەکەنێت.

١/٢٥

ستۆکهۆڵم

بەفرەکە لە زۆر لاوە بە تەواوی بەستویەتی، ڕۆیشتن زەحمەت بووە، زۆر شوێن وا لووس بووە، ئەگەر ئاگادار نەبیت و پێڵاوی باشت لە پێدا نەبێت، ئەوە مسۆگەر کەوتویت. من بە گالیسکەکەی دالیا خۆم دەگرمەوە، گەرنا گومانی تیا نییە، بە دەستێکی شکاوەوە دەگەڕێمەوە.

لەناو بەفرەکەدا، کوڕێکی هاوتەمەنی دالیا لەسەر ئەسپێکی دارینەی ناو پارکەکە خۆی ڕادەژەنێت، دەم و چاو و سەری لووتی بە سەرماکە، بە چەشنی لوتی لێبوکی سێرک، سوور هەڵگەڕاوە. دالیا لێی دەچێتە پێشەوە، هەوڵ دەدات باوەشی پیا بکات و بە پێکەنینەوە، بە زمانی ئاماژە قسەی لەگەڵ دەکات و دەستەکانی بۆ دەم و چاوی کوڕەکە دەبات. کوڕە، وەک شێرەبەفرینەیەکی لێهاتوە و هیچ ناجووڵێت، دەترسێت، بۆیە، کاردانەوەی نییە. بە دایکی دەڵێم: «کوڕەکەت تەمەنی چەندە.»

سەیرێکم دەکات و سەرماکە زۆری بۆ هێناوە، دەمی گۆناکات و هەرچۆنێک بێت، وشەکانی بەهێزی هەڵمی دەمی دێنە دەرەوە و دەڵێت:

«کوڕی من نییە، من دایەنم. دوو ساڵی تێپەڕاندوە، ئەی کچەکەی تۆ؟»

«هێشتا ساڵ و نیوێکی پڕ نەکردۆتەوە. ئەو کوڕە، قسە دەکات؟»

«هەندێک وشەی ساکار، گەرنا هێندە قسەکەر نییە، تۆزێک ترسنۆکیشە.»

دالیای لێ دوور دەخەمەوە، سواری جۆلانەکەی دەکەم و دەکەومە پاڵ پێوەنان، هێواش هێواش ئەو کوڕە بچووکەیش، لە بەفرەکەدا خۆی بەکێش دەکات و بەرەو ڕووی دالیا دێت. دەمووچاوی کراوەتەوە و بە پێکەنینەوە دێتە بەر جۆلانەکە و دەیەوێت پاڵ بە دالیاوە بنێت، ڕێگای بۆ دەکەمەوە، دالیایش لە خۆشیا هەر ئەوە بوو باڵ نەگرێ و کوڕەکەیش پێدەکەنێت. لە پڕ دایکی کوڕەکە دێت، هەندێک قسە لەگەڵ کوڕەکەی دەکات، کوڕەیش بە ئاشکرا و بە زمانی جەستە دەیەوێت ئەوە بۆ دایکی بگێڕێتەوە، کە پاڵی ناوە بە جۆلانەی ئەو کچەوە. دایکی تێ ناگات، ڕوومەتە ساردەکانی کوڕەکەی ماچ دەکات و بە باوەشێک دەیخاتە ناو عەرەبانەکەیەوە و دەڕۆن. دالیا دەست دەکات بە گریان و نایەوێت بڕۆن، لەبەردەمیدا دادەنیشم و پێی دەڵێم:

«بابە گیان نیوەڕۆیە و لەگەڵ دایکی دەڕواتەوە، برسییەتی و دەبێت نانی نیوەڕۆ بخوات، ئێمەیش هەر ئێستا دەڕۆین.»

دالیا لە پڕ و وەک ئەوەی لە هەموو شتێک گەیشتبێت، قەناعەت دەکات، دەستەکانی بەرز دەکاتەوە تا لە جۆلانەکە دەریبهێنم.

١/٢٨

ستۆکهۆڵم

بە زەحمەت گالیسکەکەم بۆ ڕادەکێشرێت، بە زمانی خۆمان گەزێک بەفر باریوە، بەردەوامیش دەبارێت، دەنگی ڕەشەباکەیش کە بەفرەکە بە ئاسماندا دەسوڕێنێتەوە و دوایش دەیکێشێت بە دەم و چاوماندا، ئەتمۆسفێرێکی بەستەڵەک ئاسای خولْقاندووە. کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دالیایش دەرەوەی پێ خۆش نییە، وەک دوێنێ نییە و ترس

لەسەر سیمای نیشتوە. کە بە گرانیش بەسەر بەرزاییەکاندا دەڕۆین، گالیسکەی بەفرەکەی بەملا و بەولادا دەکەوێت، دالیا هاوار دەکات و منیش ئاورێکی لێ دەدەمەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێم:
«مەترسە بابە گیان.»

دالیا لەم بەستەڵەکەی سوێد و سەرمایەی ژیانی ڕۆژانەدا، دوو دەنگی تایبەتی بۆ هەستی سەرما و گەرما داناوە، دەیەوێت بەردەوام تاقیان بکاتەوە و پیشانی منیشی بدات، کە دەزانێت چی گەرمە و چی ساردە، بۆ نموونە بەیانیان لە ژوورەکەدا ڕادەکات، دەست دەخاتە سەر شووشەی پەنجەرەکان، کە هەوا ساردەکەی دەرەوە، دیوی ناوەوەیشی سارد کردووە، بە پێکەنینەوە سەیرم دەکات و دەڵێت:
«ئۆفففففف»
ئەمەیش مانای ساردە.
کە (چا) دەخۆمەوە، دێت و دەست دەگرێت بە کوپە گەرمەکەی چاکەوە و دەڵێت:
«ئووووو»
کە بۆ ئەو مانای گەرم دەگەیەنێت.
ڕۆژی چەندان جار ئەم ریتواڵە دووبارە دەکاتەوە و بە پێکەنین و جۆرێک لە شانازییەوە سەیرم دەکات.

١/٢٩
ستۆکهۆڵم
هێواش هێواش بەفرەکەی ژێر پێمان دەشێلین و بەرەو کڵێساکەی گەڕەک دەڕۆین! جار ناجارێک قاچەکانم دەخزێن

و به گوریسی گالیسکەکەی دالیا خۆم دەگرمەوە. کڵێساکە پڕە لە منداڵ و هەروەها دایک و باوکەکانیان. منداڵەکان بە پێی تەمەنیان بەسەر سێ گروپدا بۆ بەشداری کۆرسی مۆسیقا و ریتم و سەما دابەشکراون. ئێمەیش سەر بە گروپی سێیەمین، ئەم گروپەیان لە کاتژمێری یانزە و نیوەوە دەست پێدەکات. ئەمە یەکەم فێربوونی کۆرسی دالیایە، پێی خۆشە و خێرا ڕادەکاتە ناو منداڵەکانەوە.

مامۆستاکەیان ئافرەتێکی کورتەبنەی خڕ و خەپانی قژبژە، پانتۆڵێکی کورتی لەپێ دایە و بە لەشێکی سووک و جووڵانەوەی جەستە و زمانی ئاماژە، یەکەیەکە بەخێرهاتنی منداڵەکان دەکات. لەگەڵ منداڵەکانمان بە دەوری فەرشێکی سووری بازنەیدا دادەنیشین، مامۆستاکە وەک پشیلەیەکی خڕپن، لەسەر سنگ دەکەوێت، چاو دەبڕێتە منداڵەکان و قژە بژ و زەردەکەی، هێندەی تر بڵاو دەکاتەوە. پشیلە گورپە جار بە جار زەنگێک بەکاردەهێنێت، یەکە یەکە لە دەموچاوی منداڵەکان نزیک دەبێتەوە و زەنگەکە دەجووڵێنێت، وەکوو ئەوەی بیەوێت منداڵەکان خەبەر بکاتەوە، کە دەگاتە ئاستی ئێمە و زەنگەکە لە دالیا نزیک دەکاتەوە، دالیا پڕی پیا دەکات و لە دەستی دەڕفێنێت. هەموو دەکەوینە پێکەنین.

دوای کۆمەڵێ جووڵەی ڕاگوزاری جەستە، دەست بە گۆرانیگوتن دەکات. گۆرانییەکانی بە جەستە و جووڵانەوەی باڵ و دەستەکانی بەرجەستە دەکات و دەیانکاتە کۆمەڵێ وێنە و پێشکەشی منداڵەکانی دەکات.

دواتر گیتار و تەپڵێکی ئەفەریقایش بەکاردەهێنێت و سەرنجی منداڵەکان بە تەواوی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. دالیا دەچێتە بەردەمی، دەست بۆ تەلی گیتارەکەی دەبات

و بە تەپڵەکەی بەردەمیدا دەکێشێت. دووری دەخەمەوە. ئەمجارە دەگەڕێتەوە و بە خێراییەوە پڕ بە گیتارەکە دا دەکات. کچە گۆرانیبێژەکە ناچار دەبێت دالیا بگرێتە ئامێزی خۆیی و بەو شێوەیە لەسەر چالاکییەکانی بەردەوام بێت؛ دالیا بزەی سەرکەوتن بە سیمایەوە دیارە و جێگای خۆی لە ئامێزی مامۆستاکەیدا خۆش دەکات و تا گۆرانییەکەی تەواو دەکات نایەتە خوارەوە.

٢/٣

ستۆکهۆڵم

ڕۆژێکی نوێ لەگەڵ سەرما و بەفربارینێکی زۆر، کە هەموو شار دەگرێتەوە، دەست پێ دەکات. دەریاکەی نزیکمان ڕەنگی ڕەشێکی تۆخی گرتوە، بە شێوەیەکی نائارام دەجووڵێتەوە، جووڵە سەرەتای هەموو گەشەیەکە.

ڕەشەبایەکی سارد،بە توندی بەرهەڵستم دەبێتەوە، بە زەحمەت پاڵم بە عەرەبانەکەوە بۆ دەنرێت، دالیایش، کە ڕەشەبا ساردەکە لە دەم و چاوی دەدات، دەترسێت، سەیرم دەکات و چاوە بچووکەکانی دەنوقێنێت و دەیەوێت بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. هەرچۆنێک بێت، خۆمان دەگەیەنینە سەنتەری چاودێری و تەندروستیی منداڵان و لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دالیا تەمەنی دەبێتە ساڵ و نیوێک، کۆنترۆڵێکی گشتی بۆ دەکرێت.

دەچینە ژوورەوە، کارمەندەکان بەرەو ڕوومان دێن و دەچینە لای (یەسیکا)، کە بەرپرسیاری دالیایە؛ ماوەیەک لەمەوبەر، هەر لەم ژوورەیشدا دەرزی ئەنفلۆنزای بەرازیان لێ دا. لەوە دەچێت دالیا ژوورەکە بناسێتەوە، نائارامە و

ڕێگا نادات هیچ بکەین، دەگری و لەوە دەچێت ئازاری دەرزییەکەی بێتەوە یاد! ناچار دەبین کاتێکی تر دیاری بکەین، دەچینە دەرەوە، فرمێسکەکان بە چاوەکانیدا دێنە خوارەوە و توند دەستی کردۆتە ملم.

٢/١٥

ستۆکهۆڵم

بە پێی قسەی دایکم، بەر لە چل و هەشت ساڵ و لە ئێوارەیەکی دوو شەمەی باراناویدا، لە سلێمانی لە دایکبووم. لیسا و دالیا پیرۆزبایی ڕۆژی لە دایکبوونم لێ دەکەن، منیش لەناو جێگاکەوە سەیریان دەکەم. بیر لەو ساتە دەکەمەوە دالیای تیا لە دایکبوو.

پرسیارگەلێکی ساکارم هەن، بەڵام لە دوای چل و هەشت ساڵەوە هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوتون. من، ئا لەم ساتەدا بڕوام بە چییە؟ بیر لە چی دەکەمەوە و ژیانم لەگەڵ منداڵێکی ساوادا چ مانایەکی هەیە؟ ئەم یاداشتە ڕۆژانەیە، ئەم تێکستانەی ڕۆژانە لێرەدا تۆماریان دەکەم، زۆرجار لە دووبارە بوونەوەیەکی پوچگەرادا دەسوڕێنەوە؛ لەگەڵ ئەوەیش دا هەوڵێکی منە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەست بکەوێت، کە هەرگیز دەستم ناکەون.

ئەو ژیانەی من ژیاوم و دەژیم، لە هەموو ڕوویەکەوە لە ژیانی دالیا جیاوازترە؛ لەوانەیە ژیانی من پڕبێت لە کێشە، گرفت، بەرپرسیاریی، ئەو شتانەی دەبێت بیانکەم، بکرێن، ویستەکانم، کە هەندێک جار دەکەومە کێشەوە لەگەڵیان، ژیانێک هیچ وەستانێکی تیانییە و هەموو شتێک لە جووڵە و بزاڤێکی بەردەوامدایە.

٢/٢٣

ستۆکهۆڵم

دوو ڕۆژ لەمەوبەر لیسا لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیاندا بەهۆی کارەکەیەوە ڕۆیشت بۆ ئەسینا. یۆنان تووشی کێشە و قەیرانێکی دارایی گەورە هاتووە، خەزێنەی دەوڵەت هیچی تیا نەماوە و ئەوروپایش لەوە دەترسێت، کە ئەم تەنگەژەیە کاربکاتە سەر دراوی ئەوروپی.

دالیا، کە هەست بە چۆڵی ماڵەکە و دیارنەمانی لیسا دەکات، دەچێتە حەمامەکە و ڕۆبەکەیم پیشان دەدات، کەنتۆرەکان دەکاتەوە و سەیری جل و بەرگەکانی دەکات و لچی هەڵدەهێنێتەوە و دەست دەکات بە گریان.

دالیا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە، لە منداڵێکی ساواوە بووە بە بوونەوەرێکی زرنگ، حەزی بە قەرەباڵغییە و جاروبار لە بەرخۆیەوە گۆرانی دەچڕێت، دیزاینی ماڵەکە فێربووە، دەزانێت شتەکانی خۆی لە کوێدان، هەروەها شوێنی شتەکانی ئێمەیش دەزانێت، ئەگەر هەر ئاڵوگۆڕێک لە شوێنی هەر شتێکدا بکەین، ئەو خێرا هەستی پێ دەکات، ئەگەر شتێکیش لە جێگای خۆیدا نەمابێت و نەیدۆزێتەوە، ئەوا توڕە دەبێت.

دەیەوێت بدوێت و هەموو هێزی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی قسە بکات، زمانی جەستە و ئەو زمانە ئاماژەییەی، کە گەشەی پێ کردووە، زیاتر و زیاتر بە کاری دەهێنێت. نایەوێت بچینە دەرەوە، لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوە و سەیری دەرەوە دەکات، لە پڕ دەستی بەرز دەکاتەوە، بە کوردییەکی ڕێک و ڕەوان دەڵێت:

«ساردە».

ئەمە یەکەمجارە وشەیەکی کوردی لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنێت. شتێکی سەیر نییە، لەم زستانە دوورودرێژ و بەستەڵەکەدا وشەی «ساردە» فێربێت، پێنج مانگە بەفر دەبارێت، بەڕۆژ دونیا تاریکە و دار و بەرد بەستوویەتی، هاوکات من هەر بە کوردی قسەی بۆ دەکەم، گۆرانی بۆ دەڵێم و ژیانی ڕۆژانەی هەردووکمان کوردییە.

ئێوارەیەکی درەنگ

بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتووین، سەیری هەواڵ و دەنگ و باس دەکەین، لە پڕ لیسا لە تەلەفزیۆنەکەوە دەردەکەوێت و ڕاپۆرت دەنێرێت. دالیا باڵ دەگرێت، لیسا لە تەلەفزیۆنەکەدا دەناسێتەوە و کاردانەوەیەکی بەهێزی هەیە و بە هەموو جەستەیەوە ئاماژە بۆ تەلەفزیۆنەکە دەکات و دەست دەکات بە گریان. خێرا تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنمەوە، ئەو زیاتر دەگری و لە باوەشم ڕادەکات، لە تەلەفزیۆنەکە دەچێتە پێشەوە، دەچێتە پشتی تەلەفزیۆنەکەوە و سەیر دەکات، لیسا نابینێت و نازانێت مەسەلە چییە؟!

نە وەهم و نە واقیع بۆ دالیا بوونی نییە، هەروەها وێنەیەکی مەجازیش هیچ مانایەکی نییە! ئەوەی بۆ ئەو واقیعە و دەیبینێت، لەوانەیە ئەندێشە و وێنەیەکی مەجازیش بێت. لیسا لێرە نییە و لێرەیشە، واقیعیشە و هەروەها ئەندێشەیش، ئەوەی دالیا لە تەلەفزیۆنەکەدا بینی داکییەتی، لیسایە بەو شێوەیەی ئەو دەیناسێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو نییە و تەنها وێنەیەکی مەجازییە و لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە، لەو ساتەی تیای وەستاوە و قسە دەکات و ڕاپۆرت دەنێرێت، بڵاو دەکرێتەوە. دالیا زەحمەتە لەمە بگات و بۆ دایکی دەگەڕێت!

٢/٢٥

ستۆکهۆڵم

ڕۆژەکەی خۆشە، بەفرەکە لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکێتەوە، چۆلەکە و باڵندەکان سەریان دەرهێناوە و لەسەر درەخت و سەربان و گوێسەبانەکاندا دەنیشنەوە، منداڵان لەناو بەفرەکەدا گەمە دەکەن و سەگەکانیش بە هاودەمی خاوەنەکانیان ڕادەکەن و لە بەفرەکەدا دەگەوزێن.

دالیا گرۆز بووە و بە هەموو شتێک دەگری، دوورکەوتنەوەی لیسا زۆری بۆ هێناوە؛ نایەوێت بچینە دەرەوە، لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوە دەکات و بە غەمباری بەناو ماڵەکەدا دێت و دەچێت. ئەمەیش ئەو پێوەندییە قووڵەی منداڵێکە لەگەڵ دایکی، هەر لەو ڕۆژەوەی لە دایک دەبێت، دروستی دەکات و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی، چ بۆ خۆی و چ بۆ دایکی، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەردەوام دەبێت.

هەشت و نیوی شەو

دالیا نووستوە، ژوورەکە بە تەواوی خامۆشە و منیش کتێبێکم بە دەستەوەیە و دەمەوێت بیخوێنمەوە، دێرێک لێرە و دێرێک لەوێ، خەیاڵم دەڕوات و لەوە تێناگەم، کە دەیخوێنمەوە. لە پڕ لە ژووری نووستنەکەوە هاوار لە دالیا بەرز دەبێتەوە، خەبەری دەبێتەوە، دەگری و هەموو گیانی ئارەقەیە و ڕوومەتەکانی گەرم داهاتوون، لەوە دەچێت خەون بینیبێت. بە پێچەوانەی شەوانی ترەوە نایەوێت بنوێتەوە، دەیهێنمە دەرەوە و لە تەنیشت خۆمەوە، وەک مرۆڤێکی گەورە دادەنیشێت.

لە پڕ گوێمان لە کردنەوەی دەرگای دەرەوە و سوڕاندنی کلیلەکەیە، لە کێلونی دەرگاکەدا دێت. دالیا سەرێک بەرز دەکاتەوە و گوێ ڕادەگرێت، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نییە. لیسا دێتە ژوورەوە، خێرا ڕادەکات بۆ لای دالیا و دەیەوێت بیگرێتە ئامێز، دالیا ڕوو وەردەگێڕێت، لیسا دەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات، دالیا وەڵام ناداتەوە. دالیا سەیری من دەکات و زەردەخەنەیەکی خۆشی هەموو سیمای دادەگرێت، بەڵام نایەوێت سەیری لیسا بکات.

دوای دە دەقیقە، لە پڕ ئامێز بۆ لیسا دەکاتەوە و چاوەکانی لە خۆشیدا دەکرێنەوە.

٣/٤

ستۆکهۆڵم

بەهار

دوو ڕۆژە نقە لە تەلەفۆنە دەستییەکەمەوە نەهاتووە، جاران بە بەردەوامی لەو شانۆیەی کارم دەکرد، لە قوتابییەکانمەوە، لە هاوڕێ و هاوکارەکانمەوە پێوەندیم پێوە دەکرا. دالیا لە دونیای گەورە بە تەواوی دایبڕیوم. یادی ئەو دونیایە دەکەمەوە، بیر لە شەوانی شانۆکان، سەفەری وڵاتان و شارەکان، بە تایبەتی کە بەرەبەیان دەکەوتمە ڕێ بۆ شارێکی تر و لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە، بە کتێبەکەی دەستمەوە، دەمڕوانییە دەرەوە، هەندێک جار سەوز و جوان و هەندێک جاری تریش بەفر و باران، دەکەمەوە.

لەگەڵ دونیاکەی دالیا کۆکم، ئەزموونێکی تازە و دەوڵەمەند، ڕاهاتوم و دونیا لە دیدێکی ترەوە دەبینم: هەنگاوەکانی دالیا،

گەورەبوون، هەستکردن بە دونیای من و دەوروبەرەکەی، بێگومان زمانیش. زمانی کوردی، لەگەڵ دارە دارەکەی، لەگەڵ بۆڵە بۆڵەکەی، لەگەڵ ڕاکە ڕاکەکەی، فێر دەبێت. دوو زمانی کوردی، یەکێکیان زمانی ئاخافتن، ئەویتریان زمانی جەستەی باوک و هەروەها زمانی سویدیش.

**نەسکێک**

لە سوێد، مەسەلەی مانەوەی دایک و باوک، بەدیار منداڵەکانیانەوە لە ماڵەوە ، پرسێکی گەورە و گرینگە. یاسای کۆمەڵایەتی و دارایی وا هەن، کە ئارامییەکی تەواو، بە تایبەتیش لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ خێزان دەستەبەر دەکات، تا بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ بە دیار منداڵەکانیانەوەبن. ئەم یاسایە لە ساڵی ١٩٧٤ەوە کاری پێدەکرێت، بەر لەم یاسایە دایک تەنها شەش مانگ بۆی هەبووە لە ماڵەوە، بە دیار منداڵە تازە لە دایکبووەکەیەوە بێت. ئەمرۆ ئەو شەش مانگە بۆتە دوو ساڵ، بە مووچەی تەواوەوە، ئەم کاتەیش دایک و باوک بەو شێوەیەی، کە لەگەڵ گوزەرانیان دەگونجێت، بە سەربەستی دەتوانن بەکاریبهێنن.

هەمیشە ئەم پرسانە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سوێددا دەبنە ململانێی سیاسی و بانگەشە و پروپاگەندەی پارتە سیاسییەکان. پرۆگرامێکی سیاسی بۆ خێزان و مانەوەی دایک و باوک لە ماڵەوە بە دیار منداڵەکانیانەوە، تا دەگاتە تەمەنی دوو ساڵی لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی هەموو پارتەکاندایە.

٣/٨

ستۆکهۆڵم

داڵیا بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژانی تردا زوو لە خەو هەستاوە، گرۆزە و بە بەردەوامی دەگری، نایەوێت هیچ بخوات و نایەڵێت بیگۆڕم. ناچاری دەکەم بچینە دەرەوە، نایەوێت لە عەرەبانەکەیدا دابنیشێت، دەمەوێت بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، ئەو نایەوێت بڕۆینەوە، هیچ شتێک بە دڵی ئەو نییە؛ توڕەیە، دەگری و لە دەستم ڕادەکات.

ڕۆژێکی سەختە، ئارەقەم دەرداوە و بە هیچ شێوەیەک بۆم نایەتە ژێر بار، ناچار دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتووین و توند دەمی نووقاندوە و نایەوێت هیچ بخوات. هەڵیدەگرم و لەناو جێگاکەیدا پاڵی دەخەم، لە چاوتروکانێکدا خەوی لێ دەکەوێت.

٣/١٦

ستۆکهۆڵم

بەفرەکە لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکێتەوە، هەرچەندە هەواکەی ساردە، بەڵام بەفرەکە چیتر بەرگەی مانەوە ناگرێت، سەرشەقام و لاڕێگا و سەر شۆستەکان، لێرە و لەوێ خەریکە دەردەکەون و بەفرەکە هێدی هێدی دەتوێتەوە. چەند هەنگاوێک لەولامانەوە، کۆمەڵێک منداڵی باخچەیەکی ساوایان، لەگەڵ مامۆستاکانیاندا لە بەفرەکەدا گەمە دەکەن. مامۆستاکان، یەکێکیان ئافرەتێکی گەنج و ئەویتریان قەیرەیەکە، بە دەوری منداڵەکاندا دەسوڕێنەوە، یارییان لەگەڵ دەکەن، یارمەتییان دەدەن، قسەیان لەگەڵ دەکەن، ڕێنماییان دەکەن و لە هەموو ئان و ساتێکدا ئامادەن

بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئەو پۆلە منداڵە. هەمووشیان لە تەمەنی دالیادان.

دالیا سەیریان دەکات، حەز دەکات بچێتە ناویانەوە، بە هێمنی لێیان دەچێتە پێشەوە و هەوڵ دەدات قسەیان لەگەڵ بکات و خۆی لەواندا دەبینێتەوە. مامۆستاکان منداڵەکان بە ئاڕاستەیەکی تردا دەبەن، دالیا دوایان دەکەوێت و دەیەوێت لەگەڵیان بڕوات، من پێشی لێ دەگرم و دەمەوێت بیخەمە ناو عەرەبانەکەیەوە، بەڵام توڕە دەبێت و قایل نابێت و بە دوای منداڵەکاندا دەگری.

یەکێک لە مامۆستاکانی ئەو باخچەی ساوایە، بۆی دەچەمێتەوە و بە زمانێکی شیرین و میهرەبان پێی دەڵێت، کە تۆ دەبێت لەگەڵ باوکت بڕۆیت. دالیا کۆڵ دەدات و پێشم دەکەوێت، بە جەستەیەکی پڕ لە وزەوە ڕادەکات، بەسەر قادرمەکاندا سەردەکەوێت و جار جار ئاوڕێکم لێ دەداتەوە.

ئەم دیمەنە بۆ ساتێک قوتابخانەکانی لای خۆمانم بیر دەخاتەوە، هیچ سیستێمێکی پەروەردەیی و پێداگۆگی پەیڕەو نە دەکرا، مامۆستاکانمان توندوتیژ بوون و سەرکۆنە دەکراین و زۆرجار بە شێوەیەکی نامرۆڤانە ئەشکەنجە دەدراین.

لە قۆناغی سەرەتایدا مامۆستایەکمان هەبوو، لە هەمان کاتدا یاریدەدەری بەڕێوبەریش بوو، مامۆستا (ش)ین؛ پیاوێکی کورتەبنە و خرپن، پێست سپی و چاویلکە لە چاو. مامۆستا (ش) هێندە چاوەکانی کزبوون، لە پشت چاویلکە ئەستورەکانیشییەوە چاوە بچووکە کزەکانی نەدەبینران.

ئەم مامۆستایە کەسێکی دڵ رەق و بێبەزەیی و توندوتیژ

بوو، به خراپی لێ دەدایین، بە ڕاستەیەکی پانی ئەستوری تەختە دەیکێشا بە پشتی دەست و سەری پەنجەکانماندا و مامەڵەیەکی توند و بێ بەزەییانەی لەگەڵ دەکردین. چەندین جار بە دارەکانی دەستی ئەم مامۆستایە پڕ بە دڵ گریاوم، جارێکیان لە ژێر دەستی ڕامکرد بۆ لای بەرێوبەری قوتابخانەکەمان، بە گریانەوە لەبەر دەم ژوورەکەیدا ڕاوەستام، ئەویش لە ژێر چاویلکەکەیەوە سەری بەرزکردەوە و بەدەم ڕەشکردنەوەی رووپەرەکەی بەردەمییەوە گوتی:

«ها چییە، چیت دەوێت؟»

«مامۆستا (ش) لێم دەدات.»

«هاتوویت شکات لە مامۆستاکەت بکەی، وا دیارە تێرت نەخواردووە، ڕاوەستە بۆم با منیش ئەوەندەی ترت لێ بدەم.»

جەنابی بەرێوبەر، لەبری ئەوەی گوێم لێ بگرێت و بزانێت دەڵێم چی و بۆچی لێیانم خواردوە، دەستی برد بۆ دارەکەی سەرمێزەکەی، منیش هەتا هێزم تیابوو لە ژوورەکەی ئەویش ڕامکردە دەرەوە.

لە ساڵی ۱۹۹۲ دا، دوای راپەرین و تێکچوونی بارودۆخی شار، ئێوارەیەکی تاریک، کە کارەبایش کوژابووەوە، لە یانەی فەرمانبەران، بە ڕێکەوت مامۆستا (ش)م بینی. من هەندێک مەست بووم، ئەویش لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا بە ڕێوەبوون بچنە دەرەوە، لێی چوومە پێشەوە، سڵاوم لێ کرد و ئەوەم هێنایەوە یادی، کە چەند مامۆستایەکی دڵ رەق و بێویژدان بووە.

ماmۆستا (ش) سڵی کردەوە، چاوە بچووکەکانی لە ژێر چاویلکە زەڕەبینە ئەستورەکانییەوە کرانەوە و ڕەنگی تێک چوو، یەکێک لە هاوڕێکانی خێرا هاتە قسە و بەرگری لێکرد و گوتی:

«ئەو مامۆستات بووە و وەک باوکت وابووە.»

«نەخێر، باوکم هەرگیز بەو شێوەیە ئازاری نەداوم، مامۆستا (ش) باوکم نەبوو.»

ئینجا ڕوومکردە مامۆستا (ش)، کە لە ترساندا بچووک بووبووەوە، بە زمانێکی شیرین و هێمن پێم گوت:

«مامۆستا گیان پێویست ناکات سڵ بکەیتەوە، من کەسێکی توندوتیژ نیم، تەنها دەمەوێت ئەوەت بێنمەوە یاد، کە تۆ مامۆستایەکی دڵ رەق بوویت، هیچ سۆزت نەبوو. شەو شاد.»

پشتم لێکردن و ڕۆیشتم.

٣/٢٠

ستۆکهۆڵم

تیشکی خۆرەکە شەڕەکە دەباتەوە، هێندە گەرمە بەفرەکەی تواندۆتەوە و کردویەتی بە بەفراو و شڵپەی پێی خەڵکی، ئاوازێکی ناسازی خوڵقاندووە. منداڵان لەناو ئەم ئەزبەریدەدا هەڵبەز و دابەزیانە و لەگەڵ هەر قاچکێشانێک بە ناو بەفرە تواوەکەدا، پێدەکەنن. من و دالیا دەڕۆین بۆ باخچەی میوە و لەوێ گەمە دەکەین. دالیا سواری جۆلانەیەکی لە تەمەنی خۆی گەورەتر دەبێت، جۆلانەکە هەرمێیەکی هەڵکۆڵراوە و بە شانازییەوە لەناویدا دانیشتوە، منیش پاڵی پێوە دەنێم و سەیری چوار دەورم دەکەم. باخچەکە پڕە لە منداڵ و گەورە، هەموو یاری دەکەن:

بە جۆلانە، سێوی سوورانەوە، مۆزی خلیسکێنە، پرتەقاڵی کورسی... هتد.

دالیا دەیەوێت بێتە خوارەوە، جۆلانەکە هەندێک لەوانیتر بەرزترە، چاوەڕوان ناکات و خۆی هەڵ دەدات، بە دەما دەکەوێتە بەفرەکەوە و هاواری لێ هەڵدەستێت، جۆلانەکەیش بەسەریدا دێت و دەچێت. خێرا جۆلانەکە ڕادەگرم، دالیا هەڵدەگرمەوە و دەیکەمە ئامێزمەوە، ئەو ژێر نابێتەوە، لەوە ناچێت ئازاری پێ گەیشتبێت، زیاتر کەوتنە خوارەوەکە ترساندویەتی.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ

پێکەوە دەچین بۆ ڕێستۆرانێکی نزیک ماڵی خۆمان، لەسەر کورسییەک لای خۆمەوە دادەنیشێت و بە هەموو شتێک پێ دەکەنێت. ئەمە یەکەمجارە تەنها من و دالیا پێکەوە بچین بۆ ڕێستۆران، هەر کەسێک دێتە ژوورەوە، ئەو سڵاوی لێ دەکات، هەر کەسێکیش دەڕواتە دەرەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت (هەدوو) واتا خوات لەگەڵ.

قاپ و قاچاخی خۆی لەبەر دەمدایە، هەردووکمان برسیمانە، دالیا درێغی ناکات لە بڵاو کردنەوە و تێکەڵاوکردنی خواردنەکان، کەوچک کەوچک نانەکە دەکەم بە دەمییەوە، ئەویش دەیەوێت بە کەوچکەکەی خۆی نان بکات بە دەمی منەوە.

٤/٢

ستۆکهۆڵم

تیشکی خۆرەکە بە نێو هەورەکەدا هاتۆتە دەرەوە و چەندان چەپکە تیشکی تری بڵاو کردۆتەوە و هێندە نزیکە،

دەڵێی خەریکە دێتە خوارەوە، گەرماکەی بە تینە و زەنگی وەرزێکی نوێی لێ داوە. ڕووبارەکەی نزیکمان بە توێژاڵێکی تەنکی بەفر، یان باشتر وایە بڵێم سەهۆڵ داپۆشراوە، ئەگەر مرۆڤ بە دیقەت تەماشای ناو ئاوەکە بکات، وردە ماسی و قەوزە و جیهانی ئەو دیو بەفرە بەستووەکە، جیهانی ناوەوەی ئاوەکە دەبینێت، دەڵێی حەوزی ماسییە و تۆ لەودیوەوە سەیری دەکەیت.

باڵندەی دەریا بە پۆل دەفرن و بە پۆل لەسەر ڕووبارە سەهۆڵینەکە دەنیشنەوە و بە دوای خۆراکدا دەگەڕێن. دوو (قو)ی سپی گەردن سووری گەورەیش، لە کەنارەکەوە بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆن و لەوە دەچێت ڕێگایان بزر کردبێت. ڕێبوار و خەڵکی ئەم ناوچەیە، لێرە و لەوێ ڕاوەستاون و وردە نانیان بۆ فڕێ دەدەنە خوارەوە، منداڵان بە حەپەساوییەوە سەیری دیمەنەکە دەکەن و قوەکانیش بە دوای وردە نانەکاندا باڵەفرەیانە و بە جووڵەیەکی خێرا ملە درێژەکانیان ئاڕاستەی پارچە نانەکان دەکەن و لە چاوتروکانێکدا قووتیان دەدەن.

دالیا بە کەنارە بەرزەکەدا لەگەڵ ڕەوت و ئاڕاستەی قوەکانی ناو ئاوەکەدا ڕادەکات، هەردوو دەستی بە چەشنی باڵی قوەکان بەرز دەکاتەوە و خەریکە خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەکەوە. ئەو ژنەی، کە لامانەوە ڕاوەستاوە و وردە نان و ناوە سەموون بۆ قوەکان فڕێ دەدات، سەیرێکی دالیا دەکات و بە سیمایەکی تەژی لە خەندە و میهرەبانییەوە، پارچەیەک لە سەموونەکەی دەستی خۆی دەدات بە لیسا، بۆ ئەوەی دالیا بۆ قوەکانی فڕێ بدات. لیسا پارچە سەموونەکە لەت لەت دەکات و دەیداتە دەست دالیا.

داليا بە هەموو هێزی خۆیەوە پارچە سەموونەکان بۆ قوەکان فڕێ دەدات، قسەیان لەگەڵ دەکات، چەپڵەیان بۆ لێ دەدات و هەندێک جار سەیرێکی ئێمەیش دەکات، کە قوەکانیش پەلاماری پارچە سەموونەکان دەدەن، داليا هێندەی تر باڵ دەگرێت، دەقریوێتەوە و بەرەو ڕوومان ڕادەکات و ئامێز بۆ من و لیسا دەکاتەوە. لیسا ناچارە و دەبێت بڕوات بۆ سەر کارەکەی، داليا دەگری بە دوایدا و من بە هەر شێوەیەک بێت ژێری دەکەمەوە.

٤/٣

ستۆکهۆڵم

بەیانی زوو خەبەرم دەبێتەوە، پەردەی پەنجەرەکان لادەبەم، بەفر بە تاو دەبارێت، سەرلەنوێ دەرەوە بە تەواوی سپی دەچێتەوە. ئەمە دوا شەڕی زستانە لەگەڵ بەهار دەیکات. داليا لە ئامێزمدا خەوی لێ کەوتووە، لەسەر جێگاکەی خۆی پاڵی دەخەم و پیاڵە چاکەم دەگرم بە دەستمەوە و بەبێزارییەوە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەی بەردەمم هەڵ دەدەمەوە.

بە درێژایی ڕۆژەکە بەفر دەبارێت، نە من و نە داليا، نامانەوێت بچینە دەرەوە و هەر لەماڵەوە دەمێنینەوە.

٦ بۆ ٤/١٠

داليا و لیسا سەفەر بۆ ناوچەی سکۆنە، لە سنووری دانیمارک بۆ ماڵی باپیری لیسا دەکەن.

٤/١٠

ستۆكهۆڵم

لیسا و دالیا دەگەڕێنەوە، دەچم بە دوایاندا. دالیا ماندووە، لەسەر جێگاکەی ئێمە خەوی لێ دەکەوێت.

من و لیسا لە هۆڵەکە دانیشتوین و قسە دەکەین، لە پڕ دالیا لە ژووری نووستنەکەوە دێتە دەرەوە، خەبەری بۆتەوە و خۆی بەبێ دەنگ و بەبێ ئەوەی بانگی ئێمە بکات دێتە دەرەوە. ئەمەیش یەکەمجارە، کە دالیا لە خەو هەڵدەستێت و خۆی بەبێ یارمەتی بێتە دەرەوە.

٤/١٨

ستۆكهۆڵم

هەرسێکمان، من و دالیا و لیسا بەپێ بەسەر (پردی لیلییەهۆڵم) دا، کە دەمان بەستێتەوە بەوبەری ناوجەرگەی شارەوە، دەپەڕینەوە. هەتاوە گەرمەکە بە تەواوی جێگای بە بەفر و سەرماکە لێژ کردووە. چۆلەکە و باڵندەکان کەوتونەتە جریوە جریو و ئەمەیش ئاماژەی هاتنی بە هارە. لە چیمەن و سەوزاییەکی گەورە و خۆشدا، عەرەبانەکەی دالیا ڕادەگرین. دالیا بە چیمەنەکەدا ڕادەکات، دەچێتە ناو ئاوە وەستاوەکانی سەر ڕێگاکەوە و شڵپوهوڕ دەکات. دواتر لەسەر بەردێکی گەورە پاڵ دەداتەوە، لە پڕ بەلانسی تێک دەچێت و بە دەمدا، بەسەر تاوێرە بەردێکی تردا دەکەوێت، لێوی و چەناگەی بریندار دەبێت. خوێن و فرمێسک و لیکی دەمی تێکەڵاو دەبێت و ئازارێکی زۆری پێدەگات.

**نەسکێک**

لە سوێد لێدانی منداڵ، بە زمانی خۆمان تەمێکردن، تاوانێکی گەورەیە و بە یاسا سزای ئەو کەسانە دەدرێت، کە لە منداڵ بدەن؛ مەترسی لێدانی منداڵ لەوەدایە، کە منداڵ لەو شوێنەی هەست بە ئارامی و ئاسودەیی دەکات، کە ماڵە (واتە، لە ماڵەوە)، تووشی لێدان و ئەشکەنجە و ترساندن بێت. ئەم کردارەیش ئەنجامی خراپی بۆ سەر دەروونی منداڵ و ئایندەیشی دەبێت، منداڵ لە ناو ماڵ و لەو تەمەنە ناسکەدا، بە هەموو شێوەیەک ئاڵودەی گەورەکانە و بەبێ یارمەتی ئەوان ناتوانێت بژی، لێدان و ئەشکەنجەدانی منداڵ، بە تایبەتی بە دەست دایک و باوک کاریگەرییەکی قووڵی نێگەتیفی بەسەر ئەو منداڵەوە دەبێت.

٤/٢٥

ستۆکهۆڵم

لەبەر هەتاوەکە ڕاکە ڕاکەمانە، دالیا لێرەوە ڕادەکات بۆ ئەوێ، گەمە دەکات و پارکەکەیش پڕە لە منداڵی تر؛ ئەو گەمەیەی تەنها مانگێک لەمەوبەر بەبێ یارمەتی من نەیدەتوانی بیانکات، یان ئەو مێزەی نەیدەتوانی پیایا هەڵگەڕێت، ئەمڕۆ بە ئاسانی و بە یارمەتییەکی کەم دەتوانێت بیانکات. کەی بێزاریش بوو، دەچێتە ناو عەرەبانەکەی و لێی دادەنیشێت، زمانیشی خەریکە بە تەواوی دەپژێت.

دالیا لەم ڕەوشەدا بۆ من، وەک ئەوە وایە، کە بیرم نەچێتەوە من خۆم کێم، یان منیش هەمان شت لەگەڵ ئەو بکەم، کە دایکم بە منداڵی لەگەڵ من کردوویەتی. بێگومان دایکم خستومییەتە ئامێزی خۆیەوە و لەسەر ڕانەکانی

دایناوم، منیش دەستم بۆ دەمی درێژ کردووە، وەک من چۆن دالیا دەخەمە سەر ئەژنۆم و ئەویش، وەک شتێکی سەیری دیبێت، دەست بۆ دەمم دەبات. وشە و ئەو زمانە کوردییەیشی، کە دەمەوێت دالیا فێری بێت، لە دەمی منەوە دێتە دەرەوە، لەوانەیە من خۆم هەر لەو کاتەوە، کە لە باوەشی دایکمدا بووم، لەوە گەیشتبم، کە وشەکان لە دەمی دایکمدان، لەوێوە دێنە دەرەوە. هەر لەو ئامێز و سەر ڕانی دایکمەوە، لە چاوەڕوانی ئەو زمانەدا بووم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان فێری دەبم و دەبێتە شووناسی من.

هیوادارم، دالیایش لە هەمان چاوەڕوانیدا بێت و زمانی کوردی، لە پاڵ زمانی سوێدیدا، ببێت بە شووناسی ئەویش.

٤/٢٧

ستۆکهۆڵم

جانتاکانمان بە کراوەیی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا داناوە، شتەکانمان بڵاو بۆتەوە و من و لیسا بە ناو ژوورەکاندا دێین و دەڕۆین و شت کۆدەکەینەوە: تەنها ئەوانەی زۆر گرینگن، جلی دالیا، خۆراک، دایبی، کتێبی منداڵان و هەندێک یاریش.

هەندێک جار لە پەنجەرەکانەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، هەتاوەکەی گەرمە، تیشکی خۆرەکە هاتۆتە ژوورەوە و کرێکارەکانیش لە دەرەوە کار دەکەن، شەقامەکە دەکەن بە ڕێگای پیادە تا ماشێنی پیا نەڕوات، درەخت دەڕوێنن، کورسی و مێزی پارکەکان دادەنێن و لە خۆئامادەکردنی هاویندان.

دالیا سەیرمان دەکات و هەستی بەوە کردووە شتێکی

نائاسایی، جووڵانەوەیەکی جیاواز و شپرزەییەک لە ئارادایە، شتەکانی من لە جانتاکەم دەردەهێنێت و خۆی دەچێتە ناوی و لێی دادەنیشێت، سەیرێکی من و لیسا دەکات و پێ دەکەنێت.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ بە جانتاکانمانەوە دێینە خوارەوە و بە تەکسییەک دەڕۆین بۆ فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی (ئارلەندا) و لەوێوە دەفڕین بۆ کوردستان. دالیا دەبەینەوە بۆ ئەو وڵاتەی، کە هەر هەموو خەڵکەکەی، وەکو باوکی بە کوردی قسە دەکەن.

نیوەشەو/سلێمانی

لە فرۆکەکە دێینە خوارەوە، شەوێکی ڕەش و دونیایەکی کشوماتە، هەوایەکی فێنک و خۆش هەڵیکردووە. دالیا بە ئامێزمەوە خەوی لێ کەوتووە، خەڵک بە ریز دێنە ناو هۆڵە بچووکە تاریکەکەی فرۆکەخانەی سلێمانییەوە. دالیا خەبەری دەبێتەوە، ماندووە، سەیرێکی چواردەوری خۆی دەکات و شوێنەکە بەلایەوە نامۆیە و هیچ شتێک ناناسێتەوە، دەست دەکات بە گریان و نایەوێت لە ئامێزم بێتە خوارەوە. پۆلیسە چاودێرەکان بە ڕێزەوە ڕێگامان بۆ دەکەنەوە، تا لە ریزەکە بێینە دەرەوە و بەر لە خەڵکەکە بچینە دەرەوە، خەڵکە خەواڵوەکەیش کە بە بێزاری لە ریزەکەدا وەستاون، بە چاوێکی ڕەزامەندییەوە تێمان دەڕوانن. لەو دیوەوە، بەو شەوە درەنگە، ئەرسەلان دەروێش، ئاشتی عوسمان دانش و کاک ئەنوەر قادر ڕەشید چاوەڕوانمانن.

خۆمان دەگەیەنینە هوتێلەکەمان. دالیا ئارام نابێتەوە، هەر دەگری و لە خەومان کردووە و نایەوێت بە هیچ شێوەیەک

له عەرەبانەکەی خۆی، کە لەگەڵ خۆمان هێناومانە، بێتە خوارەوە. لە عەرەبانەکەیدا، کە تاکە شتێکە دەیناسێتەوە و تاکە شوێنێکە تیایدا هەست بە ئارامی دەکات، خەوی لێ دەکەوێتەوە.

سەیرێکی کاتژمێرەکەم دەکەم، کات سێونیوی بەیانییە، لیسا بەر لەمن و منیش زۆر بە خێرایی، لە تاریکی ژوورەکەدا بزر دەبین و خەومان لێ دەکەوێت.

٥/٥

سلێمانی

نیوەشەوێکی درەنگ

من و لیسا و دالیا، لە بەردەرگای هوتێلەکەماندا ڕاوەستاوین و نامانەوێت بچینەوە سەرەوە، دونیا تاریکە و سێبەری شاخەکان لەنێو هەورە ڕەشەکەی ئاسماندا، لە دوورەوە، وەک تارماییەک دیارە. دوای ساتێک، بەبێ دەنگی دەچینە سەرەوە، دەرگای ژوورە تاریکەکەمان دەکەینەوە و هاڵاوێکی گەرم ڕێگا لە یەکەم هەنگاوی چوونە ژوورەوەمان دەگرێت. لیسا بە شێنەیی جانتاکانی بە تەواوی کۆدەکاتەوە و منیش لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستم و لەو تاریکییەدا سەیری سلێمانی دەکەم، دونیا بە تەواوی کشوماتە.

دالیا لە عەرەبانەکەی خۆیدا خەوی لێ کەوتوە، لیسا پاڵ بە عەرەبانەکەوە دەنێت و منیش جانتاکان هەڵدەگرم و دەچینە دەرەوە و دەرگاکە لە دوای خۆمانەوە دادەخەین. دێینە خوارەوە و دەڕۆین بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی.

خەڵکێکی زۆر لە تاریکییەکەی بەشی دەرەوەی دەروازەی فرۆکەخانەکە دا دەجووڵێنەوە، منداڵ دەگری، ماشێنەکان دێن و دەچن، خەڵک جانتاکانیان ڕادەکێشن، زەنگی تەلەفۆنی دەستی، کە لە تاریکییەکەدا و لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە، هێندەی تر پشێوییەکە زیاتر دەکات.

دالیا بە پێچەوانەی گەیشتنەکەمانەوە، لەم هات و هاوارەدا خەبەری نابێتەوە.

خۆمان دەگەیەنینە ناو هۆڵی چاوەڕوانی و بەردەمی سنووری چوونە ژوورەوە: هۆڵەکە زۆر گەورەیە و لەم شەوە درەنگەدا، گڵۆپەکان بە کزی دەسووتێن و توانای ڕووناککردنەوەی ئەم هۆڵە گەورەیەیان نییە. خەڵکێکی زۆر لە هەرا و زەنایەکی سەیردا پێکداچوون، هەندێک کەس بە شێوەیەکی خۆویستانە جگەرە دەکێشن و دووکەڵەکەی دەکەن بەسەروگوێلاکی ئێمەدا. جانتاکان لێرە و لەوێ، لەسەر کورسییەکان و لەسەر زەوی و لە هەموو شوێنێکدا ریزکراون، ژن و پیاو و منداڵ لەسەر کورسی دانیشتنەکان خەویان لێکەوتووە و منداڵی شیرەخۆرە دەگری.

کات دووی شەو، لیسا و دالیا دەچنە ئەودیوەوە، منیش لە دیوارە بەرزە شووشەییەکانی ئەم دیوەوە سەیریان دەکەم تا دەچنە ناو فرۆکەکەوە و لە چاو بزر دەبن. من چەند ڕۆژێکی تریش لە کوردستان دەمێنمەوە.

دالیا کۆتایی بە یەکەم گەشتی خۆی بۆ کوردستان دەهێنێت.

٥/١٠
ستۆکهۆڵم
بەرەبەیان
لە بەینی سنوورەکانی کاتدا دێم و دەچم و گێنگڵ دەدەم؛ شەوێکی درەنگ و بەرەبەیانییەکی تاریک و ڕوونە و کاتژمێر لە دەوروبەری پێنج دایە. ڕۆژێکی نوێ بەڕێوەیە و ئەمرۆیش وەک هەموو ڕۆژەکانی تر، هیچ شتێکی تایبەت ڕوونادات، ئەوەی ڕوویش دەدات، شتێکە بە چاو نابینرێت، بەڵکوو لە شوێنە نادیارەکاندا خۆی حەشار دەدات.
دالیا بە ئارامی لەلامەوە نووستوە، دەستێکی خستۆتە سەر ڕوومەتی و جارجارە هەناسەیەک هەڵدەکێشێت، ئەویش لە باوەشی خەودا لە چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێ دایە. بۆ ئەو، بە پێچەوانەی منەوە هەموو شتێک نوێیە.

٦/١
ستۆکهۆڵم

هاوین
لەگەڵ ٣٠ دایک و باوکی تر، بە ٣٠ عەرەبانەی منداڵانەوە، وەک سوپایەکی چەککراو، دەڕۆین بۆ باخچەی ئاژەڵان و پارکە گەورەکەی (سکانسن)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمەوە. ئەم سەیرانە کڵێساکەی گەرەکی خۆمان، بە بێ بەرامبەر ڕێکی خستوە و هەر ئەوانیش هەستاون بە ئامادەکردن و ڕێکخستن و بانگهێشتکردنی ئێمە و منداڵەکانمان.
هەتاوێکی خۆشە، ئاوەکە لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا

دەبریسکێتەوە و شەپۆلەکان لە باوەشی ڕەنگەکاندا، لەگەڵ کەنارەکان یاری دەکەن. وێنەی خەڵکی و سێبەر و ڕووناکی خۆرەکە، بەسەر دیوار و زەوییەکەوە فیلمێکی ڕەش و سپی بێدەنگی خولقاندووە، ئێمەیش هەموومان بووین بە پاڵەوانی ئەو فیلمە.

دەبێت لە بەندەری نێوەندی شارەوە بە پاپۆڕێکی بچووک بۆ ئەوبەری ئاوەکە بپەڕینەوە، بەڵام هەموو پاپۆڕەکان ڕاگیراون و هەموو جووڵەیەک لە ئاوەکەیشدا وەستێنراوە، ئامبولانس و کارمەندانی فریاگوزاری و نەخۆشخانە و پۆلیس ئەو ناوەیان تەنیوە، هێلیکۆپتەرێکیش بە نزمی بەسەر ئاوەکەوە وەستاوە و بە دەنگەکەی، باڵندە و نەورەسەکانی لەو ناوە پەرەوازە کردووە. خەڵکی بە درێژایی بەندەرەکە و کەناری دەریاکە، بە ڕیز و بە کۆمەڵ وەستاون و سەیری ئەو دوو مەلەوانە دەکەن، کە بەجلی تایبەتی ژێر ئاوکەوتن و ئامێری هەناسە دانەوە، جاروبار لە ئاوەکەوە سەر دەردەهێنن و دەچنەوە ژێر ئاوەکە.

هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت، کە پیاوێکی تەمەن چل ساڵان بە کەناری ئاوەکەدا ڕۆیشتوە، لە پڕ هاوسەنگی تێک چووە و بەبێ ئەوەی بتوانێت خۆی بگرێتەوە، قاچی ترازاوە و کەوتۆتە ناو ئاوەکەوە، هەر زوویش شەپۆلە توندەکانی هوروژمی ئاوەکە لوولیان داوە و بە بەرچاوی خەڵکییەوە، نووقم بووە.

دوای گەڕانێکی بێ ئەنجام، ڕێگای ئاوەکە دەکەنەوە و پاپۆڕەکان دەکەونەوە جووڵە، بە ڕیز لەگەڵ پاڵەپەستۆی خەڵکیدا دەچینە ناو پاپۆڕەکەوە و دەڕۆینە ئەوبەرەوە، ئاوەکە بەرزە و هەواکەی زۆر توند و بەهێزە، پاپۆڕەکە لە

باوەشی شەپۆلەکاندا جۆلانە دەکات و بەم لاو ئەولادا خۆی با دەدات، هەندێک جار لە پڕ شەپۆلێکی ئاو سەردەکەوێت و دێتە ناو پاپۆرەکەوە و ئێمەیش هەموومان بەم لاو ئەولادا دەسوڕێنێت.

لە بەرزاییەکی پارکەکەدا دادەنیشین، منداڵەکانمان لەناو عەرەبانەکانمان دا دەهێنینە دەرەوە و نان دەکەین بە دەمییانەوە، دالیا ڕەوشەکەی پێخۆشە، لەگەڵ منداڵانی تر گەمە دەکات و نایەوێت، یان فریای ئەوە ناکەوێت هیچ شتێک بخوات. دەچینە ناو باخچەی ئاژەڵانەوە، کە پڕە لە بەراز، مەڕوبزنی کێوی، قاز و مراوی، ڕێوی، ورچ، شێر و پڵنگ، ئەسپ، جوانوو، ئەسپی ئاویی، بەرانی گەورە، سمۆرە، تاوس و هەموو جۆرەکانی باڵندە... هتد.

دالیا بەم دیمەنانە سەرسامە، بەرەو ڕوویان ڕادەکات، دەیەوێت خۆی بە دیوارە تەختەکانیاندا هەڵبگەرێنێت و باوەشیان پیا بکات، بە دیقەت سەیریان دەکات و قسەیان لەگەڵ دەکات، لە هەموو شتێک زیاتر بە تاوس و سەگڵاوەکان (سەگی ئاوی) سەرسامە، بەبێ دەنگ بە دیاریانەوە دادەنیشێت و واقی وڕماوە. هەتاوەکە گەرمتر و ڕێژەی خەڵکەکەیش زیاتر و زیاتر دەبێت، بە شێوەیەک بە ئاسانی ناتوانین بچینە بەردەم کولانە و شوێنە تایبەتەکانی ئاژەڵ و باڵندەکان. دالیا ماندووبوونی پێوە دیارە، هەرچەندە بینینی سمۆرەکان هێندەی تر دڵی خۆش دەکات، بە ڕاڕەو و پێپلکانەکانی شوێنی سمۆرەکاندا ڕادەکات و دەیەوێت بە دەست بیانگرێت، بەڵام سمۆرەکان لە دالیا خێراترن و بە کلکەلەقێ چاوشارکێیەکی خۆشی لەگەڵ دەکەن.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ دێینە دەرەوە و دەگەینە سەرشەقامە سەرەکییەکە، کە بەرەو دەروازەکانی دەرەوە دەمانبات، دالیا خۆی بە عەرەبانەکەیدا هەڵدەواسێت، منیش یارمەتی دەدەم و دەیخەمە ناو عەرەبانەکەیەوە، بۆ ئەوەی هەتاوەکەیش نەدات لە چاوی، پاڵ دەداتەوە. لە چاوتروکانێکدا، بەبێ دەنگ لە ئامێزی ماندووبووندا خەوی لێ دەکەوێت.

٦/٥

خانیا/کرێتا

ئێوارەیەکی درەنگ، لە فرۆکەخانەیەکی بچووک، کە بە بەرزاییەکەوە، لە ئامێزی کۆمەڵە چیایەکدا، وەک قارچک هەڵتۆقیوە، دادەبەزین. هەورێکی خۆڵەمێشی ڕەشباو چۆکی بەسەر ترۆپکی چیاکاندا داداوە و بەری ئاسمان و ئەو ڕووناکییە کەمەی بە ئاسمانەوە ماوە، گرتووە و ڕووناکییەکە بە تەواوی لە هەورەکەدا خنکاوە. لە فرۆکەکە دێینە خوارەوە و شاخەکان بە قنجی بەرامبەرمان وەستاون، دالیایش توند بە دەستەکانی خۆی بە شان و ملمدا هەڵواسیوە، هەر وەک ئەوەی بزانێت، کە بە شوێنەکە نامۆیە.

بە پاسێکی کۆن و بە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا دەگەینە هۆڵە چۆڵ و تاریکەکەی فرۆکەخانەکە و پاش ماوەیەک جانتاکانمان وەردەگرینەوە و لەبەری ئەودیوی فرۆکەخانەکەوە، لە دەرگایەکی ترەوە دەچینە دەرەوە و بە تاکسییەک دەڕۆین بۆ هوتێلەکەمان، لە ناو شاری خانیا. هەرکە دەچینە ناو تاکسییەکەوە، شۆفێرەکە بە ئینگلیزییەکی

ڕەوان و بەبێ گرێ دەکەوێتە قسە و ڕاستەوخۆ دەڵێت:
«ئاگاداربن، شارەکەمان پڕە لە پەناهەندەی نایاسایی، کە لە مەغریب، ئەلبانیا، کۆسۆڤۆ و عێراق–ەوە هاتوون و هەموویان دز و جەردەن و باش چاودێری جانتا و شتەکانتان بکەن؛ ئەمانە لە تورکیاوە هاتون و تورکیایش دژی ئێمە کارئاسانییان بۆ دەکات، تا بگەنە ئێرە.»
من، کە لە پێشەوە و لە تەنیشت کاکی شۆفێرەوە دانیشتوم، بەبێ دەنگی سەیری دەرەوە دەکەم، دالیا لە باوەشی لیسادا خەیاڵ بردوویەتییەوە، پەنجەرەکەی لای خۆم دادەخەم بۆ ئەوەی ڕێگا لە هەوا گەرمەکە بگرم و شۆفێرەکەیش باش گوێی لە قسەکانم بێت، ئینجا بە تۆنێکی گاڵتەئامێزەوە دەڵێم:
«براله ئێره سەرەتای شارستانییەکانە و هەموو کولتووری ئەورووپا لێرەوە دەستی پێ کردووە، ئێستا وڵاتەکەتان تووشی قەیران و گەندەڵییەکی کوشندە هاتووە و خەریکە بە تەواوی نابووت دەبێت، تۆ لەو بڕوایە دایت تەنها ئەو پەناهەندە نایاساییانەی باست کردن، دز و جەردەبن.»
شۆفێرەکە، بە لاچاوێک سەیرم دەکات، هیچ وەڵامێکم ناداتەوە و لە بری ئەوە دەنگی ریکۆردی ماشێنەکەی، کە گۆرانی یۆنانی دەڵێت، بەرز دەکاتەوە. من بە پرسیارێکی تر شۆفێرە گەنجەکەمان دەهێنمەوە قسە!
«ئەرێ هیچ مێنۆمێنتێکی تایبەت بە کازانتزاکی لێرە هەیە؟»
«نەخێر، هیچ جێگا نزرگەیەکی کازانتزاکی لێرە نییە، بەڵام گۆرەکەی و مۆزەخانەکەی لە شاری هێراکیۆن–ە و لێرەوە هێندە دوور نییە، ئەگەر بتەوێت دەتوانی بە ئاسانی سەردانی بکەیت.»

جاروبار به کوردی، هەر بۆ ئەوەی شۆفێرەکەمان سەخڵەت بکەم، بانگی دالیا دەکەم، کە لە پشتەوە لە ئامێزی لیسادا کڕ بووە، هەست دەکەم کاکی شۆفێر دەیەوێت لە دەستمان ڕزگاری بێت، بەبێ دەنگی و زۆر بە خێرایی تاکسییەکەی دەهاژوێت.

٦/٧

خانیا

دالیا لە عەرەبانەکەیدا دانیشتووە، سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی دەکات و بە وردی چاودێری دەوروبەرەکەی و جووڵەی خەڵکی دەکات. شارەکە قەرەباڵغە، ڕێگای خۆمان لەنێو کۆڵان و شەقامە کورتەکان و کەناری دەریاکەدا دەدۆزینەوە، هەموو شارەکەیش لە ڕۆخی دەریایەکی گەورەدا ڕۆنراوە و بە شێوەیەکی بازنەیی، شەقامێکی پان دەریا و شارەکە لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

کۆڵانی تەسکی باریک، یەک بە دوای یەکدا، بە تەنیشت یەکترییەوە و بەسەر یەکترەوە، لە ڕۆخی دەریاکەوە، لە بەندەرەکانەوە بۆ سەرەوە بەرز بوونەتەوە. بەو کۆڵانانەدا بەبێ پلان، بۆ خوارەوە و بۆ سەرەوە، بە دەستە ڕاستدا و بە دەستە چەپدا، دێن و دەڕۆین، تا لەبەردەمی دووکانێکدا دەوەستین، گەرماکە تەنگی بە هەمووومان هەڵچنیوە، دالیا تینوویەتی، ماندووە و تیشکی ڕۆژەکە شپرزەی کردووە.

دەچینە دووکانەکەوە، کوڕێکی باریکەلەی ڕەشتاڵەی کورتەباڵا، کە هەر لە تەمەنی خۆمدایە، لە پشت مێزەکەوە ڕاوەستاوە، جگەرە دەکێشێت و مشتەرییەکانی رایی دەکات. بە دەم کرینی میوە و شەربەتەوە، بە ئینگلیزییەکی ڕەوان

لەگەڵمان دەکەوێتە قسەکردن، جاروبار ئافرەتێکی پیر، پیاوێک، ژنێک بە منداڵێکەوە دێنە ژوورەوە، دووکاندارەکە هەموویان ڕایدەکات.

جگەرەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێت، شتەکانمان بۆ دەخاتە زەرفێکی کاغەزەوە و بە شەرمەوە لێمان دەپرسێت، خەڵکی کوێین؟

«سوێد» لیسا وەڵامی دەداتەوە.

منیش ڕوی تێ دەکەم و دەڵێم:

«من کوردم، بەڵام لە سوێد دەژیم و ئەم کچە بچووکەیش کچی منە.»

«کوردی چ پارچەیەکیت؟»

«کوردی عێراق، باشووری کوردستان.»

«برالە بەخێرهاتن، ئەز کوردم، کوردی باکوور و ئەوە بیست ساڵە لێرە دەژیم، ناوم (عەلی)یە.»

ئەم برادەرە بەهۆی کاری سیاسییەوە، بەر لە بیست ساڵ لە تورکیاوە، کەوتۆتە ئێرە و گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان بووە، لە ژیانی یۆنان بێزارە و بە هەستێکی پڕ لە نائومێدییەوە، ڕووی دەمم تێ دەکات و دەڵێت:

«ژیان لێرە سەختە، یۆنانییەکان ڕەگەزپەرستن و لایەنە فەرمی و بەرپرسیارەکانیش کاسبیمان پێوە دەکەن، من تا ئێستا ڕەگەزنامەی ئەم وڵاتەم وەرنەگرتووە و ناسنامەی پەناهەندەیم هەیە و ناتوانم بە هیچ لایەکدا بڕۆم، بە کورتیەکەی وەک دەست بەسەر وام.»

دەستی دالیام گرتووە، بە شەقامە سەرەولێژەکەدا دێینە خوارەوە و بیر لە چارەنووسی (عەلی) دەکەمەوە، بیست

ساڵ تەمەنێکە، بیست ساڵ لە شوێنێکدا بەریتە سەر و هیچ مافێک، هیچ بەهایەکت نەبێت و وەک پەناهەندە بژیت!

دەگەینە گۆڕەپانی شارەکە، منداڵێکی تەنیا، کە لە قەرەجەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەچێت، کە هەتاوەکە هەموو سیمای سووتاندوە، ئۆکۆردیۆنێکی گەورەی بەسەر سنگە بچووکەکەیدا هەڵواسیوە، سەرە بچکۆلەکەیشی، کە هەر لە وێنەیەک دەچێت بە کەتیرە بە ئۆکۆردیۆنەکەوە هەڵواسرابێت. ملی لە پشتەوە بەرز دەکاتەوە، گوێ ناداتە گەرماکە و بە بەردەوامی مۆسیقایەکی ناشاز دەژەنێت، بەو هیوایەی برە پارەیەکی دەست بکەوێت.

دالیا ئەم دیمەنە سەرنجی ڕادەکێشێت و بەدیار ئەم کوڕێژگەوە وەستاوە و بە قووڵی سەرنجی لێ دەدات و گوێی بۆ مۆسیقاکەی ڕاگرتووە، هێدی هێدی جەستەی دەجووڵێنێتەوە و ئێمەی لە بیرچۆتەوە. هەندێک پارەی وردە لە گیرفانم دەردەهێنم، دالیا بە ئاگادێنمەوە و پارەکان دەخەمە چنگە بچکۆلەکەیەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی دەکات، پارەکە فڕێ دەداتە ناو ئەو سەبەتە چڵکنەی بەردەمی کوڕەکە، کە بۆ پارە کۆکردنەوە دایناوە و ڕادەکاتەوە بۆ لای ئێمە.

دالیا ڕادەکێشم و دەڕۆین، بیر لە (عەلی) دووکاندار، ئەو کوردە پەڕەوازەیە دەکەمەوە، تەماشایەکی تری ئەو منداڵە بێلانەیەش دەکەم و لە چاوتروکانێکدا، بە قووڵی لە بوونی خۆم دەڕوانم و دەستەکانی دالیا لە ناو دەستی خۆمدا دەگوشم.

٦/١١

خانیا

شتەکانمان کۆدەکەینەوە و ماشێنێک بە کرێ دەگرین و بەرەو ناوچە شاخاوییەکان دەکەوینە ڕێ، گەرما بەتینەکە و ناو ماشێنەکە دالیا هەراسان دەکەن؛ دالیا خاو بۆتەوە و وەک مریشکێکی نەخۆش چاوی بۆ هەڵنایەت. بۆیە، هەر کەمێک دوای بەڕێکەوتنمان، خەوی لێ دەکەوێت، ماشێنەکەیش گەرماکە دەبڕێت و بە شەقامە پێچاوپێچەکاندا، بەسەر چیاکاندا سەردەکەوێت. شەقامەکان تەسکن، جاری وا هەیە لە پڕ لە پێچێکدا ڕوومان دەبێت بە ڕووی ماشێنێکی ترەوە، بۆیە، خێرا دەوەستین یا پێچ دەکەینەوە یاخود دەگەڕێینەوە دواوە. دالیا خەبەری دەبێتەوە، سەر و قژی لەنێو ئارەقەدا شەڵاڵ بووە، ئاو دەکەم بە دەمییەوە، دەم و چاوی دەسڕم، کە دەشگەینە سەر چیاکە، ماشێنەکە ڕادەوەستێنین و دێینە دەرەوە و هەوایەکی پاک لە هەر چوار لاوە فێنکمان دەکاتەوە، دالیا لە خۆشیدا خۆی بە باوەشمەوە گرمۆڵە دەکات.

چیاکان زۆر بڵندن، شیو و دۆڵەکان تا بڵێی قووڵن و لە سێبەری چیاکان زیاتر هیچ شتێکی تر نابینرێت، ناوێرین بچینە پێشەوە، نەوەک دەستێکی خواوەند پاڵێکمان پێوە بنێت و بۆ هەتایە ببین بە بەشێک لەو سروشتە جوانە. دەچینەوە ناو ماشێنەکەمان و دەڕۆین، تا دەگەینە گوێ دەریایەکی تا بڵێی گەورە؛ شین، هێندە شین لە ئاسۆوە تێکەڵاوی ئاسمان بووە. کامیان دەریاکەیە و کامیان ئاسمانە، هەردووکیان شین و لە پێکداچوونێکی ئەفسونیدا تێکەڵاو بوون و مرۆڤ وا هەست دەکات، کە لەیەک کاتدا لەسەر زەوییە و لە ناو

ئاسمانیشدایە، نازانین دەریاکە لە کوێدا تەواو دەبێت و ئاسمان لە کوێدا دەست پێ دەکات.

دالیا بەبێ ترس، بەرەو ئاوەکە ڕادەکات و دەیەوێت، وەک ماسییەک بە بنی ئاوەکەدا بڕوات، مەلە بکات و ئامێز بۆ سروشت بگرێتەوە. لیسا و دالیا دەچنە دەریاکەوە، لەگەڵ ئاسمان و لە ناو ئاوەکەدا دەبن بەیەک، منیش لە دوورەوە سەیریان دەکەم.

٦/١٥

خانیا

یەکێک لە گرفتەکانمان لە ساڵی یەکەمی تەمەنی دالیادا، ماشێن بوو. هەر سواری ماشێن دەبووین و دالیامان لەسەر کورسییە تایبەتییەکەی خۆی دادەنا و دەمانبەستەوە، تا دەگەیشتینە شوێنی مەبەست، دەگریا و هاواری دەکرد، هەرچەندە من هەمیشە لە تەنیشتییەوە دادەنیشتم، بە هەموو شێوەیەک یاریم لەگەڵ دەکرد، گۆرانیم بۆ دەوت و یارییەکانیم دەدایە دەست، بێ ئەنجام دەبوو. زۆرجار ناچار دەبووین کورتە ڕێگایەک بە چەند قۆناخێک ببڕین و تا بشکرایە ماشێنمان بۆ هاتوچۆ بەکار نەدەهێنا. ئێستا ئەو قۆناخەی تێپەڕاندوە، بە پێچەوانەوەیە و پێی خۆشە سواری ماشێن بێت، کە ماشێنێک دەبینێت دەستی بەرز دەکاتەوە و پێ دەکەنێت.

بەیانی بەرچاییەکەمان دەخۆین، بۆ ئەوەی بەر لە گەرماکەیش بگرین، زوو بەر لە خۆر هەڵاتن، بەو ماشێنەی بەکرێمان گرتوە، بەرەو شاری (ڕێتیمنۆن)، کە سەعات و نیوێک لە هوتێلەکەمانەوە دوورە دەکەوینە ڕێ. دالیا هەر

زوو لەسەر کورسییەکەی خۆی خەوی لێ دەکەوێت.
ڕێگاکە زۆر جوانە، ئەم بەر و ئەوبەر بە گوڵی سوور و سپی ڕازاوەتەوە، لای دەستە ڕاست چیاکان لە دوورەوە دیارن و گوندەکانیش لە ئامێزی دارستانەکاندا سەریان دەرهێناوە و بە دەستە چەپیشدا، تا چاو بڕ بکات دەریاکە خۆی بڵاو کردۆتەوە. قەڵایەکی گەورە بەسەر بەرزاییەکەوە دیارە و بە ڕێگایەکی باریکی لە بەرد دروستکراوی دێرین دا، سەردەکەوین تا لە دەروازەی قەڵاکە دەچینە ژوورەوە، کە پاشماوەی ڤینسیاییەکانە و دوای ئەوانیش تورکەکان داگیریان کردووە. هەرکە تورکەکان دەست دەگرن بەسەر شارەکە و ئەم قەڵایەدا، مزگەوتێکی تیا دەکەنەوە و کۆمەڵێک تۆپیش بە سەر بەرزاییەکانەوە، ڕووەو شارەکە دادەبەستن.
کات دەوروبەری نیوەڕۆیە، گەرماکەی لەوەدانییە، دالیا دێت و دەچێت، لیسا ماندووە و لە بەردەرگای مزگەوتەکەدا، کە سێبەرە و فێنکیشە، دادەنیشێت؛ دالیا لای لیسا دەمێنێتەوە و منیش ڕادەکەم و چەندێک فریا بکەوم سەیری ئاسەوارەکانی قەڵاکە دەکەم.

نیوەڕۆ
لە بەشە کۆنەکەی شاردا، سێ فوارەی ئاو، کە لە شێوەی سەری شێردایە، بە نزمییەوە بە دیوارێکەوەن و ئاوێکی فێنکیان لێوە دێت؛ دالیا دەستەکانی ڕادەکێشێت، بە پەلەپەل پێڵاوەکانی دادەکەنێت و خۆی دەداتە بەر ئاوەکە. من یارمەتی دەدەم، دەچینە سەر لێواری حەوزە بچووکەکەی بەردەمی فوارەکان و دەم و چاوی بەو ئاوە ساردە فێنک دەکەمەوە، دالیا وەک چۆلەکەیەکی تینو، بە مشتە بچووکەکانی ئاوەکە

دەخواتەوە و هەموو جل و گیانی تەڕ تەڕ دەکات. هەتاوەکە هێندە گەرمە، خێرا جلەکانی وشک دەبێتەوە، دێینەوە لای قاوەخانەیەکەوە و دالیا لە عەرەبانەکەی خۆیدا پاڵ دەخەین، هەر دوای یەک دوو هەنگاو ڕێگاکردن خەوی لێ دەکەوێت.

گەرماکە زۆرمان بۆ دێنێت، دالیا خەبەری نابێتەوە، ئێمەیش کۆڵدەدەین و بەرەو ماشێنەکە دەڕۆین و دەگەڕێینەوە بۆ هۆتێلەکەمان.

٦/١٧

خانیا

هەتاوەکە بە شاقوولی بەسەر شەقامەکەدا شۆڕبۆتەوە، کۆتر و باڵندەی سەرشەقامەکان بە دەنگی ماتۆڕ و ماشێنەکان دەترسن و دەفڕن بۆ سەر شوێنە بەرزەکان، منیش پاڵ بە عەرەبانەکەوە دەنێم و هەرچۆنێک بێت خۆم دەگەیەنمە سێبەرەکەی ئەوبەرەوە. گەرماکە دالیای بە تەواوی بێزار کردووە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەیەوێت بە دوای کۆترەکانی سەرشەقامەکەدا ڕابکات.

٦/١٩

خانیا

کازیوەی بەرەبەیانە، دالیا نووستوە و من و لیسا کەل و پەلەکانمان کۆدەکەینەوە و جانتاکانمان ئامادە دەکەین بۆ ڕۆیشتنەوە. بێدەنگییەکی ڕەها، لە بانیژەی ژوورەکەمانەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، دەریا گەورەکەی بەر پەنجەرەکەمان بە هێمنی بڵاو بۆتەوە و چاوەڕوانی ئاسمانە بێتە خوارەوە، تا پێکەوە ڕۆژێکی ترمان بۆ بخوڵقێنن. دالیا

خەبەری دەبێتەوە، ئەویش دێتە بانیژەکە بۆ لای من و بەبێ جووڵە سەیری ئاوەکە دەکات؛ مێشوولە دەم و چاوی خواردوە، وەک سورێژە هەموو سیمای بووە بە پەڵەی سوور و بەردەوام دەیخورێنێت.

هەر زوو بەو ماشێنەی بە کرێمان گرتوە و بەرلەوەی هەتاوە گەرمەکە دەربکەوێت، لە شار دەچینە دەرەوە، دالیا لە دواوە دانیشتووە، چاوەکانی بڕیوەتە ئاسۆ دوور و نادیارەکان و لە ڕەوشێکی بێدەنگدایە، جارجار دەم و چاوی دەخورێنێت و بێدەنگییەکە، بە هاوار و گریانێک تێک دەشکێنێت. دەم و چاوی دەکوزێتەوە و جێگای گازی مێشوولەکان، گەورەتر بوون و زیاتر سوور هەڵگەڕاون.

بەرەو شارۆچکەی (ستافرۆس) دەڕۆین، کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری (خانیا)، بەڵام نزیک (فرۆکەخانەی نیکۆس کازانتزاکیسی نێودەوڵەتی) کرێتایە. ڕێگاکە بە کەناری دەریا و دەریاچەکاندا درێژ بۆتەوە، شاخە بەرزەکانیش ملیان بۆ زەردەی هەتاوەکە شۆڕ کردووە و بە پاڵ دەریاچەکانەوە بەرز بوونەتەوە و لەنێو دەریاکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. بە شەقامەکانی شارۆچکە بچووکەکەی ستافرۆس، تا کەناری دەریاکە دێنە خوارەوە، ڕەشەبایە، هەتاوەکەی گەرمە و خۆڵ و تۆزەکەیش بە سیما ئارەقاوییەکانمانەوە نووساوە.

دالیا و لیسا ڕادەکەنە ناو ئاوەکەوە، یاری دەکەن و منیش لەسەر کورسییەک دادەنیشم و سەیریان دەکەم و لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا خەو دەمباتەوە.

بەرەو ئێوارە

خۆمان کۆدەکەینەوە و بەرەو فرۆکەخانەکەمان دەڕۆین، لیسا بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا ماشێنەکە لێدەخوڕێت، ئەو ڕێگایەی پیایدا دەڕۆین، ناناسینەوە و ناشتوانین بگەڕێینەوە. لیسا شپرزەیە و منیش لە بەرخۆمەوە، زوو زوو دەڵێم «ئێمە لێرەوە نەهاتین!»

لە پڕ تابلۆیەکی ڕێگاوبان دەبینین، کە بە ئاڕاستەی فرۆکەخانەکەدا ڕێنمایمان دەکات، ئەو ڕێگایەیش، کە بە هەڵە پیایدا ڕۆیشتووین، هەڵە نییە و ڕاستەوخۆ، بە ماوەیەکی کەم دەچێتەوە سەر فرۆکەخانەکە.

**نەسکێک**

دالیا لەم دوو ساڵەی تەمەنیدا، جگە لە زمانی کوردی و سوێدی، چەندان جار و بەهۆی ئێمەوە کەوتۆتە هەلومەرجێکەوە، کە بە ئینگلیزی، نەرویژی، ئەڵمانی، کرواتی و یۆنانی قسە کراوە. زۆرجار مانای وشەکان تێدەگات، بەڵام ناتوانێت بەکاریان بهێنێت، هەندێک جاریش لەخۆوە، وشەی نوێ لە شوێنی خۆیدا بەکار دەهێنێت، ئەمە جگە لەوەی بە ئاشکرا دەتوانێت جیاوازی لە چۆنێتی بەکار هێنانی هەردوو زمانەکەدا بکات.

٦/٢٢

ستۆکهۆڵم

چاویلکەکەم لەسەر مێزەکە دادەنێم، خۆم گێل دەکەم و ئەملا و ئەولا بۆی دەگەڕێم، دالیا سەیرم دەکات. ڕووی تێدەکەم و دەڵێم:

«دالیا کوا چاویلکەکەی بابە؟»
دالیا بە جووڵەیەکی خێرا، کە هەموو جەستەی بەکاردەهێنێت، ئاماژەیەکی سەر مێزەکە دەکات و دەڵێت:
«ئەتا!»

٧/١٣
ستۆکهۆڵم
هەورێکی قورس بەری ئاسمانی گرتووە، دونیا کش و ماتە و درەختەکان بەبێ جووڵە، بە کزی وەستاون و تاو نا تاوێکیش چەند دڵۆپە بارانێکی نەرم دەبارێت. دالیا دەخەمە عەرەبانەکەیەوە و پێکەوە دەڕۆین بۆ یەکێک لە کەنارە نزیکەکانی ناوچەکەمان. سەدان کەس بە ڕووتی پاڵکەوتوون، ژن و پیاو و منداڵ لە ئاوەکەدا مەلە دەکەن و شلْپ و هوڕیانە.
گەرماکە زۆر بە تینە، هەڵم لە شەقامەکان هەڵدەستێت و بەپێی ڕاپۆرتی کەشناسی، سوێد سەد ساڵە گەرمای وای بە خۆوە نەدیوە؛ هەموو ڕۆژنامەکان ڕاپۆرت لەسەر گەرماکە بڵاو دەکەنەوە، ئاماژە بۆ شوێنی مەلە و حەوانەوە دەکەن و ئاگاداری خەڵکی دەکەنەوە، کە زۆر لەبەر هەتاوەکەدا نەمێننەوە و کرێمی تایبەتی دژەخۆریش بەکاربهێنن، بە تایبەتیش منداڵ لە بەر تیشکی خۆر دووربخەنەوە.
شوێنی ڕۆیشتن نەماوە، گەرماکە زۆری بۆ خەڵکەکە هێناوە و هەر بستە زەوییەک بۆتە شوێنی حەوانەوەی خەڵکی: هەندێک لەبەر هەتاوەکە نووستون، چەندانی تر لەولاترەوە کتێب و ڕۆژنامە دەخوێننەوە، هەندێکی تر بە تەلەفۆنە دەستییەکانیان چرپە چرپیانە، هەشە نان دەخوات.

ئەم ڕۆژە ڕۆژی دڵدارەکانیشە، لەبەر ئەم گەرمایە خۆیان ڕووت کردۆتەوە و سەریان ناوە بەسەری یەکترییەوە، قسە دەکەن و هەندێک جار ماچێکی سوێر دەکەن و پشت دەکەنە هەتاوەکە و لە ئامێزی یەکتریدا دەبنە دوورگەیەکی پڕ لە عیشق و خۆشەویستی. بەشێکی زۆریش، وەک من، لەگەڵ منداڵەکانیان لە ناو ئاوەکەدا یاری دەکەن.

دالیا لە کەناری ئاوەکە جوتێ پێڵاوی سووری بچووکی لاستیک هەڵدەگرێتەوە و دەیکاتە پێی، هەوڵ دەدەم تێیبگەیەنم، کە ئەوە هی ئەو نییە و بۆی نییە پێڵاوی کەسی تر لە پێ بکات. ئافرەتێکی سوور و سپی، گەنج، چاو شین و کاڵ، کە بەم گەرمایە پانتۆڵ و کراسی قۆڵدرێژی لە بەردایە و بە تەواوی سەروقژی بە دەستوری ئیسلامی پێچاوەتەوە، بە دەمێکی پڕ لە خەندە و ڕوویەکی خۆشەوە لێم دێتە پێشەوە و دەڵێت:

«وازی لێ بێنە با لە پێی بکات.»

«سوپاس، ئەوە هی کچەکەی تۆیە؟»

«کوڕەکەم! هی کوڕەکەمە.»

«ببورە. تەمەنی چەندە؟»

«هەفتەی ڕابردوو دووساڵی پڕ کردۆتەوە.»

«دالیای کچی من دوو هەفتەی تر، دوو ساڵ پڕ دەکاتەوە.»

«دالیا! چ ناوێکی خۆشە.»

«ئەی کوڕەکەی تۆ ناوی چییە؟»

«ئادەم.»

«ئادەمیش، وەک دالیا فێری دوو زمان دەبێت.»

«ئۆی، دوو زمان نا، هیوادارم فێری چوار زمان بێت.»

«چوار زمان!»

«ئا، بەڵێ. من خۆم خەڵکی پۆڵۆنیام، مێردەکەم ئێرانییە و لە ماڵیشەوە بە ئینگلیزی قسە دەکەین.»

ئەو خانمە خێرا ئەوەیشم بۆ دووپات دەکاتەوە، کە ئادەمی کوڕی بە هەر چوار زمانەکە، «فارسی، پۆڵۆنی، ئینگلیزی و سوێدی» لە هەموو شتێک دەگات.

دالیا لە خۆشیدا ئاگای لە من نییە، ڕادەکاتە ئاوەکەوە و دێتەوە دەرەوە، هەندێک جار شەپۆلی توڕە بە خێرایی بەرەو رۆخی ڕووبارەکە دێت، دالیا لە ترساندا لەگەڵ شەپۆلە توڕەکاندا ڕادەکاتە دەرەوە، کە ئاوڕ دەداتەوە و شەپۆلەکان گەڕاونەتەوە و ئاوەکە چۆتەوە دۆخی خۆی، سەیرێکی من دەکات و بە پێکەنینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئاوەکە.

٧/٢٠

ستۆکهۆڵم

سێبەری چڵ و پۆپی درەختەکان لەسەر زەوییەکە بڵاوبوونەتەوە و چەندان وێنە و فیگۆریان دروستکردوە، کە شنەباکە درەختەکان دەجوڵێنێت، سێبەرەکانیشیان، بە چەشنی شانۆی سێبەری خەیاڵ، لەسەر زەوییەکە دەکەونە سەما. دالیا پاڵ بە پاسکیلەکەیەوە دەنێت و هەندێک جار دەیەوێت سێبەری گەڵاکان هەڵبگرێتەوە، پاسکیلەکەی هەڵدەگرم و یارمەتی دەدەم تا بە قادرمە تەختەکاندا سەربکەوین بۆ ناو پارکەکە.

ئافرەتێکی رووخۆش بە کچەکەیەوە لێمان نزیک دەبێتەوە، کچەکەی پێنج مانگە و لە دالیا زۆر بچووکترە، دالیا ئامێز بۆ منداڵەکە دەکاتەوە و سەیرێکی من دەکات و دەڵێت:

(بەبە!)

ئافرەتەکە لە بەردەمی دالیادا بە چیچکانەوە دادەنیشێت و لێی دەپرسێت:
(تۆ ناوت چییە؟)
دالیا هەر خێرا دەستبەجێ دەڵێت (دالیا). ئەمە یەکەمجارە دالیا ئاوا بە ڕەوانی و خێرا و ڕاستەوخۆ ناوی خۆی دەڵێت، هەستێکی خۆش هەموو گیانم دەگرێتەوە و دالیا ئەوەم پیشان دەدات، کە دەزانێت ئەو کێیە، ئەمەیش یەکەم هەنگاوە بۆ خۆناسین و دروستکردنی شووناسی تایبەتی خۆی لە ئایندەدا.
دالیا تاکو ئێستا نە من و نە لیسای بە ناوی خۆمانەوە بانگ نەکردووە، هەرچەندە هەوڵمان داوە ئەوەی فێر بکەین، کە من (دانا)م ناوە و دایکیشی (لیسا)، بەڵام ناوی هەندێک لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانمان فێربووە و بە ناوی خۆیانەوە بانگیان دەکات. من و لیسا هەر (بابە و دایە)ین و ئێمە بۆ ئەو دانا و لیسا نین و بەو شێوەیەیش نامانبینێت. ئەمەیش ئەو پێوەندییە ڕۆحییەیە، کە جگەرگۆشەیەک لەگەڵ دایک و باوکی، لە دەرەوەی هەموو جۆرە ناو و نازناو و شووناسێکەوە دروستی دەکات، پێوەندییەک، کە لە ئایندەدا هەموو ژیان، یان بەشێکی گەورەی ژیانی لەسەر ڕۆدەنرێت.

٧/٢٣
ستۆکهۆڵم
بە پێی کاتی سکپڕبوون و ڕاپۆرتی نەخۆشخانەی منداڵان و خشتەی مامان و مانگەکان، دەبوایە دالیا لەم ڕۆژەدا لەدایک ببووایە، بەڵام دوانزە ڕۆژ لە کاتی دیاریکراوی خۆی دواکەوت.

ئێستایش ئەو ڕۆژەم لە یادە، لەگەڵ لیسا لە ڕێگای کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆنێکی تایبەتییەوە سەیری منداڵەکەمان لە سکی دا کرد: دەستەکانی بەرز کردبووەوە و قاچەکانی خستبووە سەر یەک، هەر وەک ئەوەی پاڵی دابێتەوە و ڕۆژنامە بخوێنێتەوە.

لیسا لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوتووە، من لەلایەوە دانیشتووم و دەستم خستۆتە ناو دەستییەوە و سەیری ئەو بوونەوەرە دەکەین، کە لەگەڵماندایە و لێرەیش نییە، ئەو بونەوەرەی لەوبەری مەرزەکانی دونیاوە وەستاوە و بەڕێگاوەیە بۆ دونیاکەی ئێمە. ئێمە لێرە و ئەو لەوێ، لە جەستە و هەناوی کەسێکی تردا، لە جەستەی لیسادا، مرۆڤە و مرۆڤیش نییە!

٧/٣١

ستۆکهۆڵم

ماشێنەکەمان لە گەراجە گەورەکەی دەرەوە ڕاگرتووە، لیسا لە دەرەوەیە و دالیایش لە باوەشی مندا، کە لە پشتەوەی ماشێنەکەدا دانیشتووم، نووستووە. هەورەکە لە جامی پێشەوەی ئەو ماشێنەی ڕووبەرووی ئێمە وەستاوە، دیارە و وەک شاشەی سینەما، لەم سەری جامەکەوە دەچێت بۆ ئەو سەر. ناو ماشێنەکە گەرمە، هەرچۆنێک بێت بەبێ ئەوەی بهێڵم دالیا لە باوەشم دا خەبەری بێتەوە، دەرگاکەی لای خۆم دەکەمەوە و هەوایەکی فێنکی خۆش دێتە ژوورەوە.

بە قووڵی سەیری دەموچاو و روخساری دالیا دەکەم و لەگەڵ ڕەوتی هەورەکە دەڕۆم. ئەم دوو ساڵەی تەمەنی

دالیا، وەک شریتێکی سینەما دێتەوە بەرچاوم. لەنێو ئەم دێرانەیشدا، کە دەیانووسم چیرۆکێک خۆی حەشار داوە، چیرۆکی ساڵێکی تەمەنی دالیا لەگەڵ من، یاداشتەکانی هەردووکمان. ئەم چیرۆکە بە بێدەنگی لەنێو ژوورەکاندا، پارک و شوێنە گشتییەکاندا دەژی، هاوکات هەستیش دەکەم بە شێوەیەکی زیکزاک لەسەر ڕووپەری دەفتەرەکەی بەردەمم دەجووڵێتەوە و سەرلەنوێ دەژێتەوە. ئەوەی ناوترێت، لەنێو دێڕ و دوو توێی لاپەڕەکاندا، لەو ژوورەی بە دیار گەشەی منداڵەکەمەوە دانیشتووم، لە بێدەنگیدا، لە ڕۆژەکاندا، هەفتەکان و تا ساڵێک، لەگەڵ مندا لە ئێستا و ئایندەیشدا، لە پەیڤێکی بەردەوامدایە.

٨/٣

ستۆکهۆڵم/گۆتلاند

لە ناوچەی (سێودەرتالیا)وە بە کەشتی دەڕۆین بۆ دوورگەی (گۆتلاند)، گەشتیارێکی ئێجگار زۆر بە ریز وەستاون، ماشێنەکان لە لایەکی ترەوە و بە ڕێگایەکی تایبەتی دەچنە ناوەوە، هەموو شتێک بە پێی پلان و بە ڕێکوپێکی ڕەوتی خۆی وەرگرتوە. دەچینە ژوورەوە بۆ ناو کەشتیەکە، دەچینە سەرەوە و بە زەحمەت، لەبەر قەرەباڵغی و هات و هاوار و گەورەیی شوێنەکە، جێگای دانیشتنەکانمان دەدۆزینەوە. لە پەنجەرە گەورەکانەوە، دەریاکە بەبێ سنوور بە هەر چوار لادا بڵاو بووەتەوە. باران نمەنم دەبارێت و هەڵمی هەوا ساردەکەی دەرەوە، لە پشت پەنجەرەکانەوە، دەریاکە لە وێنەیەکی تەڵخدا بزر دەکات. کەشتییەکە بە تیژی ئاوەکە دەبڕێت و بە هێزێکی

گەورە دەریاکە دەشڵەژێنێت و چەندان شەپۆلی گەورە و بچووک لە دوای خۆیەوە دروست دەکات و کەفێکی سپی گەورەیش هێدی هێدی لەگەڵ دوورکەوتنەوەی کەشتییەکەدا، لە ئاوەکەدا دیار نامێنێت.

دەگەینە گۆتلاند، بارانێکی بەخوڕ، بە تەرزەوە دەبارێت و ڕۆژەکە بۆتە شەوێکی تاریک و ماشێنەکەمان، لەبەر بەرزی ئاوەکە و بارانە بەردەوامەکە، وەکوو کەشتییەکی سەرئاو دەجووڵێتەوە. هەرچۆنێک بێت دەگەینە ئەو ماڵەی بە کرێمان گرتووە، بارانەکەیش بەردەوامە و بە ڕاکردن شتەکانمان دادەگرین. دالیا دەکەمە باوەشم و دەیبەمە ژوورەوە.

بەر لە کردنەوەی جانتاکانمان، مۆمەکان بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی دالیا دادەگیرسێنم، هەرسێکمان بە دیارییەوە دەوەستین و گۆرانی بۆ دەڵێین، لەم ساتەدا، لەگەڵ ئەم بارانە زۆرەدا و بە دیار ئەو دوو مۆمەوە دالیا دوو ساڵی تەمەنی تەواو دەکات.

بەر لە دوو ساڵ

لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیرێکی دەرەوە دەکەم، ڕارەو و ژوورەکانی تر بە چواردەوری باخچەیەکدا درێژبوونەتەوە، گلۆپی ژوورەکان بە کزی دەسووتێن و هاوار و قیژەی ئەو ئافرەتانەی، کە منداڵیان دەبێت، دێتە بەرگوێم. لیسایش ژان دەیگرێت، هاوار دەکات، ئارەقە دەکاتەوە، خۆی گرژ دەکات، سەرلەنوێ ژان دەیگرێتەوە، زیاتر و زیاتر ئارەقە دەکاتەوە، زیاتر خۆی گرژ دەکات و دەگری. چەندان ئامێر،کە هەموویان لەسەر مێزەکان دانراون و کاردەکەن، هەندێکیان بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون و

گڵۆپە سەوز و سوورەکانیان داگیرساون، هەندێک جار پرتە پرتیانە و دەکوژێنەوە و دادەگیرسێنەوە. پزیشک و مامان و بەردەستەکانیش نیوە بازنەیەکیان بە دەوری قەرەوێڵەکەی لیسا دروستکردووە، هەندێک جار دەمامکی گاز و هەناسەوەرگرتنەکە دەکەنە دەموچاوی تا بتوانێت بە شێوەیەکی باش هەناسە بدات. ئەوەی لە هەموو شتێک بەلامەوە سەیرترە، ئەوەیە، بەهۆی ئەو ئامێرانەوە، کە بەکاری دەهێنن، گوێمان لە ترپەی دڵی منداڵەکەیە. هەموو گەردوون بۆ من لەم چرکەساتەدا، لەم ژوورەدا چر بۆتەوە و تەنها من و لیسا بە دیار یەکترییەوە بوونمان هەیە و لە چاوەڕوانیداین؛ چاوەڕوانییەکی تەژی لە ژان و خۆشی.

دالیا لەدایکبوو.

من و دالیایان لە ژوورەکە دا بە تەنیا بەجێهێشت و لیسایان برد بۆ ژووری نەشتەرگەری. سەیرێکی تری دەرەوە دەکەم، دونیا بە تەواوی تاریک داهاتووە، بارانیش نمەنمە دەبارێت. دالیا هەڵدەگرم و لە ئامێزی دەگرم، ساتەوەختێکی باش سەیری چاوەکانی دەکەم، لەسەر جێگاکە دایدەنێمەوە و بە دیارییەوە دادەنیشم.

تەمەنی کچەکەم تەنها چەند کاتژمێرێکە، بە چڕی سەیرم دەکات، دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و یەکە یەکە پەنجەکانی، هەروەک ئەوەی تاقییان بکاتەوە، دەجووڵێنێت، سەیریان دەکات، منیش بە وردی سەیری جووڵەی دەست و مەچەک و پەنجەکانی دەکەم، چاوەکانی زیتە و لەگەڵ جووڵەی پەنجەکانی دەیانجووڵێنێت. بەسەری پەنجەکانم قژە ڕەشە نەرمە درێژەکەی لەسەر ناوچەوانی لادەبەم، سێبەری

پەنجەکانم بەر دەم و چاوی دەکەوێت، خێرا چاوەکانی، وەک ئەوەی بیەوێت بە دوای سێبەرەکەدا بگەڕێت، دەگێڕێت. بە بێدەنگی سەیرم دەکات، چاو ناتروکێنێت و هەروەک ئەوەی بیەوێت شتێکم پێ بڵێت و نەهێنییەکم بۆ بگێڕێتەوە.

ژوورەکە بە تەواوی بێدەنگە، لەبەر ئەوەی دالیا تازە لەدایک بووە و چاوەکانی بە ڕووناکی ڕانەهاتوون، هەموو گڵۆپەکان بە کزی دەسوتێن و ڕەنگی زەردی گڵۆپەکە هێندە کزە توانای ڕووناکردنەوەی ژوورەکەی نییە. دەستە بچووکەکانی دەخەمە دەستمەوە، لەسەر چۆک لە بەردەمیدا دادەنیشم و چاو دەبڕمە چاوەکانییەوە، ئەویش وەک ئەوەی تێم بگات، بەبێ ئەوەی بگری، بەبێ ئەوەی نوزەی لێوەبێت و بەبێ ئەوەی بۆ ساتێکیش چاوەکانی بجووڵێنێت، سەیرم دەکات.

دونیا کشوماتە و من و کچەکەم، کە هێندە نابێت لەدایک بووە، بە تەنها لە ژوورێکی نیمچە تاریک و ڕووندا پێکەوە چەند کاتژمێرێک دەبەینە سەر، ساتێکی تایبەتی و خەونێکی خۆش، وەک ئەوەی زەمەن بە تەواوی وەستا بێت. ئەم کاتە، ئەم بێدەنگییە، ئەم پەیڤە بێ دەنگەی نێوانمان، بناغەی یەکەم پێوەندیی لەنێوان من و دالیا دارشت.

دوو ساڵ لەمەوبەر، لەم ساتەدا دالیا لە کاتژمێری حەوت و نیوی ئێوارە لە نەخۆشخانەی (سوێدەر) لە بەشی منداڵان لە ستۆکهۆڵم لەدایک بوو، ئەو نەخۆشخانەیە هەستێکی تایبەتی لا دروستکردم و خستمییە شوێنێکەوە لە دەرەوەی هەموو کات و شوێنێکەوە و ڕووبەرووی زەمەنێکی وەستاوی تری کردمەوە. من لەو بڕوایەدام، هەموو ئەو

کەسانەی وەک من بۆ یەکەمجار دێنە ئەم شوێنە و یەکەم منداڵیان دەبێت، دەزانین کە چووینە دەرەوە، ئیتر مەحاڵە جارێکی تر ببینەوە بە کەسەکەی جاران! من ئەو کەسەی دوێنێ نیم!

لەخەوما
خانووەکان لەنێو دەریاکانەوە
هەڵکشابوون
کچە بچووکەکەم گەورە بوو بوو
بەڵام من
منداڵم نەبوو

ئەم پارچە شیعرەم بە دە دوانزە ساڵێک بەر لە دایک بوونی دالیا، بە سوێدی نووسیوە.

**نەسکێک**

کچەکەم لەسەر کورسییەک دانیشتوە، من لەوێدا و لە شوێنێکی تایبەت درێژ کراوم، ئەو سەیرم دەکات، چەندان ساڵ تێپەڕیون و من چیتر لێرە نیم. ئێمە زۆرجار لەوەوبەر، بە تایبەتیش ئەو ساتەی کچەکەمی تیا لەدایک بوو، بە تەنیا پێکەوە بووین. ئەم پێکەوەبوونەی ئێستامان دەبێتە دواجار؛ کچەکەم تەماشای کاتژمێرەکەی دەکات، نازانێت چۆن ماڵئاواییم لێ بکات. لە پڕ بڕیار دەدات، کە هەر چرکەیەک مرۆڤ تیایدا غەمبارە، بووەستێت، لەبەر ئەوەی کچەکەم نازانێت چۆن دوا ماڵ ئاوایی لە من بکات؟

٨/١٧

ستۆکهۆڵم

له بانیژەکەمان لەسەر کورسییەکی تەختەی هاوینە دانیشتووم و سەیری شەقامەکەی خوارەوە دەکەم، چەند منداڵێک لەگەڵ دایک و باوکیان لە پارکەکەی بەرامبەرمان گەمە دەکەن، ڕادەکەن بە دوای یەکتریدا، سواری جۆلانەکان دەبن و لە سندوقی لمەکەدا کۆشک و تەلار دروست دەکەن.

ئەم دیمەنە یادەوەرییەکانی ئەم ساڵەم لا زیندوو دەکاتەوە؛ ساڵێکە من و دالیا شەو و ڕۆژ پێکەوەین، ساڵێکە بە بەفر و بە باران، بە هاوین و زستان ڕۆژگار تێ دەپەڕێنین، تەنها بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئەم مرۆڤە بچکۆلەیە بە تەواوی بناسم!

سبەی ژیانێکی تر، سەرەتایەکی تر لە ژیانی هەردووکمانە: من دەگەڕێمەوە بۆ ژیانە ئاساییەکەی خۆم، بۆ کارەکەم و بۆ ناو هاوکارەکانم، دالیایش ژیانی پراکتیکی خۆی، بە تەنیا دەست پێدەکات و دەیدەینە دەست چارەنووسی خۆی.

سبەی یەکەم ڕۆژی باخچەی ساوایانە و دالیا بۆ یەکەمجار، بە تەنیا ڕووبەڕووی ژیانی خۆی دەبێتەوە. لەو نامەیەی، کە لە باخچەی ساوایانەوە بە دەستمان گەیشتووە، نووسراوە (دەستپێکردن و چوونە باخچەی ساوایان گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە ژیانی منداڵەکەتدا، ئێستا لە دەرەوەی ماڵەوە، منداڵەکەت دەبێتە ئەندامی گروپێکی منداڵانی باخچەی ساوایان، لەبەر ئەوە گرینگە بەر لە دەستپێکردن منداڵەکەت ئامادە بکەیت بۆ ئەم گۆڕانکاریانە، بێگومان ئەمەیش لە ڕێگای ئەوەوە، کە باسی باخچەی ساوایانی بۆ بکەیت).

دالیا بە ئاگام دەهێنێتەوە، دەستم دەگرێت و بەدەم ڕاکێشانەوە پێم دەڵێت:

(هەستە، هەستە).

هەڵدەستمە سەرپێ، بەرەو دەرگاکەی دەرەوە دوای دەکەوم، ئاماژەیەک بۆ دەرگاکە دەکات و دەڵێت:

(برۆین).

دەیخەمە عەرەبانەکەیەوە، دەچینە دەرەوە و دەرگاکە بە دوای خۆماندا دادەخەین.

٨/١٨

ستۆکهۆڵم

دالیا دەگۆڕم. دەستی دەگرم و پێکەوە دێینە خوارەوە، پێدەکەنێت و دڵی خۆشە؛ ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی باخچەی ساوایان و دەستپێکی ژیانێکی ترە.

لە دەرگای باخچەی ساوایان دەچینە پێشەوە، دەچینە ژوورەوە، لە ڕارەوی خانووبەرەکەدا، پێش چوونە ژوورەوە، بە هەموو زمانێک، لە نێویشیاندا زمانی کوردی، بە خەتێکی گەورە نووسراوە (بەخێربێن)! دەچینە ژوورەوە و لەناو منداڵەکانی تر و لەگەڵ مامۆستاکانیاندا بەجێی دەهێڵم، چەند هەنگاوێک دەڕۆم و لە پڕ ڕادەوەستم، ئاوڕێک دەدەمەوە و سەیرێکی دالیا دەکەم؛ لەنێو منداڵەکاندا ڕاوەستاوە، ئەویش من دەبینێت و سەیرێکم دەکات. دەستێکی ماڵئاوایی لێ بەرز دەکەمەوە، ئەویش دەستە بچووکەکانی خۆی بەرز دەکاتەوە، لەوانەیە بیەوێت پێم بڵێت، بابە مەڕۆ و بەجێم مەهێڵە، لەوانەیشە بڵێت، برۆ، من لێرەم و ناترسم، لەگەڵ ئەم منداڵانە یاری دەکەم، بەڵام زوو وەرەوە بە شوێنمدا!

هەردوکمان بە چوار چاوی کراوە و دوو دەمی پڕ لە

بزەوە سەیری یەک دەکەین، ماچێکی بە هەوادا بۆ دەنێرم و دەرۆمە دەرەوە.

لەسەر شەقامەکە بە تەنیا دەوەستم، سەیرێکی دەرگای باخچەی ساوایانەکە دەکەم، دڵم پڕە لە هەستێکی جودا و تایبەتی، دەستەکانم دەخەمە گیرفانەکانمەوە و بەو شەقامەی ڕۆژانە لەگەڵ دالیا پیایدا دەڕۆیشتین، دەڕۆمە خوارەوە. دەنگی منداڵانی باخچەی ساوایانیش لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

## نامەیەک بۆ دالیای کچم
دوای یاداشتەکان!

کچەکەم
من هەر زوو ئەو بڕیارەم دا، کە لەسەرەتای تەمەنتەوە، وەک دایکت بەشداربم لە پەروەردەکردنتدا، لە هەڵگرتنی بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی و واز لە هەموو شتێک هێنان، تەنها بۆ ئەوەی لەگەڵتۆ بم.

کە تۆ لەدایک بوویت، من هیچ شتێکم سەبارەت بە کەسایەتی تۆ نەدەزانی، لەگەڵ ئەوەیشدا، هەستێکی تەژی لە خۆشەویستی و لە خۆشی هەموو گیان و جەستەی گرتبوومەوە. کە لەدایک بوویت، بەبێ ویستی خۆم گریام، فرمێسکەکان بە چاومدا هاتنە خوارەوە، چونکە شتێکی لە ڕادەبەدەر گەورە ڕوویدا! هەموو لەدایکبوونێک شتێکی لە ڕادەبەدەر مەزنە، خوڵقاندنی مرۆڤێکە، موجیزەیە؛ موجیزەیەک هەموو شتێک بەلای خۆیدا و بۆ خۆی ڕادەکێشێت، وەک ئەوەی کێشی هەموو دونیا لەو ساتە و لەو چەند کاتژمێرەدا کۆبێتەوە.

کچۆڵەکەم، دەزانی تۆ بەر لە لەدایکبوونت چیت کرد و چ گۆڕانکارییەکت لە ژیانی مندا کرد؟ لەوانەیە من بە درێژایی

تەمەنم، بەندی خودی خۆم بووبم، ئێستا تۆ هاتیتە ژیانمەوە و هەموو دەرگاکانت کردەوە، دەزانی بەر لە لەدایکبوونی تۆ واقیعی ژیانی خۆم و چواردەورەکەم تەنها بە شێوەیەک دەبینی و هەر لەو دیدەیشەوە، ئەوەی دەمکرد، دەمکردن، بەڵام ئێستا لە چاوی تۆوە و لە بوونی تۆوە، شتەکان دەبینم. هیچ هەنگاوێکم لە دەرەوەی خۆمەوە نەدەنا و ئەو ئەگەرانەی ترم نەدەبینی، یان بە مانایەکی تر جۆرەکانی تری واقیع لە دەرەوەی (من)ەوە، تا بزانم ئەو واقیعەی من مامەڵەی لەگەڵ دەکەم تەنها یەک واقیعە، یەک ڕێگایە و چەندان واقیع و ڕێگای تر هەن، کە دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکەیت و ژیانیش ڕێچکەیەکی تر وەربگرێت و ئەزموونەکانیش لەگەڵ هەموو جۆرەکانی واقیعە جیاوازەکاندا دەوڵەمەنتربن. تۆ هەموو ئەم شتانەت بۆ من کرد.

من، هەر لەو ڕۆژەوە، کە تۆ هاتیتە دونیاوە و شەو و ڕۆژم لەگەڵ تۆدا بەسەر بردووە، چوومە نێو واقیعێکی تر، واقیعێکی ترم، لە دەرەوەی خودی خۆم، لە دەرەوەی ئەو واقیعەوەی بۆ خۆمم دەستنیشان کردبوو، بینی و هەستم پێکرد. هەر بۆیە ئەم ڕۆژژمێرەیشم نووسی. من دەمەوێت ئەو ڕۆژانەمان لە بیربێت، من و هەروەها تۆیش، لێرەوە دونیات پیشان بدەم، هەروەک خۆی، ئەو ڕۆژانەی پێکەوە بووین، شەو و ڕۆژ و هەمیشە، کە ئەمەیش دەکەم، خۆیشم دونیا بە شێوەیەکی تر و ژیانی ڕۆژانەیش بە جۆرێکی تر دەبینم.

دەکرێت مرۆڤێک چەندان ژیانی هەبێت، یان چەندان شێوازی گێڕانەوەمان بۆ ژیان هەبێت و ئەمەیش ژیان

دەگۆڕێت و دەیکات بە شێوازی جیاواز و چەندان ژیانی تر؛ لەوانەیشە هەمان ژیان بێت و لەوانەیشە هەمان ژیان لەنێو وشە و دێر و مانای ڕستەکانەوە خۆیان حەشار دابێت. ئەم یاداشتانەی من و تۆیش دەکرێت جۆرێک بێت لە گێڕانەوەی دوو ژیان، هاوکات، دوور نییە دووبارەکردنەوەیەکی شتەکان، یا خاڵێکی بچووک و چیرۆکێکی تەواو نەکراو، لەنێو چیرۆکە دوور و درێژە سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆژگار دا بێت، کە هەڵبەت ئێمەیش هەمووومان بەشێکین لەو چیرۆکانە.

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩
١١-شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠
١٢-لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠
١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠
١٤-تەرمیناڵ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١
١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣
١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤
١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤
١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥
١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥
٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥
٢١-تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٢-لاش نۆرێن، هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٣-ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧

**بە سوێدی**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١